دێمۆکراسی بۆ ئێـــران      خودموختاری بۆ کوردستـــان

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران
١٥ی جۆزەردانی ١٣٨٢ | ٥ی ژوئەنی ٢٠٠٣ | ژمارە ٣٦٦ | ١٥٠ تمەن

## ڕۆژی یەکی ژوئەن لە منداڵانی کوردستان پیرۆز بێ



منداڵانی ئەمڕۆ، بنیاتنەرانی کۆمەڵی داهـاتوون. هـەرچی ئـەمڕۆ بـۆ پـەروەردەکردنی هەرچی باشتری ئەوان بیکەین، بە هەر ڕادەیەك مشووری دابین کردنی پێداویستی‌یە روحــی‌و جیسمی‌یەکانیان بخۆین، پتر خزمەتمان بە داهاتووی کۆمەڵگەی ئینسانی کردوە.

دیاریکردنی ١ی ژوئەن (١١ی جۆزەردان) وەك ڕۆژی نێونەتەوەیی منداڵان، هـەنگاوێکی گرنگە بۆ ئاوڕدانەوە لە ژیــان‌و پێویستی‌یەکانی دابـین کردنـی هەلومـەرجێکی باشـتر بـۆ پەروەردە کردنی منداڵان. "کوردستان" وەك هەمیشە لەسەر پێویستیی ڕەچـاوکردن‌و دابـین کردنـی مافـەکانی منـداڵان لەلایـەن بنەماڵـەو کۆمـەڵو دامـەزراوو نـاوەندە دەوڵـەتی‌و نادەوڵەتی‌یەکان پێدادەگرێ‌و بە بۆنەی یەکی ژوئەنەوە، چەپکە گوڵی پیرۆزبایی پێشکێشـی منداڵانی کوردستان بەتایبەتی‌و هەموو منداڵانی جیهان دەکا.

## ئەگەر ئەو عەقڵە لە هەروا لە تاران حاکم بێ!

نووسـینی نامـەی سـەرئاوەڵا لـە لایـەن کەسـایەتی‌یە سیاسی‌و فەرهەنگی‌یــە ناڕازی‌یـەکانی ئـێران بـە مەبەسـتی ڕاکێشانی سەرنجی دەسەڵاتبەدەستانی وڵات بـۆ لای ئاکـامی سیاسەت‌و کردەوەی سەرەڕۆیانەیان، شـتێکی تـازە نیـە. لـە ماوەی دوو دەیە دەسەڵاتدارەتیی کۆمـاری ئیسـلامی‌دا، زۆر لە کەسایەتی‌یەکانی نێوخۆی ئـێران، لـە ڕووی دڵسـۆزی بـۆ ماف‌و ئازادی‌یەکانی وڵات‌و هێندێکیـان تەنانـەت لـە ڕووی دڵسۆزی بۆ داهاتوو و مانــەوەی ئـەو ڕێژیمـەوە، لـەو جـۆرە نامانـەیان بـۆ دەسـەڵاتدارانی ئەسـڵیی کۆمـاری ئیسـلامی نووسیوەو زۆربەی زۆریشیان، ئاکامە تاڵەکانی ئەو کـارە پـڕ مەترسـی‌یەیان لـــەخۆیان گرتـــوە. ژمـــارەی ئـــەو جـــۆرە کەسایەتی‌یانەش کە "بـەو تاوانـە" دەستبەسـەر و زینـدانـی کـراون، یـا لـە زینـدان داو دوای زینـدان لـەنێو بـراون، یـا بێحورمـــەتیی زۆریـــان پـــێکراوەو ســـادەترین مـــافی هاونیشتمانەتییان لـێزەوت کراوە، کەم‌نین.

بـەڵام نـەك هـەر ژمـارەی ئـەو جـۆرە کەسـانە بـەرەو کەمبوونەوە نەچووە، بەڵکوو ئەو ویست‌و داوایانەش کە لـەو جۆرە نامانە دا هاتوونە گۆڕێ، تا هاتوە قووڵـتر‌و ڕادیکاڵـتر بوونەوە. ئەگەر جاران کەسـایەتی‌یە ناڕازی‌یـەکانی دەرەوەی دەسەڵات لەو جۆرە نامانەیان دەنووسی، ئێستا زۆر لەوانەش کە بە بەشـێك لـەو حاکمییەتـە دادەنرێـن، چوونەتـە ریـزی نووسەرانی نامە سـەرئاوەڵاکان. ١٢٧ نوێنـەری مەجلیسـی شـووڕای ئیسـلامی کـە لـە سـەرەتای مـانگی جۆزەردانـی ئەمسـاڵ دا، لـە هـەنگاوێکی ئازایانـەو لـە نامەیـەکی سەرئاوەڵا دا، ڕووی قسەیان کردە خامەنەیی‌و داوایـان لـێ کـرد "جامـە ژەهرەکـە" بخواتـەوە، لـەو کەسـایەتی‌یانەن. پەیوەست بوونی ڕێفۆرمخوازانی دەوڵـەتی‌و کەسایەتی‌یەکانی "بزووتنـەوەی ٢ی جۆزەردان"، بـە لافـاوی حەشـیمەتی وەزاڵـەهاتوو لـە دیکتـاتۆری، سـەربەخۆیی‌و بێقـانوونی، شتێکی سەیرو چاوەڕوان نەکراو نیە. ئەوان کە بە پێچەوانەی شەخسییەتە جیابیرو سەربەخۆیەکانی وڵات، پێش ماف‌و ئازادی‌یە زەوتکراوەکانی خەڵکی ئـێران، دڵسـۆزی کۆمـاری ئیسلامین، هیوادار بـوون لـە ڕێگـای بـە دەسـتەوە گرتنـی دەوڵـەت‌و مـەجلیس‌و جێبـەجێکردنی لانـی کـەمی داواو چاوەڕوانی‌یـەکانی خـەڵك، مەترسـیی تەقینـەوەی ڕق‌و نارەزایەتیی لە تەحەممول بەدەری خەڵك بەڕووی ئەو ڕێژیمەدا، بێ ئاکام بکەنەوەو مەترسیی رووخان لە کۆماری ئیسـلامی دوور بخەنەوە. بەڵام ڕێگای "ئەو خزمەتە بە نرخەشیان" لـێ بەربەست کراو ئەو هومێد و دڵخۆشی‌یەکە بۆ ماوەیـەك لـە بەشێکی خەڵکی وڵات دا پێك هات، جێگای خـۆی داوە بـە ناهومێدی‌و، باوەڕ بە پێکهاتنی گۆڕانکاری‌یەکی بنەڕەتی لە چوارچێوەی ئەو ڕێژیمەدا، تەنانـەت لـە نێـو ساویلکەترین‌و خۆشخەیاڵترین دانیشتووانی ئێرانیش دا، لەنێو چووە.

بـەڵام ئەگـەر تـا چـەند سـاڵ لـەوەپێش، نـاهومێدی، وەزاڵەهاتن‌و تووڕەیی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتری خەڵك لـە کۆمـاری ئیسـلامی، ببـوو بـە مایـەی نیگـەرانیی هـەموو ئـەو کەسـایەتی‌یانەی لـە چوارچێـوەی کۆمـاری ئیسـلامی‌و یاسـاکانی‌دا، هـەوڵی گۆڕانکاریـیـان دەدا، ئێسـتا نیگەرانی‌یەکی گرنگی دیکەشیان بۆ پەیدا بووە. ١١

## کۆماری ئیسلامی دەبێ ڕێز لە پەیماننامەی نێونەتەوەیی‌یەکانی پێوەندیدار بە چەکی ئەتۆمی بنێ



ڕێبـەرانی ٨ی وڵاتـی سـەنعەتیی جیـهان لـە بەیاننامەیـەکدا کـە ڕۆژی ١٢ی جـۆزەردان بلاویـان کردەوە، داوایان لە کۆمـاری ئیسـلامیی ئـێران‌و کـورەی شـیمالی کـرد تێکۆشـانی ئەتۆمیی خۆیان بە گوێـرەی ڕێوشـوێن‌و پێوانـە جیهانی‌یەکان بەڕێوە بەرن.

لەدانیشـتنی ٣ ڕۆژەی ڕێبەرانی وڵاتانی گرووپـی ٨ لە شاری ئۆیانی فەرانسە کە ڕۆژی سـی شـەممە کۆتـایی پێهات، سەرجێکی تایبەتی درا بە کۆمـاری ئیسـلامی. لـە بەیاننامـەی کۆتـایی‌دا داوا لـە ئـێران‌و کـورەی شـیمالی کـراوە هـەوڵی وەدەسـتهێنانی چـەکی کوشتاری بەکۆمەڵ کۆتـایی پێبێنن، ڕێز لە کۆنۆانسیونە نێونەتەوەیی‌یـەکانی پێشگیری لە پەرەگرتنی ئـەو چەکانـە بگـرن‌و، ڕێگـا بـدەن لێکۆڵەرانی ئاژانسی نێونەتەوەیی پێشگیری لـە پـەرەگرتنی ئـەو چەکانـە هـەرکات بـە پێویسـتیان زانـی، سـەردانی دامەزراوە ئەتۆمی‌یەکانی ئەو دوو وڵاتە بکەن.

خاڵی سەرنج ڕاکێش لەم کۆبوونەوەو بەڵگەنامـەکانی‌دا ئەوەیە کە ڕووسیەو وڵاتانی ئورووپاش لە پێویسـتیی فشـار هێنان بۆ سەر کۆماری ئیسلامی بـە مەبەسـتی ڕێزنـان لـە کۆنوانسیۆنە نێونەتەوەیی‌یەکاندا هاودەنگی ئەمریکا بوون.

خـەررازی وەزیـری دەرەوەی کۆمـاری ئیسـلامی وەك دژکردەوە نیشاندان بەرامبەر فشارەکانی ئەمریکا بـۆ سـەر ڕێژیمەکەی لە پێوەندی لەگـەڵ هەوڵـە ئەتۆمی‌یـەکانی‌دا لـە وتووێژ لەگەڵ ڕۆژنامەی ئـەڵمانیی "دێـر شـپیگل" گوتـی: "مەرجی ئیمزا کردنی پروتۆکولی پێشگیری لـە پـەرەگرتنی چەکی ئەتۆمی لەلایەن ئێرانەوە، هەڵوەشـانەوەی گـەمارۆو فشار لە دژی ئێرانە."

## خاتەمی ئامادە نیە لایحەکانی بنێرێ بۆ "مجمع تشخیص مصلحت نظام"



ڕۆژی ١٠ی جـــۆزەردان، هـــەواڵدەریی خوێندکارانی ئێران "ایسنا" لـە زمـانی عـەلی شـەکووریی‌ڕاد، نوێنـەری مەجلیسـی شـووڕای ئیسلامی‌یەوە ڕایگەیاند: خاتەمی لە نامەیەکدا بۆ کـەڕووبی، سـەرۆکی مـەجلیس، هۆیـەکانی نارەزایـەتیی خـۆی لـە نـاردنی لایحـەکانی بـۆ مەجمەعی تەشخیسی مەسڵەحەتی نـیزام ڕوون کردۆتەوە.

دوو لایحـەی "ڕوونکردنـەوەی دەسـەڵاتی سـەرکۆمار"و "گۆڕانکـاری لـە یاسـای هەڵبژاردن‌دا" کە دەوڵەت پێشکەشی مەجلیسی کردبـوون و مـەجلیس پـاش پەسـندکردن بـۆ "شـوورای نیگابـان"ی نـاردبوون، ڕۆژی ١٩ی بانەمەڕی ئەمساڵ لە لایەن ئـەو شـوورایەوە بـە بیانووی ناتەبا بوون لەگـەڵ قـانوونی ئەساسـیی ئێران ڕەت کرانەوەو بۆ مەجلیس ناردرانـەوە تـا ئـەم ناتەبایی‌یانـەیان چارەسـەر بکـا. بـەڵام مەجلیس بڕیاری شووڕای نیگابانی قبـووڵ نیـە. بە پێـی ڕەواڵـی بـاو لـە کۆمـاری ئیسلامی‌دا ئێستا دەبێ "مەجمەعی تەشخیسی مەسڵەحەتی نیزام"، ناکۆکیی نێوان ئەو دوو ناوەندە چارەسەر بکاو بڕیاری یەکجاری لە سـەر گەڵاڵـەکان بـدا.

بەڵام هەم لە نوێنەران‌و هەم لە خاتەمی ڕوونـە کە ئەو مەجمەعە بە قازانجی شووڕای نیگابان‌و قوڵی تونـدڕەو، مەسـەلەکە چارەسـەر دەکـا. چونکە هەم بەرپرسەکەی‌و هەم ئـەندامانی لـە لایـەن ڕێبـەری ڕێژیـم دیـاری کـراون‌و هـەتا ئێستاش لە هەر مەسەلەیەکدا کـە پێوەندیـی بە مەجلیس‌و دەوڵەتی خاتەمی‌یـەوە هـەبووە، بە شێوەی جیناحی ڕەفتاری کردوە.

خاتەمی کە ماوەیەك لەمەوبەر بە شێوەی خـۆی گلـەیی‌و نارەزامـەندیی خـۆی لـە پەسـندکرانی لایحـەکان لـە لایـەن شـووڕای نیگابانەوە ڕاگەیاند، هێشتا ڕوونی نەکردۆتەوە دوا هەڵوێستی لە سەر چارەنووسی لایحـەکان چ دەبـێ؟ پشـتیوانی لـە زۆرایـەتیی نوێنـەرانی مـەجلیس کـە ڕیفرانـدۆم یـا ئیسـتعفایان هێناوەتـە گـۆڕێ، دەکـا؟ دیسـان تەسـلیمی بڕیاری ناوەندەکانی ژێر کۆنترۆڵی قوڵی ڕاست دەبێ؟ یا بۆ پێشگیری لەقـەیرانێکی سیاسیی چاوەڕوانکراو دەستەوداوێنی ڕێبەری دەبـێ تـا بە شێوەی "نە شـیش بسـووتێ نـە کـەباب"، مەسەلەی لایحەکان بە لایەکدا بخا؟!

## ٣ زیندانیی سیاسیی کورد لەگەڵ مەترسیی ئیعدام بەرەوڕوون

٣ زینـدانیـی سیاسـیی کـورد بـە ناوەکـانی محەمـەد ئیسـماعیل‌زادە (محەمـەد شـارویـرانی)، خـالیدی فـەرەیدوونی‌و عومـەر فـەقێپوور کـە یەکەمیان سـاڵی ١٣٧٥و دوو کەسـەکەی دیکـە سـاڵی ١٣٧٩ لـە لایـەن هێزەکـانی کۆمـاری ئیسـلامی‌یەوە گـیراون، لـە لایـەن لقـی یـەکی دادگای شۆڕشی ئیسلامیی مەهابادەوە بە ئیعدام مەحکووم کراون. دیوانی بەرزی دەزگای قـەزایی ڕێژیم لە ١٣٨١/١٠/١٩دا ئەو حوکمەی لە سـەر محەمەد شاروێرانی تەئیید کردەوە و قەتعی بوونـی حوکمەکـەی بـە نـاوبراو ڕاگـەیاندوە. حوکمـی ئیعدامی زیندانی‌یەکانی دیکـەش بـە مەبەسـتی تەئیید کران بۆ دیوانـی بـەرز ڕەوانـە کـراون. "کـانوونی زیندانی‌یـە سیاسی‌یەکانی ئێران (لە تاراوگە) لـە ڕاگـەیاندراوێکدا ئـەو حوکمانـەی مەحکووم کردوەو داوای لە دامەزراوو ناوەندەکانی پـارێزەری مـافی مـرۆڤ کـردوە بـۆ هەڵوەشـاندنەوەی ئـەو حوکمانـەو نـەجات دانـی گیـانی زیندانی‌یـەکان تێبکۆشـن. دەقـی ڕاگەیەندراوەکە لە لاپـەڕەی ٥ی ئـەم ژمارەیەی "کوردستان" دایە.

## پێکهاتنی دووکۆبوونەوەی گرنگ بۆ ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە بەشداریی سەرکۆماری



جـۆرج واکـێر بـووش، سـەرکۆماری ئەمریکا لە چاوپێکـەوتن لەگـەڵ ڕێبـەرانی وڵاتانی عەرەبی لە "شرم الشیخ"ی میسـردا گوتـی: "ئێمـە خوازیـاری ئاشـتی‌یەکی ڕاستەقینەین، نـەك وچـانێك لـە نێـوان شـەڕەکان‌و ئینتیفازەکـاندا. ئاشـتی‌یەکی هەمیشەیی لە نێو خـەڵکی ڕۆژهـەڵاتی نێوەڕاستدا." لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی ئەو کۆبوونەوەیەدا، سەرکۆماری ئەمریکا گوتـی: "ئیسـرائیل بەرپرسیارە کە دەبێ شارۆچکە جوولەکە نشینەکانی ناوچـە داگیرکراوەکـانی فەلەسـتین هـەڵبگرێ تـا فەلەستینی‌یەکان جێگایەکیان هەبێ ناوی بنێن ماڵی خۆیان".

ڕۆژی چوارشەممە ٤ی ژوئەنیش لە بـەندەری عەقەبـە کۆبوونەوەیـەکی سێقۆڵی (بـە بەشـداریی سەرکۆماری ئەمریکاو سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل‌و فەلەستین) بـەڕێوەچوو. خانـەخوێی کۆبوونەوەکـە پاشـای ئـۆردۆن بـوو. لـەم کۆبوونەوەیـەدا، بـووش گوتـی: "سـەرزەویی پـیرۆز دەبـێ لـە نێـوان ئیسرائیلی‌یەکان‌و فەلەستینی‌یەکان دابەش بکرێ." سەرۆك وەزیرانی فەلەستین‌و ئیسرائیلیش پابەندیی خۆیان بە ئاشتی ڕاگەیاند. مەحموود عەبباس، کردەوە تیرۆریستی‌یەکانی لە دژی ئیسرائیل مـەحکووم کردو گوتی: "ئەمجۆرە کردەوانە پێشیان پێدەگیرێ. هەروەها ڕێبەرایەتیی فەلەسـتینی‌یەکان نەقشـی خۆی لە جێگیرکردنی ئاشتی لە سەر بناغەی پێکهاتنی دوو دەوڵەتی سەربەخۆ، بـە جێدەگەیـەنێ." ئاریـەل شـارۆنیش گوتـی: "هاوژیـانی لەگـەڵ دەوڵـەتێکی دێموکراتیکـی فەلەسـتین بـە قـازانجی ئیسرائیلەوەو بوونی سەرزەوی‌یەکی یەکپارچە بۆ سەقامگیربوونی دەوڵەتێکی ئەوتۆ پێویستە."

## کـۆمـاری ئیسـلامی لە تەقینەوەی ساڵی ١٩٨٣ی بەیروت بەرپرسیارە



"ڕۆیـس لامبێـرت"، قـازیی دادگایـەکی فیدراڵـی ئـەمریکا، کۆمـاری ئیسـلامیی ئـێرانی بـە بەرپرسـیاری تەقینـەوەی سـاڵی ١٩٨٣ی بـەیروت ناسـاند. لـە کـاتی دەرکردنی بڕیار لە سەر پەروەندەی ئەو تەقینەوەیە، ڕۆیـس لامبێرت ڕایگەیاند: "تەقینەوەی ساڵی ١٩٨٣ بـە هـۆی تاقمی توندڕەوی حیزبوڵڵا بەڕێوە چـوو، بـەڵام بەرپرسـان‌و کاربەدەستانی پایەبەرزی ڕێژیمی ئـێران بـۆ وێنـە ڕوحوڵـڵا خومەینی، ڕێبەری پێشووو ئەکبەری هاشمیی ڕەفسـەنجانی، سـەرکۆماری ئـەوکات، لەگـەڵ ئـەم کـارە تیرۆریسـتی‌یە دابوون‌و پێداویستی‌یە ماڵی‌یەکانیان بۆ دابین کرد."

پێویستە بگوترێ ئەم تەقینەوەیە لە بنکەی سـەربازە ئەمریکایی‌یەکاندا کە وەك پـارێزەری ئاشـتی لـە لوبنـان بـوون‌و بـۆ کۆتـایی هێنـان بـە تێکەهـەڵچوونی نێـوان موسڵمانان‌و مەسیحی‌یەکانی ئەو وڵاتە هاتبوونە بەیروت، ڕوویداو بوو بە هۆی کوژرانـی ٢٤١کـەس لـە سـەربازانی هـێزی دەریـایی ئـەمریکا. حوکمـی دادگای فیدراڵ ڕێدەستی ئـەمریکا بـۆ فشار خستنە سەر ئێران بـە مەبەسـتی بژاردنـەوەی زیـان‌و زەرەرەکـان خـۆش دەکا.

٢ کۆماری ئیسلامی‌و تیرۆریزم
٢ پەیامی دەفتەری سیاسیی بۆ کۆنفرانسی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکرات لە سوئێد
٣ شکستی بەرەی دووی جۆزەردان‌و ئەزموونێکی بە نرخ
٣ چاوخشاندنێك بەسەر بەیاننامەی هاوبەشی ریفورمخوازان‌و میللی مەزهەبی‌یەکاندا
٤ نیشانەیەك لە گۆڕانی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران
٥ بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی منداڵانەوە
٨ ژینگەو مۆدێرنیتە
١٠ چاوەکانمان بکەینەوەو جۆرێکی‌تر بڕوانین

# کۆماری ئیسلامیی و تیرۆریزم

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە تا ئێستا، لە سەر ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی و تیرۆری بەرهەڵستکارانی سیاسیی خۆی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات وەك سیاسەتێکی سەرچاوەگرتوو لە بیروڕاکانی خۆی، بەردەوام بووە. قوربانییەکانی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی نزیك بە ٢٥ساڵ دەسەڵاتدارەتیی ئەو ڕێژیمەدا، زۆر لەوە زیاترن کە بیروڕای گشتیی جیهان و کۆڕو کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان لێی ئاگادارن. سەدان و لەوانەیە هەزاران کەس لە موخالیفانی سیاسیی ڕێژیم لە نێوخۆی وڵات دا بە هۆی تاقمەکانی فشارو حیزبوڵڵاییەکانی سەر بە ڕێژیم تیرۆر کراون و یا شرت و گوم کراون کە لە قاودان و پەردەلادانەکانی هێندێك کەس و دەزگای ئاگاداری هەر سەر بەو ڕێژیمە، وای لە وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی کرد، دان بەدەست هەبوون لە ژمارەیەکی بەرچاو لەو کردەوە تیرۆریستییانە دابنێ.

لە دەرەوەی وڵاتیش دەیان و سەدان کەس لە ڕێبەران و کەسایەتییە سیاسییەکان و تێکۆشەرانی سەر بە حیزب و ڕێکخراوەکانی ئۆپوزیسیۆنی ئێران لە ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتانی جیهاندا، بە هۆی رایەڵکە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی تیرۆر کراون کە تەون و بەست و سازان و ئیمتیازدانی کۆماری ئیسلامی بە دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکانی هێندێك لەو وڵاتانە، لە سەر ڕێی لێکۆڵینەوەی جیددی و راستەقینە لەو کارە تیرۆریستییانە و بەرەو پێش چوونی ڕەوتی ئاسایی پەروەندەکانیان، بوون بە کۆسپ. لەگەڵ هەمووی ئەمانەش دا بڕیاری دادگای ناسراو بە میکونوس لە بێرلینی ئاڵمان کە ڕێبەران و سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامیی وەك دەستووردەرو ڕێکخەری تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی، مەحکووم کردو بەدنیای ناساندن، هەروەها دادگایەکیش لە ئارژانتین بەرپرسایەتیی تەقینەوەو کوشتنی ژمارەیەك خەڵکی ئاسایی لەو وڵاتەدا خستە سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران، دەتوانن بەڵگەیەکی بڕواپێکراو بۆ سەلماندنی تیرۆریست بوونی کۆماری ئیسلامی بن.

پشتیوانیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی دەرەوەی وڵات و بەتایبەتی دەستەو تاقمە بناژۆ (بنیادگرا) ئیسلامییەکانی ناوچەو ئەو ئیمکاناتەی کە ڕێژیمی ناوبراو بۆ ئەو جۆرە تاقمانە بەمەبەستی ئەنجامدانی کارو کردەوە تیرۆریستییەکان پێکی هێناون، شتێك نین کە لە کۆڕوکۆمەڵ و بیروڕای گشتیی جیهان شاراوە بن. بەوحاڵەش چاوپۆشیی دامەزراوە نێونەتەوەییەکان و خۆبواردنی دەوڵەتان و وڵاتانی داواکاری لایەنگری لە دێموکراسی و مافی مرۆڤ و بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی کە حاکمییەتیان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە پێشێل کرابووو نارازییانی ئێرانی لە وڵاتەکانیان دا تیرۆر کرابوون، ببوون بە هۆی ئەوە تا ئەو ڕێژیمە لە سەردرێژەدانی تیرۆری موخالیفانی سیاسیی خۆی لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات هەر بەردەوام بێ و تۆسقاڵێکیش نیگەرانی ئاکامەکانی کردەوە دژی ئینسانییەکانی خۆی نەبێ و شێلگیرانەتر، پشتیوانی لە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان بکا.

هاتنە گۆڕی مەسەلەی "پێویستیی خەبات و بەربەرەکانی لەگەڵ تیرۆریزم" و وەدیارکەوتنی دیمانەی یەکگرتنێکی جیهانی بەو مەبەستە، ئەوهیوایەی لە دڵی ئازادیخوازانی ئێراندا پێك هێنا کە لەمەودوا کۆماری ئیسلامیی ئێران نەتوانێ بە شێوەی جاران و بەدوور لە هەر چەشنە نیگەرانییەك، ئازادیخوازان و نارازییانی ئێران تیرۆر بکاو هەروا درێژە بە پشتیوانیی خۆی لە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان بدا. بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستاش، لەم پێوەندییەدا هەنگاوێکی جیددی و کاریگەر نەنراوە. کۆماری ئیسلامی تێگەیشتنی تایبەتیی خۆی لە تیرۆریزمی هێناوەتە گۆڕێ کە بەپێی ئەو تێگەیشتنە، نە ئەو کردەوانەی تا ئێستا ئەنجامی داون، هیچیان تیرۆریستین و نە ئەو تاقم و ڕێکخراوانەی پشتیوانییان لێ دەکا، تیرۆریستن. لەلایەکی دیکەوە بەداخەوە کۆڕوکۆمەڵ و دامەزراوە نێونەتەوەییەکان و وڵاتانی داواکاری داکۆکی لە دێموکراسی و مافی مرۆڤ کە قسە لە دژایەتی و خەبات لەگەڵ تیرۆریزم دەکەن، ئەوانیش پێناسەیەکی وەك یەکیان لە تیرۆریزم بەدەستەوە نەداوە. تا بە گوێرەی پێناسەکە ڕێژیمەکانی وەك کۆماری ئیسلامی نەتوانن بە بیانووی تێگەیشتن و پێناسەی تایبەتی خۆیان لە تیرۆریزم، درێژە بە کردەوە تیرۆریستییەکانیان و پشتیوانییان لە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان، بدەن.

خاڵی سەرنج ڕاکێش و هەر لەوکاتەدا جێگای داخ کە لە پێوەندی لەگەڵ ڕەفتاری وڵاتانی داواکاری داکۆکی لە دێموکراسی و مافی مرۆڤ



لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا، دێتە بەرچاو ئەوەیەکە ئەم جۆرە وڵاتانە، ئەوکاتانەش کە باسی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی دەکەن، زۆر بەکەمی تیرۆری ڕێبەران و کەسایەتییە سیاسی و فەرهەنگییەکانی ئێران کە بوون بە قوربانیی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی، وەك بەڵگەی تیرۆریست بوونی ئەو ڕێژیمە ناودەبەن. ئەوان زۆرتر بایەخ بەو بەشە لە کارو کردەوەکانی ئەو ڕێژیمە دەدەن کە بەجۆرێك لەجۆرەکان زەبری لە قازانج و بەرژەوەندییەکانی ئەوان داوە. هەر دەڵێی لە ڕوانگەی ئەوانەوە، تیرۆری ڕێبەران و کەسایەتییەکان و نارازییەکانی ئێرانی، هەروەك زۆر یەك لە مەسەلەکان، بەشێکن لە کاروباری نێوخۆیی وڵات و نابێ خۆی تێهەڵقوتێنن!!

ئەگەر کەموکوڕی و ناتەواوییەکانی سەر ڕێگای خەباتێکی جیددی و بەربەرین لەگەڵ تیرۆریزم لابچن، واتە ئەگەر نیهادو دامەزراوە نێونەتەوەییەکان و وڵاتانی دژ بە تیرۆریزم بگەنە پێناسەیەکی وەك یەك لە تیرۆریزم و، یەکگرتنێکی جیهانی بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ تیرۆریزم، پێك بێنن و، دامەزراوە نێونەتەوەییەکان و ئەو ڕێکخستنە جیهانییەی بە مەبەستی خەبات لەگەڵ تیرۆریزم پێك دێ، دەسەڵات و توانای ڕووبەروو بوونەوە لەگەڵ دەوڵەتان و تاقمە تیرۆریستییەکانیان هەبێ، دەکرێ بە ئاکامێکی باش لەبەرەکانی خەبات بەدژی تیرۆریزم هیوادار بین. لە ئاکامی نەبوونی بەرخوردی شێلگیرانە و کاریگەر لەگەڵ ڕێژیمەکانی وەك کۆماری ئیسلامی دایە کە تیرۆریزم توانیویەتی درێژە بە ژیانی خۆی بداو سەرەڕای لەگۆڕێ دابوونی باسێکی گەرم لەسەر خەبات لەگەڵ تیرۆریزم، هەروا شاهیدی بەڕێوەچوونی کردەوەی تیرۆریستین کە کردەوە تیرۆریستییەکانی ئەم دواییانە لە چەند وڵاتی جیهان، بەشێکیان بوون. دیارە ئەمجاریش کۆماری ئیسلامیی ئێران کە کارنامەیەکی بەتەواوی ڕەشی لە تیرۆرو پشتیوانی لە تیرۆریزمدا هەیە، قامکی تاوانی بۆڕادێرا. لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا عەرەبستانی سەعوودی کە گۆیا کۆماری ئیسلامیی ئێران پێوەندییەکی باشیشی لەگەڵدا هەیە، ئەم ڕێژیمەی تاوانبار کرد کە پشتیوان و داڵدەدەری ئەو تیرۆریستانەیە کە دەستیان لە تەقینەوەکانی ئەم دوایییانەی عەرەبستاندا هەیە. دۆناڵد رامسفیلد وەزیری بەرگریی ئەمریکاو رابێرت موولێر بەڕێوەبەری "ئێف بی ئای"یش هەر لەم چەند ڕۆژەی دواییدا ڕاستەوخۆ ڕێژیمی ئێرانیان بەوە تاوانبار کرد کە ئەندامانی ئەلقاعیدەی پەنا داوە. رامسفیلد گوتی: "گومانی تێدانیە کە ڕێبەرانی ئەلقاعیدە لە رابردۆوە تا ئەمرۆ لە ئێراندا هەبوون و چالاکیشن". وریا کردنەوەکەی کۆماری ئیسلامی هەر لەو پێوەندییەدا لەلایەن تۆنی بلێر سەرۆك وەزیری ئینگلیستانیش ماناو نێوەرۆکێکی تایبەت بە خۆی هەیە.

دیارە کۆماری ئیسلامی وەك عادەتی هەمیشەیی خۆی ئەم تاوانانەی ڕەت کردنەوە. بەڵام هەموو جاریش کە تاوانبار کراوە بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ ئەلقاعیدەدا بەکردەوە ددانی بە گرتنی ژمارەیەك کەسی سەر بە ئەلقاعیدەدا ناوە. ئەگەر عەرەبستانی سەعوودی، لە پێوەندی لەگەڵ ئەو کردەوە تیرۆریستییانەی لە ساڵانی رابردوودا لەو وڵاتە ڕوویاندا، چاوپۆشیی لە دەست تێدابوونی کۆماری ئیسلامی نەکردباو نەی شاردبانەوەو ئامادە بوایە بەڵگەو نیشانەکانی سەلمێنەری دەست تێدابوونی کۆماری ئیسلامی لەوانی دا، نابایە بەردەست کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکان و دەوڵەتانی دژ بە تیرۆریزم، ئایا ئەگەری دووپاتبوونەوەی ئەم جۆرە کردەوە تیرۆریستییانە لە عەرەبستانی سەعوودیدا نەدەگەیشتە لانیکەمی خۆیان؟ هیچ گومانی تێدا نیە تا ئەو کاتەی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران وەك ڕێژیمێکی تیرۆریست و پشتیوانی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان، بەرخوردی جیددی و شێلگیرانە نەکرێ، هەروا شاهیدی درێژەی کردەوەی تیرۆریستییەکان دەبین و دیسانەکە ئەو ڕێژیمە بەهەق بە ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی، یا پشتیوانیی لەوجۆرە کردەوانە، تاوانبار دەکرێتەوە.

***

## پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بۆ چوارەمین کۆنفرانسی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران ـ سوئێد

**ڕۆژی شەممۆ ١٠ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٨٢ی هەتاوی بەرانبەر بە ٢٠٠٣/٥/٣١ی زایینی، یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سوئێد چوارەمین کونفرانسی خۆی پێك هێنا. بەم بۆنەوە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پەیامێکی بۆ ئەو کونفرانسە نارد کە دەقی پەیامەکە دەخرێتە بەرچاوی خوێنەرانی بەڕێزی کوردستان:**

هاوڕێیان و هەڤاڵانی خۆشەویست!

بەشدارانی بەڕێزی چوارەمین کۆنفرانسی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە سوئێد!

لە پێکهێنان و بەڕێوەبردنی کۆنفرانسەکەتان خۆشحاڵین و بەم بۆنەوە بە گەرمی پیرۆزباییتان لێ دەکەین. هیوادارین کۆنفرانسەکەتان لە بە ئەنجام گەیاندنی بەرنامەی کارەکانی و هەروەها ئەرکە پیرۆزەکانیدا سەرکەوتوو بێ، ئاکامی باش، بڕیاری گرنگ و بەکەلکی ئەوتۆی لێ بکەوێتەوە کە بۆ کاروتێکۆشان و چالاکییەکانی داهاتووتان ڕێنوێن و ڕێنیشاندەر بن و دەسکەوتی زیاتر لە ڕابردووتان بۆ دەستەبەر بکا.

**هاوڕێیانی بەڕێز!**

بۆ ئێمەو بۆ هەموو خەڵك و لاوانی وڵات بە گشتی و لاوانی کوردستان بەتایبەتی جێگای پێخۆشبوونە کاتێك دەبینین کە ئێوە خۆشەویستان سەرەڕای ئەوەی کە لە وڵات و زێدی ئەسڵیی خۆتان دوورن و لە وڵاتێکی بێگانەدا دەژین و بە فەرهەنگێکی تایبەتی پەروەردە دەبن، لە گەل و نیشتمانی خۆتان نەك دانەبڕاون و بەرانبەر بە چارەنووسی هاووڵاتی و هاورەگەزەکانی خۆتان بێتەفاوت نین، بەڵکوو هەموو ئێش و ئازارەکان و ئەو دەردو مەینەتییانەی کە لە ژێر حاکمییەتی کۆماری ئیسلامیدا دەیان چێژن هەست پێدەکەن. تەنیا بە هەست پێکردنیش قەناعەت ناکەن و بە کردەوەش لە پەنا پەروەردە بوون و پێگەیاندنی خۆتان لەپێناو ڕزگاریی هاووڵاتییان و هاونیشتمانانی خۆتاندا خەبات دەکەن و لەو ڕێیەدا لە کات و ئیمکانات و توانایی خۆتان مایە دادەنێن. بۆیە بە پێویست دەزانین سوپاس و ماندوو نەبوونی لە ئێوەو هەموو ئەو لاوە بە هەست و چالاك و تێکۆشەرانە بکەین کە ئەرکی نیشتمانی و ئازادیخوازی و گەل دۆستیی خۆیان لە دوورە وڵات و لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە بەجێ دەگەیەنن.

**لاوانی خۆشەویست!**

بێگومان ئاگادارن کە ئەم کۆنفرانسەتان لەهەلومەرجێکی تەواو تایبەتیدا بەڕێوە دەبەن. لەلایەك فشاری دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر ئازادیخوازان و لاوانی وڵات زیاتر بووە. دیاردەی دزێوی ئیعتیاد ڕۆژە بە ڕۆژ قوربانیی زیاتر لە لاوان دەگرێ، بێکاری و بێدەرەتانی بەرۆکی پێگرتوون و گەلێك دیاردەی دزێوی دیکە وەك دیاریی کۆماری ئیسلامی بۆ خەڵکی ئێران، پەرەیان گرتوەو سەرئەنجام وەزعێك بۆ لاوانی نێوخۆی وڵات خولقاوە کە لە هەموو بارێکەوە لەگەڵ بێبەشی، کەندوکۆسپی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و بێداهاتوویی‌دا بەرەوڕووی کردوون. لەلایەکی دیکەوە خەباتی خەڵکی ئێران کە لاوان وەك هەمیشە لە سەنگەری پێشەوەی دان ڕووی لە گەشەکردن و بەرین و بەربڵاوتر بوونە و ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکەش کەش و هەوایەکی تازەیان بە ڕەوتی بەربەرەکانیی خەڵك لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بەخشیوەو هیوایەکی زیاتریان پێك هێناوە کە وڵاتانی لایەنگری ئازادی و دێموکراسی زیاتر پشت لە کۆماری ئیسلامی وەك ڕێژیمێکی دیکتاتۆرو نەگونجاو لەگەڵ سەردەم بکەن و پشتی ئازادیخوازانی وڵاتەکەمان بگرن. لە وەزعێکی وادا بێگومان چاوەڕوانیی لە لاوان بۆ بینینی دەوری خۆیان لە خەباتی دژی دیکتاتۆری و بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و مافی نەتەوایەتیی گەلەکەمان چاوەڕوانییەکی ڕەواو بەجێیە. بۆیە ئەم کۆنفرانسەتان دەبێ بارودۆخ و هەلومەرجە لەبارەکان و کەندوکۆسپەکانی سەر ڕێگای خەباتیش بە وردی هەڵسەنگێنێ و پاش لێکدانەوەیەکی واقیع بینانە بەرنامە بۆ کاروتێکۆشانی داهاتوو دابنێ و ڕێبەرایەتییەك هەڵبژێرێ کە بە هەموو توانایەوە شان وەبەر بەرپرسایەتی و بەجێگەیاندنی بڕیارو بەرنامەکانی ئەم کۆنفرانسە بدا. لە هەموو کاتێك پێویستترە کە لاوانی کورد لە دەوری لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لەهەر وڵاتێك کۆ ببنەوەو توانا فکری و جیسمییەکانی خۆیان وەسەر یەك بخەن بۆ ئەوەی بتوانن تێکۆشانێکی بەربڵاوترو شوێندانەرتر لەو هەلومەرجەدا لە خۆیان نیشان بدەن، بەتایبەتی کە ئازادی دێمۆکراسی و دابینبوونی مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد ئامانجگەلی گرینگ و هاوبەشی هەموو لاوانی کوردن.

**خۆشەویستان!**

کەش و هەوای سیاسی و دێمۆکراتیکی زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی ڕۆژئاوا ئەو دەرفەتە بە ئێوە دەدا کە لە زۆر بواری وەك لەقاودانی نێوەرۆکی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، گەشە پێدان بە فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی، ئیعتراز بە ڕەفتارە دژی گەلی و سەرکوتکەرانەی هێزو دەستەو تاقمەکانی سەر بە ڕێژیم و... هەنگاو بنێنن و بە کردەوەو ڕەفتاری ئینسانی و شیاوی خۆتان لە هەر وڵاتێك دەتوانن هەم نوێنەری گەلی زۆرلێکراوی خۆتان و هەم نوێنگەی تایبەتمەندییە بەرزەکانی گەلی کورد لەم وڵاتانە بن. بێگومان تەبایی، یەکڕیزی و یەکدەنگیتان سەرکەوتنی زیاترتان بۆ دەستەبەر دەکاو هێزو توانای زیاترتان پێ دەبەخشێ. ئێمە هەر لەو کاتەدا کە بە چاوی ڕێزەوە سەیری هەوڵ و تێکۆشان و دڵسۆزیی لاوانی کوردو گەشەکردنی کاری ڕێکخراوەیی ئەوان لە چوارچێوەی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێراندا دەکەین، ئەو بەڵێنەش دووپات دەکەینەوە کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران وەك هەمیشە ئامادەی هەر چەشنە یارمەتی و هاوکارییەکی فکری، سیاسی، ماددی و مەعنەوی بە خەبات و تێکۆشانی لاوانی دێمۆکراتە، ئەوەش بە ئەرکێکی گرینگ و بەرچاوی خۆی دەزانێ. هەر لەو کاتەداو لە ڕەوتی خەبات بۆ وەدیهێنانی ئاوات و ئامانجەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانیشدا، لاوانی دێمۆکرات بە پاڵپشتێکی ئەمین، بەهێزو بە توانای خۆی دەزانێ و حیسابی تایبەتی بۆ دەکا. دیسانیش بەستنی چوارەمین کۆنفرانسی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکرات لە سوئێد بە هەموو ئێوە بەشدارانی کۆنفرانس پیرۆزبایی دەڵێین و لەشساغی و بەختیاری بۆ هەموو ئێوە خۆشەویستان بە ئاوات دەخوازین.

لەگەڵ داوای سەرکەوتنی هەرچی زیاتر بۆ کۆنفرانسەکەتان

**دەفتەری سیاسیی**

**حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران**

١٣٨٢/٣/١٠ (٢٠٠٣/٥/٣١)

# بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

کوردستان

ژمارە ٣٦٦ (٥ی ژوئەنی ٢٠٠٣)

# شکستی بەرەی دووی جۆزەردان و ئەزموونێکی بەنرخ

م. مەعرووفی

ئەو بزووتنەوە ئازادیخوازی‌یەی ئەمڕۆ لە وڵاتی ئێمەدا بۆ گۆڕینی تەواوەتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە گۆڕێدایە، دەبوا شەش ساڵ لەمەوبەر ڕێگەی خۆی دۆزیبایەوە. ئەمڕۆ بزووتنەوەی ئازادیخوازیی ئێران پاش ئەزموونێکی شەش ساڵە لە کێشەو ململانێی نێوخۆی ڕێژیمو چاوەڕوانیی بەشێك لە خەڵك لە وەدیهاتنی هێندێك ئاڵوگۆڕی ڕیفۆرمیستیانە لە چوارچێوەی ئەو ڕێژیمەدا، بۆی دەرکەوتوە کە جگە لە چاوەڕوانی‌یەکی بێسوودو بە فیڕۆدانی کاتێکی زۆر، شتێکی دیکەی دەست نەکەوتوە. ئەو بزووتنەوەیە گەڕاوەتەوە بۆ شەش ساڵ لەمەوبەرو دەیەوێ ڕێگەی واقعیی خۆی لە خەباتو تێکۆشان بۆ دابینکردنی ئازادیو دێموکراسی بگرێتە بەر. ئەزموونێکی شەش ساڵە لە بزووتنەوەی ڕیفۆرمیستیانەو سووڕانەوە لە چوارچێوەی تەسکی کۆماری ئیسلامی‌دا، ئەزموونێکی شکست خواردوو و تراویلکەیەکی هەڵخەڵەتێنەرانە بوو.

شەش ساڵ لەمەوبەر پاش ڕووداوی ٢ی جۆزەردانو هەڵبژاردنی محەممەدی خاتەمی بە سەرکۆمار، لە حاڵێکدا زۆر وڵاتو هێز و لایەن کیسەیان بۆ وەعدو بەڵێنو دروشمە بریقەدارەکانی هەڵدروبوو، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەر ئەو باوەڕە بوو کە چاوەڕوانیی پێکهاتنی ئاڵوگۆڕی موسبەتو تەنانەت ڕیفۆرم لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامی‌دا، چاوەڕوانی‌یەکی بێسوودە. خۆشبینیو خۆشباوەڕی بە وەعدو بەڵێنەکانی خاتەمی گەیشتبوە ڕادەیەك کە تەنانەت خەباتی پڕ لە فیداکاریو شانازیی هێزە دێموکراتو پێشکەوتنخوازەکانیش لە لایەن ئەو هێزو لایەنانەوە دەخرایە ژێر پرسیارەوە. بەڵام خەڵکی کوردستانو حیزبە پێشڕەوەکەیان، حیزبی دێموکرات لە بەر ئەوە کە لە مەیدانی واقعیی خەبات لە دژی ئەو ڕێژیمەدا بوون، لەگەڵ ئەوەدا کە تێکۆشانی ڕیفۆرمیستیانەی نێو ڕێژیمیان وەك سیناریۆو شانۆسازی سەیر نەدەکرد، وەك کێشەو ململانێو دووبەرەکیی جیددی لە نێو ڕیزەکانی ڕێژیمدا دەدیت، هەرگیز باوەڕی بە ئیمکانی ئاڵوگۆڕ لە چوارچێوەی ڕێژیمدا نەبوو. ئێستا بۆ هەموو لایەك دەرکەوتوە کە ئەو دروشمو وەعدو بەڵێنانە چەندە جیددینو چەندە جێگەی باوەڕن. خەڵکی کوردستانو خەباتگێڕانی کورد بەر لە هەر ناوچەیەکی دیکەو بەر لە هەموو کەس، تامی دروشمەکانی وەك "ئازادیی بیروڕا دەربڕین"، "خەڵك سالاری"، "تەحەمولی بیرو باوەڕی جیاواز" و "عەدالەتخوازی" یان کە خاتەمی وەك دروشم لە هەڵبژاردنەکاندا هەڵی گرتبوون، چێشت. هێشتا ساڵەوەختی هەڵبژاردنی ناوبراو بە سەرکۆمار نەهاتبۆوە کە خۆپیشاندانی هێمنانەی خەڵکی شارەکانی کوردستان بە تایبەتی شاری "سنە" لە جەرەیانی تەحویلدرانەوەی "عەبدوڵلا ئوجەلان"دا بە تورکیە، بە بڕیاری دەوڵەتی خاتەمی کەوتە بەر دەستڕێژی هێزە نیزامی‌یەکانو دەیان کەس لە لاوانو خەڵکی کوردستان دەخوێندا شەلاڵ و سەدان کەسیش بریندار بوون. هەر لە یەکەم ساڵەکانی سەرکۆماریی ناوبراودا، دەیان کەس لە تێکۆشەرانی کورد لە کوردستانی عێراقو وڵاتانی جیهاندا بە دەستی تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی شەهید بوون. ژمارەیەکی بەرچاو لە تێکۆشەرانی کورد بێ‌ئەوەی بە پێی قانوونە پەسندکراوەکانی خودی ئەم ڕێژیمەش موحاکەمە بکرێن، ئیعدام کران.

حیزبی دێموکرات لە بارەی خاتەمی‌یەوە نەزەری ئەوە بووە کە هەرچەند ناوبراو لەگەڵ ڕێبەرانی دیکەی ڕێژیم چووکە جیاوازی‌یەکی هەیە، بەڵام ئینسانێکی ئازادیخوازو دێموکرات بەو مانایە کە هەر ئازادیخوازێك لێی تێدەگا، نیە. بۆچوونی وی لە ئازادی، عەدالەت، خەڵکسالاریو کۆمەڵگای مەدەنی لەگەڵ بۆچوونی خەڵکی ئێرانو هێزە پێشکەوتنخوازو دێموکراتی‌یەکان جیاوازە. جگە لەمانەش، خاتەمی ئینسانێکی بێ‌ئیرادەو دەستەوەستانەو توانای وەدیهێنانی لانیکەمی ئەو دروشمە ڕیفۆرمیستیو ڕواڵەتی‌یانەشی نیە کە هەڵی‌گرتوونو بە هۆی ئەو بێ‌ئیرادەییو دەستەوەستانی‌یەی بوو کە لە حاڵێکدا لە دەورەی یەکەمی هەڵبژاردنی‌دا ٢٠ میلیۆن دەنگی لە پشت بوو، نەی‌توانی تەنانەت حورمەتو ئەمنییەتی وەزیرەکانیشی بپارێزێو ژمارەیەك لەوان کەوتنە بەر لێدانو کوتانی ئەفرادی قۆڵی بەرامبەریو چەند کەسیان زیندانی کران. بێ‌ئیرادەیی ناوبراو کاتێك زیاتر دەرکەوت کە مەجلیسی شەشەم زۆربەی هەرە زۆری لە لایەنگرانی وی یا لە کەسانی سەربەخۆ پێکهات، بەڵام نەی‌توانی بە هاوکاریی مەجلیس لانیکەمی وەعدو بەڵێنەکانی بە جێ‌بگەیەنێ.

لە سەرانسەری مێژووی ئێرانداو تەنانەت لە ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامییشدا، هیچ کات بە ڕادەی سەردەمی سەرکۆماریی خاتەمی ڕۆژنامەنوس، ڕووناکبیرو خوێندکار و ئازادیخواز لە زینداندا نەبوون. هیچ کات ڕۆژنامەکان بەو ڕادەیە دانەخراون. هەژاری، بێکاریو دیاردە مەترسیدارەکانی وەك ئیعتیاد، ئیدز، فەسادو . .. قەت بە ڕادەی ئەو ماوەیە پەرەیان نەگرتوە. بە هۆی بێ‌کیفایەتیی ناوبراو، دیکتاتۆریو سیاسەتی کۆنەپەرستانەی ڕێبەرانی دیکەی ڕێژیم قەیرانێکی قووڵی سیاسیو کۆمەڵایەتی، فەرهەنگیو ئابووری باڵی بە سەر وڵاتدا کێشاو مادام کە ئەو ڕێژیمە لە سەر کارە، هومێدێك بۆ چارەسەربوونی نیە.

بەرەی ٢ی جۆزەردان بە ڕێبەرایەتیی خاتەمی ئەگەر قازانجێکی هەبووبێو ئەو قازانجەش هیچ کات بە نسیبی خۆیو قۆڵەکەی نەبووو چووە دەگیرفانی قۆڵی موحافیزەکار وەك دەسەڵاتداری ئەسڵی، ئەوە بوو کە ناوبراو لەو ماوەیەدا هەوڵی داوە ڕوخسارێکی ناواقعیو دوور لە ڕاستی لە کۆماری ئیسلامی پیشانی دنیای دەرەوە بداو ڕێگەی پێوەندیی سیاسیو بازرگانیی ڕێژیمێکی تێرۆریستو سەرەڕۆ لەگەڵ وڵاتانی دەرەوەو بە تایبەتی وڵاتانی ئورووپایی خۆش بکا. ئێستا وڵاتانی ئورووپایی چەندە لە ماهییەتو نێوەرۆکی ئەو ڕێژیمەو ئیددیعاکانی خاتەمی گەیشتبوون، باسێکی دیکەیە. بەڵام ئەو وڵاتانە کە لە نێوان باوەڕو ڕێوشوێنو پرنسیپە ئەخلاقیو ئینسانی‌یەکانو قازانجە بازرگانیو ئابووری‌یەکاندا سەرگەردانن، بیانووی بزووتنەوەی ڕیفۆرمخوازیو بەرەی ٢ی جۆزەردانیان بۆ هەڵکەوتو کۆماری ئیسلامی توانیویەتی تا ئەو جێگەیەی دەکرێ، کەڵکی خراپی لێوەرگرێ. لەگەڵ هەر ئیمتیازێکدا کە بە وڵاتانی دەرەوە بە تایبەتی ئورووپایی‌یەکانی دەدا، لەو پەڕی دڵڕەقیو بێ‌بەزەیی‌دا، سەرکەوتو زەبرو زەنگی نێوخۆی زیاد کردوەو بەربۆتە گیانی موخالیفانو ناڕازیان.

ئەزموونێکی بەنرخ کە لە ماوەی سەرکۆماریی خاتەمیو ڕەوتی ٢ی جۆزەرداندا وەدەست خەڵکی وڵاتەکەمان کەوتوە، ئەوەیە کە باوەڕ بە گۆڕینی نیزام لە کۆماری ئیسلامی بە تالان بردنی دەسکەوتەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ٥٧داو سەپاندنی دەسەڵاتێکی سەرەڕۆترو دیکتاتۆرتر لە وەی پێشوو، لە نێو خەڵکی‌دا لاواز کرد بوو، جارێکی دیکە بە هێز بۆتەوەو وەك پێویستی‌یەکی حاشا هەڵنەگر خۆی دەنوێنێ. لە کاتی هەڵبژاردنی خاتەمی لە ساڵی ٧٦دا ئەو ترسو نیگەرانی‌یە لە نێو بەشێك لە خەڵکدا هەبوو کە ئەگەر شۆڕشێکی وەك ساڵی ٥٧ ڕوو بدا، لەوانەیە دیکتاتۆری‌یەکی دیکە جێگەی ئەوەی پێشوو بگرێتەوەو ئەزموونی کۆماری ئیسلامی دووپات ببێتەوە. هەر بۆیە ڕێگە چارەی دەرباز بوون لە دیکتاتۆریو قەیرانو بنبەستەکانی ڕێژیمیان لە دروشمو بەڵێنەکانی خاتەمی‌دا دۆزی‌یەوەو ڕژانە سەر سندووقەکانی دەنگدانو بە نەدانی دەنگ بە ناتقی نووری، وەك مۆرەیەکی جێگای پەسندی دەسەڵاتدارانی ئەسڵیی ڕێژیم، دەنگەکان چوونە نێو سندووقی خاتەمی‌یەوە. ئەزموونی ٦ ساڵی ڕابردوو بە خەڵکیی نیشاندا کە هیچ مۆرەو قۆڵێکی ئەو ڕێژیمە جێگەی باوەڕو متمانە نینو ئیمکانی نیە لە پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی‌دا ئاڵوگۆڕی موسبەتو تەنانەت ڕواڵەتییش پێك بێ. هەربۆیە ئێستا بزووتنەوەیەکی واقیعیو بەرینو بە هێزی ئازادیخوازی لە وڵاتەکەماندا وەڕێ کەوتوە کە هەم لە بیری ئاڵوگۆڕی بنەڕەتیو گۆڕینی نیزام لە تەواوەتیی خۆی‌دایەو هەم ئاڵتەرناتیڤێکی دێموکرات؛ بە پێچەوانەی شۆڕشی ساڵی ٥٧ کە زیاتر بیر لە ڕووخانی ڕێژیم کرابۆوەو تا ئاڵتەرناتیڤێکی جێگەی متمانە. هەر بۆیەش کۆماری ئیسلامی توانی کەڵکی خراپ لەو مەسەلەیە وەربگرێو دەسەڵاتی جەهەننەمیی خۆی بسەپێنێ.

نیشانەکانی ئەم ڕەوتە لە پەرەگرتنی نەفرەتو ناڕەزایەتیی بە ئاشکرای کۆمەڵانی خەڵك لەو ڕێژیمە، دابڕانو هاتنە دەری ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتیو مۆرە ناسراوەکانو ڕێکخراوە خوێندکاری‌یەکان لە بەرەی ٢ی جۆزەردانو تەواوەتیی ڕێژیمو بڵاوبوونەوەی چەندین نامەی سەرئاوەڵا لە دژی ڕێژیمو بە لایەنگری لە هاتنە سەرکاری ڕێژیمێکی دێموکراتو سکولار، هەڕەشەی هاتنە دەری نوێنەرانی مەجلیسو ژمارەیەکی زیاتر لە ڕیفۆرمخوازانی نێو دەسەڵات لە تەواوەتیی ڕێژیمو سەرەنجام بەشداری نەکردنی خەڵکێکی زۆر لە دەورەی دووهەمی هەڵبژاردنی شووراکانی شارو دێدا، خۆی دەنوێنێ.

دوای شەش ساڵ لە هەڵبژاردنی محەممەدی خاتەمیو پێکهاتنی بەرەی ڕیفۆرمخوازی نێو دەسەلات، ناسراو بە بەرەی دووی جۆزەردان، ئێستا بۆ هەموو لایەك دەرکەوتوە کە ئەو بەرەیە لە وەدیهێنانی بەرنامەو وەعدو بەڵێنەکانی‌دا شکستی خواردوەو ئەو ڕێژیمە توانای پێکهێنانی ڕیفۆرمی نیە. بۆیە دەبێ ڕیفۆرمخوازانی نێو دەسەڵات یان بە یەکجاری تەسلیمی ویستو سیاسەتەکانی موحافیزەکاران بن، یان ئەو ڕێژیمە بۆ دەسەڵاتدارانی ئەسڵی بە جێ‌بێڵنو بێنە نێو بەرەی ئازادیخوازیی خەڵکی وڵاتەوە.

❊❊❊



ڕووژنە"

هادی حەیدەری

# چاوخشاندنێك بە سەر بەیاننامەی هاوبەشی ڕێفورمخوازان و میللی ـ مەزهەبی‌یەکان‌دا

کەریم پەرویزی

لە جیهانی پڕ کەندو لەندی سیاسەتدا، ڕێگەگەلو شێوەگەلی جۆراوجۆر بۆ شوێندانان لە سەر ڕەوتو ڕووداوەکان بەدی دەکرێن. یەکێك لەو ڕێیانە دەرکردنی بەیاننامەیە. بەیاننامە، دەربڕی ڕوانگەو بۆچوونی ئەو ڕەوتو کەسانەیە کە لە بوارێکی دیاریکراوو هەروەها لە قۆناغێکی تایبەتدا هاوبۆچوونن.

لەم قۆناغە هەستیارەی مێژووی ئێراندا، کۆمەڵێك کەسایەتیو چالاکی سیاسیی لە نێوخۆدا، بەیاننامەیەکیان لە ژێر ناوی "سەبارەت بە شێوەکانی بەهێز کردنی شیانی نەتەوەیی لە ئاست هەڕەشە دەرەکی‌یەکاندا" بڵاوکردۆتەوەو تێی‌دا بۆچوونی خۆیان لە بارەی گۆڕانکاری‌یەکانی ئەم چەند ساڵەی دواییو بەتایبەت هەلومەرجی تایبەتی ئێستای ئێرانو ناوچەکەیان لێك داوەتەوە.

چاوخشاندن بە سەر ناوی ئیمزاکەرانی بەیاننامەکەدا کارێکی بەجێ‌یە، بەتایبەت کاتێك کە دەبینین کە دوو ڕەوتی تایبەتی وەك، ڕێفورمخوازانی نێو حاکمییەتو هێزگەلی ناسراو بە میللی ـ مەزهەبی، گەیشونەتە بیرێکی هاوبەش! لە ناو کەسایەتیی ئەوانەی بەیاننامەکەیان ئیمزا کردوە، دەگەڕێین، چونکە چارەنووسی بە ناو ڕێفورمخوازانی دیارەو هێزە میللی ـ مەزهەبی‌یەکانیش لە هەر دوو لایەنی میللیو مەزهەبی‌یەوە مایەی سەر ئێشەن! بۆیە با بگەڕێینەوە سەر دەقی بەیاننامەکە:

لە پاراگرافی یەکەمی بەیاننامەکەدا هاتوە کە: "مەبەستمان لە نووسینی ئەم خاڵانەی خوارەوە ئامۆژگاریو وریا کردنەوەی کاربەدەستانە". لەم قۆناغە تایبەتەداو بە دوای کۆتایی هاتنی شەڕێکی هەستیار لە جیرانەتیی ئێرانداو هاوکات لەگەڵ زۆر بوونی گڤاشە نێونەتەوەیی‌یەکان لە سەر ڕێژیمو هەروەها بە پێی ئەو شارەزایی‌یەی کە لە سەر ڕابردووی ڕێفورمخوارانو میللی ـ مەزهەبی‌یەکان، واتە ئیمزاکەرانی بەیاننامەکە هەمانە، داخوا ئەم ڕستەیە جگە لەوە چ مانایەکی دیکەی دەبێ هەبێ کە لە ڕاستی‌دا ئەمانە نەك بە پەرۆشی دەستەبەر کردنی مافە پێشێلکراوەکانی گەلانی ئێران نین، بەڵکوو لە هەڵپەی ئەوەدان کە لەم هەلومەرجەدا ئیمتیازێك لە قۆڵی کۆنەپارێز وەرگرنو ببنە برابەش لە دەسەڵاتدا.

لە درێژەی بەیاننامەکەدا لە یەکەم خاڵدا نووسیویانە: "یەکەم: ئیسلام، وەك ئایینی ئازادیو کەرامەتی مرۆڤ، هەروا گرنگترین کۆڵەکەی کولتوورو ناسنامەی خەڵکی ئێرانە."

لە مێژە کە کاربەدەستانی ڕێژیمی دژی گەلیی خومەینی بە ناوی دینو بە کەڵك وەرگرتنی خراپ لە ناوی ئیسلام، گەلێك جینایەتیان دەرهەق بە گەلانی زۆرلێکراوو گەلانی ئەم وڵاتە ئەنجام داون. پاش ئەم ماوە دوورو درێژەی تاوانو جینایەتی ڕێژیم، ئەم بە ناو تێکۆشەری فەرهەنگیو سیاسیانە دیسانەکە، ڕادەگەیەنن کە کۆڵەکەی سەرەکیی فەرهەنگو ناسنامەی ئێرانی ئیسلامە. داخوا ئەمانە ئەو پرسیارە لە خۆیان ناکەن کە بەم شێوە تێگەیشتنەیانەوە چۆنو بە چ جۆرێك هاونیشتمانە مەسیحی، جوولەکە، بەهایی‌و . . . ڕازی دەکەن کە چۆن دەکرێ لە چوارچێوەی کۆمەڵگە دڵخوازەکەی ئەواندا مافی ئەم کەمایەتییانە پارێزراو بێ؟ داخوا میراتگرانی ئایینی کۆنی ئەم وڵاتە واتە ئەهلی هەقەکانو کەمایەتیی زەردەشتی دەبێ دیسانەکەو ئەمجارە بە دەستی بە ناو ڕیفورمخوازە میللی ـ مەزهەبی‌یەکان سەرکوت بکرێن؟ ئەمە کام خوێندنەوەیە لە ئیسلام؟ بەتایبەت میللی ـ مەزهەبی‌یەکان خوێندنەوەی شیعەیان پێ باشە یا هی سوننی‌یەکان؟ ئەگەر خوێندنەوەی شیعەکانیان پێ باشە کام ڕەوتی شیعە، شیعەی دوازدە ئیمامی یا حەوت ئیمامی؟ داخوا سەدان ساڵ دەسەڵاتی دڕندانەی کلیسا لە ئورووپاو هەروەها لە دوا ساڵەکانی چەرخی پێوەندی‌یەکان کە لە ئێراندا لە ژێر دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهدا ڕابردن، ئەو ئەزموونەی فێر نەکردوون کە دەسەڵاتی دینی چ بەرهەمێکی جگە لەوەی تا ئێستا بوویەتی، نیە؟

لە خاڵی دووەمدا نووسیویانە: "دوم: شۆڕشی ئیسلامیی ٥٧ بزووتنەوەی‌یەکی جەماوەریو پشت ئەستور بە بایەخە ڕەسەنە دینی‌یەکان بۆ وەدیهاتنی ئامانجگەلی بەرزی وەك: ئیستیقلال، ئازادی، دادپەروەریو حاکمییەتی میللی بوو . . .. بزووتنەوەی ڕیفورمخوازی دروشمی پەرەپێدانی سیاسیو بە شێوەیەکی زەقتر خەڵکسەرداریی لە سەروو بەرنامەکانی دانا، بە هیوای ئەوە کە نیزامی کۆماری ئیسلامی ئامانجو مەبەستەکانی سەرەتای شۆڕش بێنێتە دی."

ئەمانە بەشێوەیەکی چەواشە کراو شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ٥٧ دەخوێننەوەو دەستگرتن بە سەر دەستکەوتەکانی شۆڕشدا لە لایەن تاقمێکی کۆنەپەرەستەوە بە بایەخە دینی‌یەکانەوە دەبەستنەوەو لە کۆتاییشدا ڕادەگەیەنن کە مەبەستی ڕەوتی ڕیفورمخوازی ئەوەیە کە نیزامی کۆماری ئیسلامی، لەسەر ئامانجو مەبەستەکانی ئیدئۆلۆژیی ویلایەتی فەقیه بڕوا! واتە دیسانەکە دەسکەوتەکانی بزووتنەوە جەماوەری‌یەکان بە تالان بەرێتەوە!!

ریفورمخوازو میللی مەزهەبی‌یەکان نەك هەر حاشایان لە بوونی ئایینو مەزهەبە جیاجیاکان لە ئێراندا کردوە بەڵکوو هیچ ئاماژەیەکیشیان بە فرەگەلی لە ئێراندا نەکردوە تا ڕوون بێتەوە کە کاتێك کە بەردی حاکمیەتی میللەت لە سنگ دەدەن، خەڵك بزانن مەبەستیان کامە میللەتە؟ داخۆ گەلێکی تایبەتیان لە نێو گەلانی وەك: کورد، فارس، عەرەب، ئازەری، بەلووچو تورکمەن مەبەستە یا ئەوەی کە ئەوانیش باوەڕیان بە ئەفسانەی "تاکەنەتەوە" کە دەسکردی ڕەزاخانە، هەیە؟

لە درێژەی بەیاننامەکەدا لە خاڵی سێهەمدا دەڵێن: "بە پێی ئەسڵو بنەما دینی‌یەکان کە لە هزری شۆڕشی ئیسلامی‌دا وەدی هات کەس بۆی نیە کە لە ژێر هیچ ناوو نیشانێکدا، بە بێ ڕەزامەندیی خەڵك ئیرادەی خۆی بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنێ . . . . " بەڵام دەبێ ئەوەیان وەبیر بێنینەوە کە بە گوێرەی پێودانگو بنەماکانی ئەو ئایینەی کە لە هزری کۆماری ئیسلامی‌دا بنجی بەستو وەلیی فەقیه دەسەڵاتی ڕەهای بە سەر گیان، ماڵ، ناموسی خەڵکدا هەیەو نوێنەری ڕاستەوخۆی خوا لە سەر ئەردەو هەر ئەوانەی ئەم بەیاننامەیەیان ئیمزا کردوە داکۆکی لە قانوونی ئەساسی‌یەك دەکەن کە زۆر بە ڕوونی وەلیی فەقیه لە سەروو هەموو قانوونێکەوە دادەنێ!

سەیر لەوە دایە کە پاش ئەو هەموو قسە ناتەباو بزڕکاوانەی کە لە بەیاننامەکەدا کراون، لە کۆبەندی قسەکانیاندا دەڵێن: " . . . لەو باوەڕەداین کە بەرژەوەندیی میلیی ئێران لەم هەلومەرجە ناسکەی ئێستادا ئەوە دەخوازێ کە بۆ کەمکردنەوەی گرژی‌یە سیاسی‌یەکان هەوڵ بدرێو ڕێگە بۆ لێك نزیکبوونەوەو یەکیەتیی خۆش بکرێ . . .". واتە دیسانەکە ڕاستیی ئەو قسەیە کە لە سەرەتادا کردمان دەردەکەوێ کە ئەمانە لە خەمی خەڵکدا نین، بەڵکوو تەنیا دەیانەوێ ئیمتیاز لە قۆڵی کۆنەپارێز وەرگرنو لە دەسەڵات دا ببنە برابەش.

❊❊❊

❊ئەو ڕستانەی کە لە نێو گیۆمەدا هاتوون لە "بەیاننامەی تێکۆشەرانی فەرهەنگی ـ سیاسیی ئێراندا"و لە ماڵپەری گویا، ڕێکەوتی ڕۆژی ١٣٨٢/٢/٢٩ وەرگیراون.

❊❊❊

# گەڵاڵەی یاسایی پشتیوانی لە دێموکراسی لە ئێران، نیشانەیەك لە گۆڕانی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران

عەولا بەهرامی

رۆژی ٢٩ی بانەمەڕ سێناتۆری کۆماریخوازی ئەیالەتی کازانس، سام براون باك "Sam Broun Back" ئەندامی کۆمیسیۆنی سیاسەتی دەرەوەی سێنای ئەمریکا، گەڵاڵەیەکی یاسایی پێشنیار کرد کە ئەگەر پەسند بکرێ، دەوڵەتی ئەمریکا لەسەری دەبێ بوودجەیەکی ٥٠ میلیۆن دۆلاری بە مەبەستی پشتیوانی لە دێموکراسی بخاتە بەردەست گرووپەکانی لایەنگری دێموکراسیو بەرنامە رادیۆو تلویزیۆنییەکانی ئێرانییەکانی نیشتەجێی دەرەوەی وڵات.

گۆمانی تێدا نیە کە گەڵاڵەکەی براون بە تەواوی لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی حیزبی (کۆماریخواز)و دەوڵەتی ئێستا دایەو لەڕاستیدا دەربڕی سووربوونی کۆماریخوازەکانە لەسەر کارکردن بۆ ئەو ستراتیژییە نوێیەی کە مەبەست لەو دابینکردنی بەرژەوەندییە کورتماوەو درێژخایەنەکانی ئەمریکا لەو ناوچە هەستیارو گرنگەی جیهان دایە.

کورتە ئاوڕێك لە هێندێك لە لایەنەکانی گەڵاڵەی ستراتیژیی نوێی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کە دەوڵەتی ئەو وڵاتە ناوی "گەڵاڵەی گۆڕینی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست"ی لێ ناوە، دەتوانێ لە روونکردنەوەی لایەنەکانی ئەو گەڵاڵەیەو هەروەها شێوەی هەڵسووکەوت لەگەڵیدا تا رادەیەکی بەرچاو یاریدەدەر بێ. بۆ ئەم مەبەستە دیارە دەبێ سەرنج بدەینە ئەو بیرو بۆچوونو روانگانەی کە لە لایەن کەسایەتییە زانستی، سیاسیو ستراتژیستە ئەمریکاییەکانەوە لەم پێوەندییەدا هاتوونەتە گۆڕێ. لێرەداو بۆ خۆ بواردن لە درێژبوونەوەی بابەتەکە تەنیا بە هێنانەوەی هەڵبژاردەیەك لە بیروڕاکانی یەکێك لە دیارترین کەسایەتییە سیاسییەکان واتە پاوڵ ولفۆویتس "Paul Wolfowitz"(*) کە ئێستا جێگری وەزیری بەرگریی ئەمریکایە، قەناعەت دەکەین:

١ـ ئەمریکا لە سەردەمی شەڕی ساردا ناچار بوو بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی، لە زۆربەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا لایەنگری لە حکوومەتە سەرەڕۆو نادێموکراتیکەکان بکا، چونکە بە سەرنجدان بەوە کە ئەو حکوومەتانە پێگەی خەڵکییان نەبوو، ناچار بوون سەبارەت بە پشتیوانیی سیاسی، نیزامیو ئابووریی ئەمریکا مل بۆ هاوکاری لەگەڵ ئەو وڵاتە راکێشن،



پاول ولفووینز



سام براون بەك

بەڵام دوای لەیەك هەڵوەشانی ئیمپراتۆریی سۆڤیەت، ئەمریکا ناچار نیە ئەو وەزعییەتە بپارێزێ.

٢ـ پشتیوانیی ئەمریکا لەو جۆرە حکوومەتانە بۆتە هۆی ئەوە کە خەڵکی ئەو وڵاتانە ئەمریکا بە بەرپرسو خولقێنەری وەزعییەتی نالەباری خۆیان بزانن لە ئاکامدا لە زۆربەی وڵاتانی موسوڵماندا هەستی دژی ئەمریکایی بە شێوەیەکی سەرسووڕ هێنەر رووی لە زیادبوونەو هەروەها ئەو کارە بووە هۆی پەرەئەستاندنی تیرۆریسمی دژی ئەمریکایی لە جیهانی ئیسلامداو کارەساتی ١١ی سێپتامبریش ئاکامی سروشتیی ئەو وەزعییەتە بوو.

٣ـ کەواتە بۆ ئەوە بتوانرێ لەگەڵ تیرۆریسم بەربەرەکانی بکرێ، دەبێ ئەمریکا گۆڕانکاری بەسەر سیاسەتی خۆی لە جیهانو بە تایبەت لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بێنێ، واتە دێموکراتیزەکردنی وڵاتانی دواکەوتوو. کاتێك خەڵکی وڵاتانی دواکەوتوو لە نێو ئەوانیشدا بۆ وێنە وڵاتانی موسوڵمان ببینن کە بە یارمەتی ئەمریکا دەتوانن حکوومەتە سەرەڕۆکانی خۆیان بڕووخێننو حکوومەتگەلی دێموکرات هەڵبژێرن، لەو بارەیاندا تووڕەیی موسوڵمانان لە ئەمریکا تەواو دەبێو دەبنە دۆستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. کورەی باشوور ئەو وڵاتەیە کە دەتوانرێ رەوتێکی سەرکەوتووی لەو بابەتەی تێدا ببینرێ. شەڕی کورە کە بە دابەشبوونی ئەو وڵاتە کۆتایی هات، بۆتە هۆی ئەوە کە ئەمریکا لە کورەی باشووردا لە حکوومەتی سەرەڕۆیانەی نیزامییەکان پشتیوانی بکا، بەڵام هاوتەریب لەگەڵ گەشەی ئابووری لەو وڵاتەداو بە تایبەت دوای رووخانی ئۆردووگای سۆسیالیستی، ئەمریکا وردە وردە توانی حکوومەتی سەرەڕۆی کورەی باشوور بکاتە حکوومەتێکی دێموکراتیك کە بۆ زۆربەی وڵاتانی رووەو پەرەسەندن وێنەیەکی بەرچاوە.

٤ـ ئێستا لەگەڵ دوو شێوە حکوومەتی سەرەڕۆ لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەرەو رووین. دەستەی یەکەم بریتین لەو حکوومەتانەی سەرەڕۆو دیکتاتۆرین، بەڵام بۆ درێژەی دەسەڵاتیان پێویستییان بە ئەمریکا هەیە، وەك حکوومەتەکانی سعوودی، میسرو هتد. دەستەی دیکەیان ئەو حکوومەتانەن کە هەرچەند خاوەنی نێوەڕۆکی دژی دیموکراتیکییانەن، بەڵام دۆستی ئەمریکا نین، وەك حکوومەتەکانی عێراق، سووریە، لیبیو ئێران. ئەمریکا دەبێ بە فشارهێنان بۆ حکوومەتەکانی دەستەی یەکەم، بوار بۆ گۆڕانی لە سەرەخۆی ئەوان بە حکوومەتگەلی دێموکراتیك خۆش بکا. بەڵام ئەو حکوومەتانەی سەر بە دەستەی دووهەمن، بەو پێیە کە دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەجووڵێنەوە، دەبێ لە نێو بچنو لەم پێوەندییەدا بەکارهێنانی هێزی نیزامی کارێکی پێویستە. . .[(١)]

بە لەبەرچاوگرتنی سیاسەتەکانی ئەمریکا سەبارەت بە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستو بە تایبەت وڵاتەکەمان ئێران، بەو ئاکامە دەگەین کە لە سیاسەتەکانی ئەمریکا سەبارەت بە ناوچەو ئێران گۆڕانکاری پێك هاتووە. لەم پێوەندییەدا ئاوڕدانەوەیەکی هەرچەند کورتیش لە سیاسەتەکانی ئەمریکا سەبارەت بە ئێران دەتوانێ زیاتر یارمەتیدەر بێ بۆ نیشاندانی ئەو گۆڕانکارییە. ئیدوارد جۆرجیان(**) لە وتارێکدا کە رێکەوتی ٣٠ی نوامبری ١٩٩٣ لە ئەنجومەنی کاروباری جیهان لە لۆس‌ئانجلێس سەبارەت بە سیاسەتەکانی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا خوێندیەوە، لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا وێڕای باسکردنی نیگەرانییەکانی وڵاتەکەی سەبارەت بە ئێران، وتی: "گۆڕینی حکوومەتی ئێران لە سیاسەتی ئێمەدا نیە، بەڵکوو لەسەر ئەو بڕوایەین ئێران تێ بگەیەنین هەڵسوکەوتی خۆی بگۆڕێو روونمان کردۆتەوە کە ئامادەین بۆ دانوستان سەبارەت بە ناکۆکییەکانمان دیالۆگ بکەین."[(٢)]

دیارە گۆڕانی سیاسەتی ئەمریکا لە پێوەندی لەگەڵ رۆژهەڵاتی نێوەڕاستو ئێراندا، بەرچاوتر لەوەیە کە پێویستیی بە هێنانەوەی بەڵگەی زیاتر بێ، ئەوەی کە لەم نێوەدا زیاتر لە هەموو شتێك گرنگیی هەیە، چۆنیەتیی هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەو سوود وەرگرتنە لەو بارودۆخەی کە هاتۆتە گۆڕێ بە قازانجی پێکهێنانی گۆڕانکاریی دێموکراتیكو بەرەوپێشەوەبردنی پرۆسەی دێموکراتیزاسیۆن لە ئێران دایە. گومان لەوەدا نیە کە پێکهێنانی گۆڕانکاری لە وەزعییەتی جیهانیو ناوچەییو فاکتەرەکانی پێوەندیدار بەوانەوە، ئەویش بە قازانجی ئامانجەکانی بزووتنەوەی دێموکراسیخوازی لە ئێراندا جێگای خۆشحاڵیی هێزە دێموکراسیخوازەکان بێو پێشوازیی لێ بکەن. بەڵام ئەوە بە تەنیا ناتوانێ بەرهەمێکی گرنگی بۆ بزووتنەوەکە بەدواوە بێ.

گەڵاڵەی یاسایی پشتیوانی لە دێموکراسی لە ئێراندا بە سەرنجدان بەو وەرچەرخانەی لە سیاسەتی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا پێك هاتوە گرنگییەکی تایبەتی هەیە. روانگەیەکی ئەوتۆ لە سیاسەتی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی ئەمریکادا دەتوانێ شوێنەواری جۆراوجۆری لەسەر بارودۆخی سیاسیو هاوسەنگیی هێزەکان لە ئێراندا هەبێ. چونکە بەدوای هەڵێنانەوەی هەنگاوەکانی ئەمریکا لە ناوچەدا بە مەبەستی گەیشتن بە ستراتیژییە نوێیەکەدا، بە شێوەیەکی سروشتی دەتوانین چاوەڕوان بین کە دەسەڵاتدارانی سەرەڕۆی وڵات ئیدی نەتوانن لە هەلومەرجی ناوچەییو جیهانی بە قازانجی درێژەی دەسەڵاتیانو سەرکوتی بزووتنەوەی ئازادیخوازیو دێموکراسیخوازی کەڵك وەرگرنو لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا ئەوجار ئەوە هێزە سیاسییە پێشکەوتنخوازەکانی نێوخۆو دەرەوەی وڵاتو بەگشتی بزووتنەوەی دێموکراسیخوازیی ئێرانن کە دەتوانن لە هەلومەرجی پێکهاتوو، لە پێناوی هێنانە دیی ئامانجە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی ئێران سوود وەرگرن.

پێکهاتنو شکڵگرتنی هەلومەرجی نوێ لە ناوچەو کەوتنە ژێر فشاری دەسەڵاتدارەتیی مەزهەبی لە لایەن کۆمەڵگەی جیهانیو بەتایبەت ئەمریکاوەو لەوەش واوەتر گونجانی قازانجەکانی بزووتنەوەی خەڵکی ئێران بۆ دێموکراسی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، رەوتی خەباتی خەڵکی ئێران دەباتە قۆناخێکی نوێوە. سروشتییە ئەم قۆناخەش لە خەبات پێویستیی بە هەڵسوکەوتی وشیارانەی هێزە سیاسییەکانی کۆمەڵگەو هەروەها پێویستیی بە دابینکردنی پێداویستیی نوێو دیاریکردنی رێبازی گونجاو لەگەڵ ئەو دایە کە بەرچاوترینیان دەتوانین لەم خاڵانەی خوارەوە بخەینە بەرچاو:

ـ پێکهاتنی لێك نزیکبوونەوەی زیاتر لە نێوان هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ئۆپۆزیسیۆندا

ـ دیاریکردنی رێگاو شێوازەکانی کەڵك وەرگرتن یان بەکار هێنانی فاکتەری دەرەکی

ـ دیاریکردنی ئاستی چاوەڕوانییەکانی جووڵانەوە لە فاکتەرە دەرەکییەکان

ـ خێراکردنی رەوتی خەبات لە نێوخۆداو دامەزراندنی پێوەندیی بەربڵاو لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە دەرەوەی وڵات

ـ تێکۆشانی لێبڕاوانە بە مەبەستی پتەوکردنی فەرهەنگی دێموکراسی لە وڵاتدا

ـ تیوریزەکردنی داخوازییە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگەی ئێران

لە گۆڕێدابوونی هەلومەرجێکی نوێی ناوچەییو جیهانیو پشتیوانیی یەك یان چەند هۆکاری دەرەکی لە بزووتنەوەی سیاسیی خەڵکی ئێران بۆ ئازادیو دێموکراسیو ئامانجەکانی دیکەی ئەوان، بە تەنیا ناتوانێ شوێنەوارێکی ئەوتۆی لە وەدیهاتنی ئەو ئامانجانەدا هەبێ. ئەوەی لێرەدا دەبێ سەرنجی بدرێتێ بریتییە لە سڕینەوەی بیرۆکەی "هیوا بە رزگاریدەرو دەستەوەستانی" لە زەینی هێزە سیاسییەکانو کۆمەڵانی خەڵکی وڵاتداو بەهێزکردنی روانگەی واقیعگەرایی لە سیاسەتداو بەهێزکردنی هێزی کۆمەڵانی خەڵكو روونکردنەوەی دروشمە هاوبەشو سەردەمیانەکانی هەموو هێزە پێشکەوتنخوازەکانی گۆڕەپانی سیاسیی ئێران. چونکە ئەوەی لە کۆتاییدا چارەنووسی ئێران دیاری دەکا، خەباتی هاوبەشی خەڵكو هێزە دێموکراسیخوازو پێشڕەوەکانی ئەوانەو فاکتەرە لەبارە دەرەکییەکان تەنیا دەبێ بە قازانجی بەهێزکردنی خەبات کەڵکیان لێ وەرگیرێ.

پەراوێزو سەرچاوەکان:

(*) داڕێژەری بیردۆزی گۆڕینی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست

(**) راوێژکاری وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی ئەمریکا لەبواری رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا

١ـ صالحی منوچهر، ایران و استراتژی نوین آمریکا در خاورمیانە، "سایت ایران امروز"

٢ـ جۆرجیان ئێدوارد، سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە عێراقو ئێرانو مەسەلەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەرگێڕانی رەوەز، گۆڤاری "روانگەی جیهان"، ژمارە ٢، نیسانی ١٩٩٣

❋❋❋

# دەبوا ئەمریکا شێوەیەکی جیاوازو وردتری بۆ بەربەرکانێ لەگەڵ پڕۆژە ئەتۆمییەکانی تاران هەڵبژاردبایە

وەرگێڕانی لە ئینگلیسییەوە: م. هیجری

دەوڵەتی بوش پاش ڕووخانی حکوومەتی عێراق وەك یەکێك لە وڵاتانی "محور شرارت" (تەوەری شەڕو ئاژاوەگێڕی) و هەوڵدان بۆ پووچەڵکردنەوەی هەڕەشەی کورەی باکووری، ئێستاکە سەرنجی خستۆتە سەر پڕۆژەی گومانـاویی چەکی ناوکیی ئێران. بەڵام مەبەست بە پێچەوانەی عێراق لە باتی سزادانی ئێران دەبێ ئەوە بێ کە ئەو وڵاتە ئاگادار بکرێتەوە سەربزێوی نەکا.

نیگەرانیی رۆژبە رۆژ زیاتر لەوەی کە پڕۆژەی ناوکیی ئێران گەیشتۆتە ئاستی بەرهەمهێنانی کەرەستەی پێویست بۆ چەکی ناوکی، کۆشکی سپی پاڵەپەستۆ دەخاتە سەر وڵاتانی ئەندام لە ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی تا بە دەرکردنی بەیاننامەیەك لەو پێوەندییەدا کە تاران ئەو رێکەوتننامەیەی کە سەبارەت بە پەرەپێدانی وزەی ناوکی ئیمزای کردوە، پێشێل کردوە. لەوانەیە کە ئەم کارەی ئەمریکا بە گوێرەی ئەو راپۆرتە بێ کە بەم دوایانە IAEA لە بارەی ئامێرە تێکنیکییەکانی دەوڵەمەندکردنی ئۆرانیۆم لە شاری نەتەنزدا کە کارناسانو تێکنۆلۆژییەکەی لە لایەن ڕووسیەوە ـ یەکێك لە خاڵەکانی ناکۆکیی نێوان واشنگتۆنو مسکۆ ـ دابین کراون، ئامادەی کردوە.

ئێران حاشا لەوە دەکا کە بەرنامەی بەرهەمهێنانی ناوکی بەدەستەوەیەو سەرەڕای ئەوەی کە کاربەدەستانی بەرپرسی کاروباری وزە داکۆکیان لەو ئیمکاناتە کردوە کە بۆ پڕۆژەی بەرهەمهێنانی وزەی ناوکی وەك دامەزراوێکی غەیرە نیزامیو ئاشتیخواز بۆ بەرهەمهێنانی وزەی بەرق لە بەردەستیان دایە. هێندێك لە دیپلۆماتەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان گوتویانە کە قەناعەت بەو قسانەی کاربەدەستانی ئێران ناهێنن. ئەوان لەوە نیگەرانن کە ڕەنگە ئێران لە پاش قۆناغی گۆڕینی پاشماوە ناوکییەکان، خەریکی بەرهەمهێنانی پلۆتۆنیۆمو یا دەوڵەمەندکردنی ئۆرانیۆم بۆ بەرهەمهێنانی کڵاوە ناوکییەکان بێ. ئەو دامەزراوانەی کە لە لایەن ڕووسیەوە دروست کراون ئەگەر هێندێك گۆڕانکارییان تێدا بکرێ، ڕاست ئەو کڵاوانە بەرهەم دێننو ئێران قەت ئەوەی ڕوون نەکردۆتەوە کە ئەگەر بە تەمای بەرهەمهێنانی ئەو کڵاوە ناوکییانە نیە، بۆچی لە هەوڵی دەستڕاگەیشتنی تەواو بەو کەلوپەلانەدایە کە بۆ دەوڵەمەندکردنی ئۆرانیۆم کەڵکیان لێ وەردەگیرێ؟

بەکارهێنانی مەودادی ناوکی بۆ تاقیکردنەوەی ئەو ئامێرانەو هەوڵدان بۆ شاردنەوەی، دەکرێ بە پێشێلکردنی ڕاستەوخۆی ڕێککەوتننامەی پەرەپێنەدانی چەکە ناوکییەکان دابنرێ کە ئێران ئەو ڕێککەوتننامەیەی مۆر کردوە.

پێویستە واشنگتۆن IAEA[(١)] بخاتە ژێر فشارەوە تا نوێترین ڕاپۆرتی خۆی لە سەر چۆنیەتیی جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتننامەیە لە لایەن ئێرانەوە، بخاتە ڕوو. بەڵام ئەگەر دەرکەوت کە ئێران ئەو ڕێککەوتننامەیەی پێشێل کردوە، هەرچۆنێك بێ ئەم مەسەلەیە دەبێ بە لە بەرچاوگرتنی ململانێ نێوخۆییەکانی نێوان مەزهەبییە توندڕەوەکانو ئەو واقعیبینانەدا کە ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەیان دەچێتە سەرێ، لێك بدرێتەوە کە بۆ پێکهێنانی نەختێك کەشی دێموکراتیك هەوڵ دەدەن.

ئێران کۆمەڵگایەکە کە بەرەو گۆڕان دەچێو دەبێ بە شێوەیەکی وشیارانەو ژیرانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێو بارە سیاسییەکەیو هەروەها ڕۆڵی ڕووسیە لە پێشخستنی پڕۆژە ناوکییەکەیدا لە بەرچاو بگیرێ.

❋❋❋

(١) International Atomic Energy Asociation

سەرچاوە:

Newsday,inc

٩ی مانگی ٢٠٠٣

# هەواڵەکانی دەرەوەی وڵات

## بەشداری لە کۆبوونەوەی ساڵانەی "دیوانی ئاشتی بۆ کوردستان" لە فینلاند

ڕۆژی ٢٠٠٣/٥/٢٧ "دیوانی ئاشتی بۆ کوردستان" کۆبوونەوەی ساڵانەی خۆی بە مەبەستی تاوتوێکردنی چالاکی‌یەکانی لە ساڵی ٢٠٠٣ ـ ٢٠٠٤دا پێك هێنا. بەشی یەکەمی کۆبوونەوەکە بۆ ماوەی دوو کاتژمێر بۆ باس لە ڕەوشی کوردستان دوای ڕووخانی حکوومەتی سەدام تەرخان کرابوو. کۆبوونەوەکە سەرەتا لە لایەن پرۆفیسۆر"یۆران بۆندسدرۆف"، سەرۆکی دیوانی ئاشتی بۆ کوردستان کرایەوەو دوای بەخێرهێنانی بەشداران‌و ڕاگەیاندنی باسەکانی کۆبوونەوە، نۆرە درایە بەشدارانی بانگ کراو بۆ بەشی یەکەمی سمینارەکە. شیاوی باسە لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە هاوڕێ مەجید حەقی، بەرپرسی پێوەندی‌یەکانی حیزب لە فینلاند بەشداری سمینارەکە ببوو. ناوبراو لە وتارێكدا لە ژێر ناوی "ئاسۆی کوردستانی ئێران دوای ڕووخانی حکوومەتی سەدام"، وێڕای ئاماژە بە مێژووی گەشەسەندنی سیاسەتە ئابووری‌و ناوچەیی‌یەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌و ستراتیژیی هێمنایەتیی نەتەوەیی وڵاتە یەکگرتووەکان، باسی کێشەی کورد لە ڕوانگەی ستراتیژیی تازەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو پێوەندی‌یەکانی ئەو وڵاتە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی‌دا کرد. لە بەشی ئاسۆی کوردستانی ئێران دوای ڕووخاندنی حکوومەتی سەدام، مەرجی خێرای گەشەسەندنی جووڵانەوەی گەلی کوردو گەیشتن بە مافە نەتەوایەتی‌یەکانی لەو بەشەدا بەستراوەتەوە بە چۆنیەتی پرۆسەی دێموکراتیزە کردنی عێراق‌و شوێنی کورد لە داهاتووی عێراق‌داو هەروەها سەرکەوتنی گفتگۆکانی پرۆسەی "ڕێگای ئاشتی" لە نێوان ئیسرائیل‌و فەلەستین بە شکستی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران زانرا.

بەشی یەکەمی بەرنامەکە دوای باس‌و گفتگۆو وەڵامدانەوە بە پرسیاری ئامادەبووان کۆتایی پێ‌هات‌و کۆبوونەوەی نێوخۆیی دیوانی ئاشتی بۆ کوردستان دەستی پێ کرد.

دیوانی ئاشتی بۆ کوردستان ڕێکخراوێکی نادەوڵەتیی فینلاندی‌یە کە لە ڕۆژنامەنووس، مافناس، پسپۆڕانی بوارە جۆراوجۆرە سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌یەکانی ئەو وڵاتەو ڕێکخراوەکانی دیکەی فینلاندی لە ساڵی ١٩٩٥ەوە پێك هاتوە. ئامانجی دیوانی ئاشتی هەوڵدان بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە ڕێگای دیالۆگ‌و بە بەشداریی وڵاتێکی سێهەم یان نەتەوە یەکگرتووەکانە. لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا دیوانی ئاشتی هەوڵێکی زۆری داوە بۆ پێکهێنانی کۆنفرانسی دۆستایەتی، هاوکاری‌و هێمنایەتیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە بەشداریی نوێنەرانی زۆربەی نەتەوەکانی ئەو دەڤەرە، بە مەبەستی باس‌و گفتگۆ بۆ گەشەپێدانی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا.

سەرۆك‌و دامەزرێنەری دیوانی ئاشتی بۆ کوردستان پرۆفیسۆر "یۆران بۆندسدرۆف"، پرۆفیسۆری مافەکانی نێونەتەوەیی‌و دامەزرێنەری یەکیەتیی ئاشتی لە فینلاندو یەکێك لەو کەسانەیە کە لە ماوەی ٥٠ ساڵی ڕابردوودا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە چارەسەری کێشە نێونەتەوەیی‌یەکاندا.

***

## خۆکوژیی پەنابەرێکی کورد لە شاری "ڤاسا"ی فینلاند

سەر لە بەیانیی ڕۆژی شەممە ٢٠٠٣/٥/٢٤ پەنابەرێکی کورد بە ناوی "جەماڵ شەمامی" بە هۆی نەخۆشیی دەروونی‌یەوە لە نەخۆشخانەی شاری ڤاسا خۆی خنکاند. جەماڵ شەمامی خەڵکی شاری بۆکان بوو کە ماوەی نۆ ساڵ بوو لە فینلاند دەژیا. ناوبراو بە هۆی گیروگرفتی ئاوارەیی‌و دووری لە بنەماڵە تووشی نەخۆشیی دەروونی ببووو سەرئەنجام لە نەخۆشخانەی شاری ڤاسا کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

وێڕای کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە فینلاند بە بۆنەی ئەو کارەساتەوە سەرەخۆشیی خۆمان پێشکەشی کەسوکارو بنەماڵەی نابراوو هەموو خەڵکی شاری بۆکان دەکەین.

***

## کۆچی دوایی دڵسۆزێکی لە مێژینەی حیزب

ڕۆژی پێنجشەممە ٢٥ی بانەمەڕ دڵسۆزێکی لە مێژینەی حیزب‌وگەل بە ناوی کاك "خدر ئەبووبەکری" ناسراو بە "خدری مەحموودە سوور" بە هۆی سەکتەی مەغزی‌یەوە کۆچی دوایی کرد. ناوبراو ساڵی ١٣١٠ی هەتاوی لە گوندی "کووندرێ" سەر بە ناوچەی لاجانی پیرانشار لە دایك بوو، پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی وەك هێزی بەرگریی میللی هاتە نێو ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. هەر بەو هۆیەوە لە لایەن ڕێژیمەوە گیراو بۆ ماوەی ساڵێك لە بەندیخانەی "دەریا"ی ورمێ‌دا زیندانی کرا. دوای ئازادبوونی سەرەڕای ئەوە کە چەندین جاری دیکەش گیرا، بەڵام هەموو جارێ دوای ئازاد بوونی لەگەڵ کۆمیتە شارستانی پیرانشار پێوەندی دەگرتەوەو خەریکی بەڕێوەبردنی ئەرکە حیزبی‌یەکان دەبوو.

"کوردستان" بەبۆنەی کۆچی دوایی ئەم ئەندامە دڵسۆزەی حیزب سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزی دەکاو سەبرو سێبوری بۆ خزم‌و کەس‌و دۆستان‌و ئاشنایانی بە ئاوات دەخوازێ.

***

## هانای نێونەتەوەیی بۆ ڕزگار کردنی گیانی زیندانیانی سیاسی لە ئێران‌دا

"محەممەد ئیسماعیل‌زادە" ناسراو بە محەممەد شارویرانی، تەمەن ٣٥ ساڵ‌و خەڵکی مەهاباد، ڕێکەوتی ١٣٧٥/٥/١٧ لە گوندی قەرەخانی سەر بە ناوچەی شاروێرانی مەهاباد گیراو بە سەختی ئەشکنجە کرا. هاشمزادە، قازیی دادگای لقی یەکی دادگای "شۆڕش"ی ئیسلامی لە مەهاباد ناوبراوی بە پێی حوکمی ژمارە ١٨ ـ ٥٧٥٢ ـ ٢١ بە تاوانی هاوکاریی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ئێعدام مەحکووم کرد. محەممەد بە ناردنی نامەیەك بۆ دیوانی بەرزی ڕێژیم، کۆمیسیۆنی ئەسڵی نەوەدی مەجلیسی کۆنەپەرەستی، دەزگای قەزایی‌و دادستانی گشتیی ڕێژیم نارەزایەتی خۆی نیسبەت بە حوکمەکەی کە لە لایەن هاشمزادەوە درابوو، دەربڕی‌و داوای کرد کە حوکمی ئێعدامەکەی هەڵوەشێنێتەوە. بەو حاڵەش لقی ٢١ی دیوانی بەرزی ڕێژیم لە ڕێکەوتی ٧٧/١٢/١١ بە پێی حوکمی ژمارە ٨٤ /١٠٢١٧ حوکمی ئێعدامەکە بە گوێرەی ئەو تاوانانەی کە خراونەتە پاڵی، وەك ئەندامەتیی حیزبی دێموکرات، چالاکیی چەکدارانە، ئەندامگیری، بەشداری لە کوشتنی سێ بەکرێگیراوی ڕێژیم لە ناوچەکەداو هەروەها سووتاندنی دوو دەزگا بۆڵدوزێری ڕێگاو بان، تەئیید دەکاو لە ڕێکەوتی ١٣٨١/١٠/١٩دا قەتعی بوونی حوکمەکەی پێ ڕادەگەیەندرێ.

محەممەد سمایل‌زادە، لە کاتی گیرانی‌دا دەکەوێتە بەر گوللەی پاسداران‌و لاقی بریندار دەبێ. بەڵام جەلادەکانی ڕێژیم برینەکەی دەرمان ناکەن‌و هەر بەو حاڵە لێکۆڵینەوەی لی‌دەکەن‌و ئەشکەنجەی دەدەن. دوای ماوەیەك لێکۆڵینەوە لێکردن‌و ئەشکەنجەدانی لاقی چەپی محەممەدیان لە کاتێكدا کە بە توندی کێمی لی‌دەچوو دوو جار بڕیەوە. محەممەد، هاوسەرو کوڕێکی حەوت ساڵەی هەیە.

خالیدی فەرەیدوونی‌و عومەر فەقەپوور لە کۆتایی ساڵی ١٣٧٩دا لە ناوچەی پیرانشار گیران‌و پاش ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر، ساڵێك دواتر لە لایەن لقی یەکی دادگای "شۆڕش"ی ئیسلامیی مەهابادەوە بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حوکمی ئێعدامیان بۆ بڕایەوە. خالید لە کاتی گیرانی‌دا لاقی بە گوللەی پاسدارەکان بریندار دەکرێ کە هێشتا بە دەستی ئەو برینەوە ئازار دەچێژێ. حوکمی ئێعدامی ئەم دوو زیندانی‌یە بە مەبەستی تەئیید کردن بۆ دیوانی بەرزی ڕێژیم نێردراوە. هەر دووکیان خێزانیان هەیە.

کانوونی زیندانیانی سیاسیی ئێران "لە تاراوگە"، وێڕای ئەوەی کە ئەو حوکمانەی کە بۆ ئەم سێ زیندانی‌یە سیاسی‌یە دەرکراون مەحکووم دەکا، داوا لە ڕێکخراوو حیزبە چەپ‌و پێشکەوتوو، دامەزراوە دێموکراتیکەکان، پارێزەرانی مافەکانی مرۆڤ‌و ناوەندە خۆجێیی‌و نێونەتەوەیی‌یەکانی پارێزەری مافەکانی مرۆڤ دەکا نارەزایەتیی خۆیان لە بەرامبەر حوکمی ئێعدامی ئەو سێ زیندانی‌یەدا دەبڕن‌و بۆ هەڵوەشاندنەوەیان تێ‌بکۆشن.

**کانوونی زیندانیانی سیاسیی ئێران (لە تاراوگە)**
**١ی جۆزەردانی ١٣٨٢ (٢٢ی مای ٢٠٠٣)**

# بە بۆنەی ١ی ژوئەن، ڕۆژی جیهانیی منداڵانەوە

**خەدیجە مەعزوور**

منداڵ بە مرۆڤێك دەڵێن کە لەباری جیسمی‌و فیکرییەوە گەشەی نەکردبێ‌و بە تەنیایی توانای پارێزگاری لە خۆی نەبێ‌و نەتوانێ ئەرکی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی خێزان وەئەستۆ گرێ‌و پێویستی بە باوەشی گەرمی دایك، خۆشەویستیی بنەماڵەو، پەروەردەو بارهێنان‌و خوێندن بێ‌و لەگەڵ هاوتەمەنەکانی‌دا کایە بکاو لە بەرامبەر یاساشدا بێ‌تاوان بێ. لەباری قانوونی‌یەوە مرۆڤی ژێر ١٨ ساڵ منداڵی پێ‌دەڵێن.

لەو وڵاتانەدا کە شەڕو گێرەوکێشەی جۆراوجۆر لە بوارەکانی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی لەگۆڕێ دابوون‌و ڕاستەوخۆ بەرۆکی هاووڵاتیانی گرتۆتەوە، سەرەتا زەرەرو زیانەکانی ئەم کێشانە لە پێشدا هەڕەشەی لە منداڵان کردووە‌و زۆر جاریش لەگەڵ مەرگ‌و نەمان بەرەو ڕووی کردوون.

بۆ ئەوەی منداڵ نەکەوێتە بەر هەڕەشەو مەترسی‌و ساتوسەودای سێکسیی پێ‌نەکرێ‌و لەشی ناسکی لە مووچەو مەزراو کارخانەکاندا نەکەوێتە بەر کاری سەخت‌و تاقەتپڕووکێن‌و یا ئەندامانی جەستەی بۆ فرۆش لەت لەت نەکرێن، پێویست بە بوونی ناوەندێکی بە هێز یا ڕێکخراوێك هەیە کە بێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز، ڕەنگ‌و مەزهەب دیفاع‌و پشتیوانی لە مافەکانی منداڵ بکا.

لە ساڵی ١٩٤٥ی زایینی‌دا بە پێشنیارو تێکۆشانی هێندێك دامەزراوی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕۆژی ١ی ژوئەن وەك "ڕۆژی جیهانیی منداڵان" دیاری‌کرا، کە کاتی خۆی زۆربەی هەرە زۆری وڵاتان پشتیوانی‌یان لی‌کرد. دیارە دیاریکردنی



ئەم ڕۆژە، لەلایەك بە مەبەستی یارمەتیکردن بە منداڵان لە بوارەکانی پەروەردەو بارهێنان، لەشساغی، ئابووری، بردنە سەری ئاستی فیکریی منداڵان لە سەرانسەری دنیاداو لەلایەکی دیکەوە بۆ ئەوەی ئەو ڕۆژە هەلێك بێ بۆ دەرخستن‌و نیشاندانی تواناو داهێنان‌و ئیستعدادو ویست‌و داخوازەکانی منداڵان، دیاری کراوە.

زیاتر لە نیو سەدە لەکاروتێکۆشانی ڕێکخراوی "unicef" تێ‌دەپەڕێ. بەڵام هێشتا ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە شێوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ منداڵان لە وڵاتانی جیهان، تەنانەت لە وڵاتە پێشکەوتوو و دێموکراتیکەکانیشدا پێك نەهاتوە. ئێستاش منداڵان دەکەونە بەر پەلامارو بازرگانیی سێکسی‌یان پێوە دەکرێ‌و یا بێ‌بەزەیی‌یانە دەستدرێژیان دەکرێتە سەرو بە میلیۆنان منداڵ بۆ دابینکردنی بژێوی خۆیان لە مەزراو کارخانەکان‌دا کاری سەخت‌و مەترسیدار دەکەن. لەو بوارەدا "وی بێر" بەڕێوەبەری گشتیی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کار، لە ڕاپۆرتی ساڵانەی پارەکەی خۆی‌دا ڕای‌گەیاند کە: "هەرچەند خەباتێکی هەمە لایەنەو جیهانی بۆ ماوەی دە ساڵان لە دژی کەڵکی خراپ وەرگرتن لە منداڵان درێژەی هەبووە، بەداخەوە ئێستاش بۆ کاری زۆرەملی لە ٢٦٤ میلیۆن منداڵ لە سەرانسەری جیهاندا کەڵك وەردەگیرێ کە لەنێو ئەم ژمارەیەدا ١٠٦ میلیون کەسیان مێرمنداڵن کە بۆ دابینکردنی پێداویستی‌یەکانیان کار دەکەن." وی بێر گوتی: "٨ میلیون‌و ٤٠٠ هەزار منداڵ لە سەربازخانەکان، ئەرتەش‌و فاحیشەخانەکاندا، وەك کۆیلە خەریکی کارن. زۆربەی هەرە زۆری ئەم کۆیلانە لە ناوچەکانی ئاسیای پاسیفیك، ئەفریقا، ئەمریکای جنووبی‌و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەژین."

لە شەش ساڵی ڕابردوودا زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی جیهان بە ڕەسمی تەعەهودیان داوە کە لەگەڵ چەوساندنەوەو کارپێکردنی منداڵاندا بەربەرەکانێ بکەن. ئێرانیش یەکێك لەو وڵاتانە بوو کە ڕێککەوتننامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی لەبارەی پاراستنی مافی منداڵانەوە مۆر کرد. بەڵام لە ئێراندا بە جێگای ئەوەی هەلومەرجی باش بۆ کارکردن‌و دابینکردنی ئیمکاناتی‌خوێندن، لەشساغی، خواردن‌و بارهێنان‌و ڕاهێنان بۆ منداڵ پێك بێنن، کاربەدەستانی ڕێژیم لە بوونی هەزاران منداڵی خەیابانی، دزو لەشفرۆش‌و گیرۆدەبوو بە مەوادی موخەددیرو کاری قورس‌و تاقەتپڕوکێن پێ‌کردن لە کارگەو کارخانەو مەزراکان بە هەقدەستی کەم‌و پەرەپێدان بە فەحشا لەنێو منداڵان‌و... دەشارنەوە یا حاشای لی‌دەکەن. بە گوێرەی "یاسای کار"و "مافی منداڵ"، کارکردن بە منداڵانی ژێر ١٥ ساڵ دژی قانوونە. بە گوێرەی ئەو یاسایانە دەبێ هەوڵ بدەن بە توندی بەربەرەکانێی لەگەڵ بکەن. کاربەدەستانی ڕێژیم ئاگاداری هەموو ئەو نەهامەتی‌و بەتایبەت کارکردنی زۆرەملێ بە منداڵانی کەم تەمەنن، بەڵام هەرگیز ئیعتراف بەم ڕاستی‌یە ناکەن. مەسەلەی کارکردن بە منداڵان تا دێ زیاتر پەرە دەستێنێ، بە جۆرێك کە

بەگوێرەی ئامارە غەیرە ڕەسمی‌یەکان لە هەر ٥ منداڵی خەیابانی لە ئێران‌دا ٤ منداڵ، بە "منداڵی کار" دەژمێردرێن، هەروەها ساڵانە ٣٥٠ هەزار قوتابیی سەرەتایی واز لە خوێندن دێنن.

منداڵان لە بەشێك لە وڵاتە پێشکەوتووەکان‌دا بە ئارامیی‌و ئاسوودەیی دەژین. منداڵی ئەم جۆرە وڵاتانە لەگەڵ ئەو وڵات‌و ناوچانەی کە دواکەوتوون‌و شەڕوکێشەیان تێ‌دا هەیە، بەراورد ناکرێ. لەو وڵاتانەدا هەڵسوکەوت لەگەڵ منداڵان‌و تەنانەت کایە کردنیان گرنگیی پێ‌دەدرێ‌و کەرەسەی پێشکەوتووی بۆ تەرخان



دەکرێ. ئەم کەرەسە پێشکەوتوویانەش یا لەلایەن بنەماڵەوە یا لەلایەن دەوڵەتەوە دابین دەکرێن‌و لەبەر دەست منداڵان دەنرێن، بەڵام منداڵانی ناوچە دواکەوتووەکانی دنیاو لە ڕیزی ئەوانیش‌دا منداڵانی ئێران‌و کوردستان چۆن دەژین‌و ئیمکاناتی سەرگەرمیی ڕۆژانەیان چیە؟ منداڵانی ناوچە دواکەوتووەکان لە خۆشی‌و ئیمکاناتی مۆدێرنی سەردەم بێ‌بەشن. بە هۆی بێ‌بەشی‌یەوە هەر لە تەمەنی منداڵی‌دا لەشی شلك‌و ناسکیان دەدەنە بەرکاری قورس‌و تاقەتپڕووکێن، یا لە مووچەو مەزراکان‌دا دەچەوسێنەوەو یا کاروانچییەتی دەکەن‌و دەکەونە بەر گوللەو دەکوژرێن. کایە کردنیشیان بە پووکەی فیشەك‌و گوللە تۆپ‌و تەگەری لەکارکەوتووی ماشێن‌و کەرەسەی بێ‌کەڵکی نێو زبڵدانەکانە.

ڕێکخراوی "UNICEF" لە بواری پێشێلکردنی مافی منداڵانەوە بە هەست بە بەرپرسایەتی کردنەوە، چالاکتر لە ساڵانی پێشوو خەریکی کارو فەعالییەتە. زۆرجار بۆ پاراستن‌و وەبەرچاو گرتنی مافی منداڵان، فشار دەخاتە سەر ئەو وڵاتانەی کە بە شێوەی توندوتیژ یا نائاسایی لەگەڵ منداڵاندا هەڵسوکەوت دەکەن‌و بۆ دابینبوونی مافە تایبەتی‌یەکانی منداڵ هەوڵ، دەدا لە هەموو وڵاتاندا بایەخ‌و سەرنجی بدەنێ. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش زۆرجار هێندێك لە وڵاتان بە هۆی پێشێلکردنی مافی منداڵان مەحکووم دەکاو هێندێك بڕیار لەسەر منداڵان دەدا، کە بەداخەوە چونکە زەمانەتی ئیجرایی‌یان لە پشت نیە، جێبەجێ نابن.

کاتێك دەتوانین بڵێین کۆمەڵێك سڵامەت‌و دوور لە چەوساندنەوەیە کە سەرنجی زیاتری دەوڵەتەکان، بنەماڵەکان، ناوەندەکان‌و ڕێکخراوە نادەوڵەتی‌یە مرۆڤدۆستەکان بۆ لای بارهێنان‌و ڕاهێنان‌و دابینکردنی پێداویستی‌یەکانی منداڵان ڕاکێشرێ‌و پێش بە وردە وردە توانەوەی منداڵان لە مووچەو مەزراو کارگەو کارخانەو شوێنە غەیرە بێهداشتی‌یەکان بگیرێ‌و یارمەتی بە گەشەکردنی ئیستعدادی ئەوان بکرێ.

***

سەرچاوە:
١ـ ڕۆژنامەی "کوردستان" ٣٤١
٢ـ ڕۆژنامەی "همشهری"

# ژینگەو مۆدێرنیتە

مەحموود شێرزاد

به درێژایی تەمەنی مرۆڤ، بابەتی ژین‌و زیندوومانەوه وەك بابـــەتێکی گرنـگ، لێکدانـەوەو باســـێکی زۆری لەسەر کراوه، ئەو پرسیاره بەردەوام لـه گۆڕێدا بووه که داخوا مرۆڤ دەتوانـێ لەگـەڵ ژینگەیـەکی پـڕ لـه کێشـــەو ناتەبایی‌دا پێك بێ‌و گـۆڕان لـه ژیـانی خۆی‌دا پێك بێنێ؟ هەروەك دەبینین لـه بەربـــەرەکانێی یەکـــەم‌دا، مـــرۆڤ سەرکەوتوانه رزگاری بوو، بــه جۆرێـك کــه بــه دوای ئـــەودا تووشـــی مەترسی‌یەکی ئەوتۆو جیددی نـەهات. لەم سەردەمەدا که بەڕای زۆر کەس بـه قۆناخی پشکووتنی تواناکـانی مـرۆڤ دادەنرێ، جارێکی دیکه بابـەتی ژین‌و زیندوومانەوه وای لێهاتوه کـه رۆژ لـه رۆژ جیددی‌تـر خـۆی دەنوێنـێ. سـەیر ئەوەیه که به گەڕانەوەی سـەرلە نوێـی مرۆڤ بۆ سەر وەزعییـەتی سـەرەتایی خۆی ئـەوەی کـه بوونـی دەخاتـه ژێـر مەترسـی‌یەوه نەتـــەنیا ســـەیارەیەکی کێشه خۆلقێن، بەڵکوو هێزی هەڵقوڵاو له هزری خۆیەتی بەسەر گـۆی زەوی‌دا. ئـەو مەترسـی‌یەش لـەوەوه ســـەرچاوه دەگرێ که له لایـەن خۆمانـەوه مـافی خاوەنێتیی ژینگه به خۆمان دەدەیـــن‌و لـه توانایی‌یـەکانمان بــۆ وێرانکردنـــی ژینگەو لـه درێـژەی ئـەو رەوتـەدا بـۆ لەناوبردنی خۆمان کەڵك وەردەگرین.

قوولبوونـــەوه لــــه مەســـەلەی ئێکنۆلـۆژی بۆتــــه هــــۆی زیـــاتر چوونەسەری ئاستی زانیاریمان لـەبارەی ئەو زەرەرانەی لەسەرجەم سیستمەکانی پاراستنی ژیانی گـۆی زەوی کـەوتوون. تەنانـەت ئەگـــەر لــەو ســاتەوه بـــه شێوەیەکی بنەڕەتییش هەوڵ بـدرێ بـۆ هێنانەخواری ئاستی بڵاوبوونەوەی گازه گوڵخانەیی‌یـەکان، دیســـانیش بـــه دڵنیایی‌یـەوه تاوانبـارین لـــه ئاســـت بردنەســـەری گـــەرمای گـــۆی زەوی‌و



**ئێمـه بـه ئاسـانی دەتوانـین ژینگـــه تێـــك بدەیـــن، بـــەڵام هـــەرگیز نـاتوانین شــتێك بکـــەین بــــه ئاڵترنـــــاتیڤی جۆرەکـانی گیـــاو ئەو بوونەوەرانەی بــــــەهۆی وێرانکردنــــــی لێڕەوارەکان له ناو دەچن،**

پێکـــهێنانی ئـــەو گۆڕانکاری‌یـــه زیانبارانەدا که ژینگەیان خستۆته ژێـر مەترسی خۆیانەوه. ئێمـــه بـــه ئاسانی دەتوانـین ژینگـه تێـك بدەیـن، بـــەڵام هـەرگیز نـاتوانین شـتێك بکـەین بــه ئاڵترنـاتیڤی جۆرەکــانی گیــاو ئــەو بوونەوەرانـــەی بـــەهۆی وێرانکردنـــی لێڕەوارەکان له ناو دەچن، لانیکەم یەك چوارەمی تەواوی جۆرەکانی گیــاو ئــەو بوونەوەرانەی که ژین‌شناســی ئامـــاژەی بۆ کـــردوون‌و زیـــاتر لــه یـــەك میلیـــۆن جۆرن، له بیست ساڵی داهاتوودا لەگەڵ مەترســـی لـــەناوچووندا رووبـــەڕوو دەبنەوه.

ئـــەو فشـــارەی لەســـەر ژینگەیـــه، تـــەنیا لـــه ســـۆنگەی کـــەڵك وەرگرتنـــی نازانستی‌و لـەناوبردنی کانگاکـان لـه لایەن وڵاتانی جۆراوجـۆرەوه سـەرچاوه نـاگرێ، هەرچـەندە کــه گـــیروگرفتی بنەڕەتیی جیهان لــەو بــوارەدا وڵاتــانی ســـەنعەتی‌و زیـــاتر گەشەســـەندنی تێکنۆلۆژی پێکیان هێناوەو له ئاسـتی جیـهانی‌دا ئاکـامی وەك: پیســـبوونی هـــەوا، پیســـبوونی ئـــاوی رووبـــارو دەریاکـــان، لــــەناوچوونی لـــێڕەواو لەوەڕگـــــەو گیـــــاو بوونـــــەوەره جۆراوجۆرەکـان‌و هـەروەها پیسـبوونی شـــیمیایی‌و نـــاوکی‌و ســـەنعەتی‌و دەنگی‌یەکان‌و ئەو وێرانکارییانـــەی لـه شەڕە نێونەتـــەوەیی‌و ناوچەیی‌یەکانـــەوه سەرچاوەیان گرتوه لـێ کەوتەوه، بـــەڵام قەیرانــــه جیددی‌یـــــەکانی وڵاتـــــانی رووڵەگەشه بۆتـه هـــۆی ئـــەوه کــه پێوەندی‌یەکی شوێندانەرو راستەوخۆ له نێـوان هـەژاری لەلایـەك‌و لـەناوبردنی ژینگه لەلایەکی‌ترەوه دروست ببێ.

پێویستی‌یەکانی ژیـانی رۆژانــــه، هەژارەکانی ناچار کردوه کورتخایەن بـیر بکەنەوەو ژیانیان بەرنه سەر. بۆ وێنــه کـــەڵك وەرگرتنـــــی لەڕادەبـــەدەر لـــه لەوەڕگـــەکان‌و زەوی، کەمکردنـــەوەی پانتـایی لێڕەوارەکـــان، چوونەســـەری ژمارەی ئەندامانی بنەماڵه بەمەبەستی گەرەنتی‌یـەك لەبەرامبـــەر زۆربوونـــی رادەی مردندا، بەشێکن لـەو روانینـــه کۆرتخایەنانـه. وێرانکردنـی ژینگـــه بـه هـــۆی تێکنۆلۆژیـــی مۆدێـــڕن‌و بـــه جیهانی‌بوون لـــه لایـــەك‌و فشـارهێنانی حەشیمەت بۆ سەرچاوه سروشـــتی‌یەکان لـــه لایـــەکی دیکـــەوه، دەبێتـــه هـــۆی لـــەناوچوونێکی زیـــاتر. ئـــەوەش بـــەو مانایەیه که ئەگەر وڵاتانی ســـەنعەتی‌و نیوەسەنعەتی بۆ گەشەپێدانی سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایـەتی‌و. . . خۆیـــان پـــەیڕەوی لـــه سیاســـەته ئوســـووڵی‌و بەجێ‌یەکان بکـەن‌و بـه دژی هـــەژاری‌و هۆکاره بنەڕەتی‌یەکانی‌و هـــەروەها بـــه دژی قەیرانـــەکانی پێوەندیـــدار بـــــه زیاتربوونی حەشیمەت خەبات نەکـــەن، لەڕاستی‌دا کەس ناتوانـــێ ئـەو فشـاره هەڵبگرێ که ئێستا لەسەر ژینگەیه.

گەشــــــەکردنی ئـــــــابووری‌و پەرەسەندنێکی سەنعەتیی سالم نه تەنیا رەت‌کراوه نیه، بەڵکوو لەڕاسـتی‌دا دوو ئامانجی ســـەرەکین‌و دەبـێ جیـهان بـه دەستیان بێنێ. بەڵام بـۆ گەیشـتن بـەم مەبەسـتانه پێویسـتیی بـه پاراسـتنی ژینگـه لـه تـەواوی بوارەکـاندا، بـــه تایبەت لـه پێوەنـدی لەگـەڵ رەهـەنده ئابووری‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌یەکاندا هەیـه، هەربۆیـەش سـەرجەم گـەلانی جیهان بۆ ئەوەی ئەو کێشه مەترسیداره بـەربڵاوترو ئـاڵۆزتر نـەبێ، دەبـێ لـه گشت بوارەکـانی ئـابووری‌و سیاسـی‌و کۆمەڵایەتی‌و. . . ئەو بڕیارو گەڵاڵانـه پەسند بکەن که بـۆ پاراسـتنی ژینگـه پێویستن.

سەرچاوه:

جامعه سالم

# چاوخشاندنێك به سەر راپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا

# سەبارەت به وەزعییەتی مافی مرۆڤی ئێران له ساڵی ٢٠٠٢دا

ئا: هەژیر

ماوەیـــەك لەمەوبـــەر وەزارەتـــی دەرەوەی ئـــەمریکا لـــه راپۆرتێکـــی چڕوپڕدا کارنامـەی حکوومـەتی ئـێرانی لەمەڕ مافەکانی مـرۆڤ لـــه ســـاڵی ٢٠٠٢دا تاوتوێ کرد. راپۆرتەکـه لـه ٦ بەش‌دا ئاماده کرابوو که بەشی یەکـەمی ئەم تەوەرانەی له خۆ گرتبوون:

ئەلف ـ پێشێلکردنی سـەرەڕۆیانەو نائاسایی مافی ژیان: لەم بەشەدا هـاتوه کـه رێژیـم دەسـتی لـه قەتڵـه جۆراوجۆرەکان‌دا دەستی هەبووەو به پێی ئـەو راپۆرتانـەی پێمـان گەیشـتوون کەسانێك ئێعدام کراون که لـه دادگـایی کردنیـاندا رێوشـوێنی قـانوونی رەچـاو نـــەکراوه. مـەئموورەکانی هـێزی ئینتیزامی وەك رابـردوو زۆر جـار لـه کـاتی سـەرکوتی خۆپێشـاندەراندا زەبروزەنگی له رادەبـەدەریان لـه خۆیـان نیشـان داوه. حـیزبی دێموکراتـی کوردستان (PDKI)ی ئێران که حیزبێکی موخالیفه ئیددیعای کرد که حکوومـەت لـه مـانگی دێسامبردا "حبیب الله تنهائیان"ی لـه شـاری سـنه قۆڵبەسـت کـردو لـه ١٥ی دێسـامبردا، دوای لێپرســـینەوەیەکی ســـەرپێیی‌و ئەشکەنجەیەکی زۆر ئێعدامی کـرد. ئـەم حیزبـه هـەروەها ئێعدامی یـەکێك لـه ئەندامـەکانی خـۆی بـه نـاوی "کـەریم تووژەڵی" لـه مـانگی ژانویـەو لـه سێدارەدانی چوار زیندانـی سیاسـیی کوردی له مانگی ئۆکتۆبـردا راگەیاند. به پێـی وتـەی وتـەبێژانی ئـەم حیزبـه، زیندانی‌یەکان پێـش ئێعدام، ئەشکەنجه کراون. کۆمەڵەی لایەنگری له مافەکانی مـرۆڤ لـه ئـێران راپـۆرتی حـیزبی دێموکراتی لەم بارەوه تـەئیید کـرد کـه تـەرمی ئێعدام کراوەکـان بەمـەرجێك دراونـەوه بـه بنەماڵەکانیان کـه ئـەوان تەرمـەکان بـه بێ پێکـهێنانی هیـچ رێورەسمێـك بـه خـاك بسـپێرن. حـیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئیددیعای کرد که ١٢ کەس له ١١٠ ئەندامی ئـەم حیزبه که له زیندانەکانی ئێران دان، لـه کۆتایی ساڵدا بـه ئێعدام مـەحکووم کراون.

ب ـ ونبووەکـان: لـه راپۆرتەکـەدا هاتوه که هیچ هەواڵێکی بـاوەڕ پێکـراو له بارەی ژمارەی ونبووەکـان لـه سـاڵی ٢٠٠٢دا له بەردەستدا نیه. راپۆرتەکه باس لـه ونبوونی سیامەك پوورزەند، هاوســـەری مێهرئـــەنگیزی کـــارو بەڕێوەبـــەری یـــەکێك لـــه نـــاوەنده فەرهەنگی‌یەکانی تـاران‌و پیرۆز دەوانـی (چالاکی سیاسـی) دەکـا. هـەروەها لـه راپۆرتەکـەدا بـه وتـەی "کـۆڕی میللـی رووحانی‌یه بەهایی‌یەکان" هاتوه کـه لـه ساڵی ١٩٧٩وه تا ئێستا زیاتر لـه ٢٠٠ بەهایی کـوژراون‌و ١٥ کەسی دیکـەش ونبـوون کـــه وێدەچـێ ئـــەوانیش کوژرابن‌و... .

ج ـ ئەشکەنجەو نموونه گەلی دیکەی رەفتـار یـــا ســـزای بێ‌ڕەحمانـــەی دژی ئینسانی‌و سووکایەتی پێ‌کردن: گـەرچی قانوونی ئەساسـی ئەشـکەنجەی قەدەغـه کردوه، بەڵام راپۆرته جۆراوجۆرەکـان لـه سـەرچاوه بـاوەڕ پێکراوەکانـەوه پێمـان دەڵێـــن کـــه هـــێزه ئینتـــیزامی‌و ئەمنییەتی‌یـەکان[لـــه مـــاوەی سـاڵی ٢٠٠٢دا] هەروا درێژەیان به ئەشکەنجەی زیندانی‌یه سیاسی‌و غەیره سیاسـی‌یەکان داوه. بەشێك له زیندانەکان‌و بـۆ نموونـه زیندانی ئێوین بەو هۆیه که ئەشـکەنجەی بـەردەوام‌و بێ‌ڕەحمانـەیان تـێ‌دا ئـەنجام دراوه، ناوبانگیان دەرکردوه. شـێوەکانی دیکەی ئەشکەنجه له ماوەی ئەو سـاڵەدا بریتی بوون له هەڵواسـینی زیندانـی بـۆ ماوەیـەکی زۆر بـه شـێوەی سـەراوبن، سووتاندنی لەش به سیگار، پێشگیری له خەوتن‌و له هەموو شتێك زیـاتر شـەلاق لێدان به کابل یـا کەرەسـەی دیکـه لـه پشت‌و له ژێر پـێ. هـەروەها لـه سـاڵی ٢٠٠٢ سزا گەلێکی بێ‌بەزەیی‌یانـه وەك بەردباران‌و شەلاق لێدان هەروا درێژەیـان هـەبووەو هەلومـەرجی زاڵ بــه ســەر زیندانەکاندا سـەخت‌و نائینسـانی بـوو. هێنـدێ لـه زیندانی‌یـەکانیان لـه ژووره تاکەکەسی‌یەکاندا رادەگـرت‌و لـه دانـی خۆراك‌و خزمەته پزیشـکی‌یەکان بـه وان خۆیـان دەبـوارد تـا ئـەوان ناچـار بـه ئێعـتراف بکـەن. بـەو جـۆرەی کـه لــه راپۆرتەکان‌دا هاتوه، ژنانی زیندانـی لـه ماوەی مانـەوەیان لـه زینـدان‌دا دەست درێژییـان کراوەتـه سـەرو ئەشـکەنجه دروان. هـەروەها لـه مـاوەی سـاڵی ٢٠٠٢دا وەزعـــی زیندانی‌یـــه سیاسـی‌یەکان زۆر نـاخۆش‌و نالـەبارتر بووەو... .

د ـ گرتـن، یـا دوور خسـتنەوەی سەرەڕۆیانه: گەرچی قـانوونی ئەساسـیی رێژیم گرتنـی سـەرەڕۆیانەی قەدەغـه کـردوه، بـەڵام ئـەنجامدانی ئـەم جـۆره کردەوانـه بـه کـارێکی ئاسـایی دەژمـێردرێ. لـەو سـاڵەدا "نیـهزەتی ئـازادی" هەڵوەشـاوه راگەیـەنراو ٣٠ کـەس لـه ئەندامـەکانی بـه تۆمـەتی هەوڵدان بۆ ڕوخاندنی نیزامی ئیسـلامی بـه سـزای زینـدان لـه ٤ تـا ١٠ سـاڵ مەحکووم کران. له مـانگی سێپتامبر، ئەکتـەرێکی نـاوداری ژن، بـەهۆی مـاچ کردنی‌قوتابیی دەرهێنەرێکی ناسـراو لـه فستیڤاڵێکی فیلم‌دا گیرا. هـەروەها لـەو سـاڵەدا ژمارەیـەکی زۆر لـه بڵاوکـەرەوەکان، سەرنووسـەران‌و رۆژنامەنووسـان دەسـتگیر، زیندانـی‌و جەریمه کران‌و یان ئەوه کـه رێگـه نـەدرا بەرهەمەکانیان بڵاو بکەنەوه. قۆڵبەسـت کـردن‌و زیندانی‌کردنـی سـەرەڕۆیانەی پەیرەوانی ئایینی بەهایی هەروا درێـژەی بووو... .

هـ ـ خۆ بواردن له دادگـایی کردنـی ئاشکراو عادیلانه: لـه نـیزامی قـەزایی ئێران‌دا دادگای جۆراوجـۆری وەك دادگـا سـوننەتی‌یەکان، دادگـــای شـۆڕشـی ئیسلامی، دادگای تایبەت به مـەلاکان، دادگـای نـیزامی‌و دادگـای چاپەمـەنی هەیه. به پێی راپۆرتەکه ئـەم دادگایانـه نەك سەربەخۆ نـین‌و لـه ژێـر چـاوەدێریی حکوومـەت‌و بەرپرسـانی مەزهـەبی‌دان، بـــەڵکوو دەوڵـــەت لەوانـــه وەك کەرەسـەیەکی سـەرەکی بـۆ بەرتەسـك کردنـەوەی ئـازادی‌و بەربەسـت کردنـی رێفورم له کۆمەڵگادا کەڵکی وەرگرتـوه. هیچ جـۆره رێوشـوێنێکی عادیلانـه بـۆ پاراستنی مافی تاوانباران له داداگاکاندا نیه. له دادگا مەدەنی‌و جیهانی‌یـەکاندا لێژنـەی داوەران (هیئـت منصفـه) وجوودی نیـه. دادگـای شـۆڕش کـه لـه تاوانـەکانی دژی ئەمنییـەتی میللـی‌و تاوانـه گرنگـەکانی دیکـه دەکۆڵێتـەوەو هـــەروا بــه پێشـــلکردنی یاســـا نێونەتەوەیی‌یـــەکان لـــه دادگـــایی کردنەکانی‌دا ناوبانگی هەبووو... .

و ـ دەستتێوەردان له ژیانی تایبەتی‌و بنەماڵـــەیی‌و شـــوێنی حەســـانەوەو قوتابخانـەکان: گـەرچی لـه قـانوونی ئەساسی‌دا هاتوه کـه: "شـەرەف، ژیـان‌و دارایی‌و شوێنی حەسـانەوەی کەسـەکان، بێجگه لەو بوارانەی کـه قـانوون دیـاری کـــردوون، لـــه هـــەر دەســـتدرێژی‌یەك پارێزراون". بەڵام، حکوومەت لـه سـاڵی ٢٠٠٢دا سـەر لـه نـوێ ئـەم مافانـەی پێشێل کردنەوەو هێزەکـانی ئەمنییـەتی ژیـانی کۆمەڵایـەتیی هاووڵاتیانیـان خستبوه ژێـر چـاوەدێری‌و ماڵ‌و شـوێنی کاری خـەڵکیان دەپشـکنی، گوێیـان لـه وتووێژی تەلەفوونیی هاووڵاتیان دەگـرت‌و نامـەکانیان بـه بـێ ئـیزنی دادگـا دەکردنـەوه. چۆمـاخ بەدەسـتەکانی "ئەنساری حـیزبوڵڵا" هێرشـیان دەکـرده سـەر ئـەو لاوانـەی کـه شـێوەی لیبـاس پۆشین‌و چالاکی‌یەکانیان غەیره ئیسـلامی به حیسـاب دێنـاو بـه شـێوەی ئاسـایی دەسـتیان بـه بەسـتنی نووسـینگەی رۆژنامـەکان‌و چاپخانـەکان‌و ترسـاندنی ڕووحانی‌یه جیابیرەکان‌و شێواندنی کـۆڕو کۆبوونەوەی هێمنانەی هاووڵاتیان دەکردو ئـەم گرووپـه بـه پێـی سـەرچاوەکان پێوەندی‌یان به دەزگای رێبەری‌یەوه هەیه.

بەشی دووهـەمی ئـەو راپۆرتـه بـۆ وێنه ئاماژه دەکا به:

ئەلف ـ ئازادیی بەیان‌و چاپەمـەنی: به پێی ئەو راپۆرته، کارنامەی رێژیم لـه پێوەندی لەگەڵ رێزگرتن له ئازادیی بەیان له ساڵی ٢٠٠٢دا هـەروا بـەرەو خراپـی چـووه. دەفتـەری رۆژنامـه لیبراڵـەکان کەوتۆته بەر هێرش‌و دارودەستەی سەر بە "ئەنساری حـیزبوڵڵا" هێرشـیان کردۆتـه سەر شوێنی بڵاوکراوه لیبرالەکان، به بـێ ئەوەی لـه لایـەن پۆلیس‌و دادگاکانـەوه لێپرســینەوەیان لیێ بکـرێ. زۆربـــەی رۆژنامەکان بـەهۆی تۆمـەت گـەلی وەك بڵاوکردنەوەی درۆو دەلەسـەو شـێواندنی بیروڕای گشتی، چالاکی دژی ئەمنییـەتی میللـــی‌و پڕۆپاگـــەندە دژی نـــیزامی ئیسـلامی‌و بوختـانکردن بـــۆ دەزگـــای رێبـەری، داخـراون‌و تـا کۆتـایی سـاڵ، ژمارەی رۆژنامه داخراوەکان گەیشته ٨٥ رۆژنامه. حکوومەت راستەوخۆ دەزگـای رادیـۆو تەلـــەویزیۆنی پـاوان کـــردوه. ماهوارەکـان کـه وەرگرتنـی بەرنامـــەی تەلەویزیۆنه بیانی‌یەکان مسۆگەر دەکـەن له لایەن حکوومەتەوه قەدەغە کرابـوون. ناونووسـی لـه زانسـتگەکاندا حاڵـــەتی سیاسـی بـــەخۆوه گرتبـــوو. تـــەواوی خوازیـاران دەبوایـــه تاقیکردنـــەوەکانی پێوەندیـدار بـه تایبەتمـەندیی ئـەخلاقیی خۆیان تێپەڕ بکـەن‌و بەرپرسـەکانیش بـه کەڵك وەرگرتن لەم ئامرازه ئـەو کەسـانه کـه نیسـبەت بـه مـەرامی حکوومـەتی روانگەیـەکی رەخنـەیی‌یان هـــەبوو رەت کردۆتەوەو... .

ب ـ ئازادیی پێکهێنانی هێمنانـەی کۆڕو ئەنجوومەنەکان: بـه پێـی قـانوونی ئەساســـی، پێکـــهێنانی کۆبوونـــەوەو بـەڕێوەبردنی "رێپێـوان"بـــه مـــەرجێك دژایـەتی لەگـەڵ ئەسڵەکانی ئیســلام‌دا نەبێ" ئازاده. بەڵام، حکوومەت ئازادیی پێکـــهێنانی کـــۆڕو کۆبوونـــەوەکانی بەرتەسك کردەوەو له نزیکـەوه خسـتینه ژێر چاوەدێری تا خاترجەم بێ که لـەوانـدا نارەزایەتی‌یـەکی کۆنـترۆڵ نـەکراو دژی دەزگای حاکمییەت پەلوپۆ نەهاوێ. ئـەم شێوه کۆنترۆڵکردنه، کۆبوونـەوەی بـەزم‌و خۆشـی‌یەکان، جەلەسـەی لێدوانـەکان، نارەزایەتی‌یـه کرێکاری‌یـەکان، بـه خـاك ســپاردنی تەرمـــەکان، کۆبوونـــەوه خوێندکاری‌یـــەکان‌و هـــەروەها ئـــەو کۆبوونەوەوانەش کـه بـۆ نوێـژی هـەینی پێك دەهێنرێن، دەگرتەوه.

راپۆرتـــی وەزارەتـــی دەرەوه لــــه پێوەندیی لەگەڵ "مافەکانی هاووڵاتییـان بـۆ گۆڕینـــی حکوومـــەتی خۆیـــاندا" رادەگەیەنێ کـــه مـــافی هاووڵاتییـــان لــه گۆڕینـــی حکوومـــەتدا بەشـــێوەیەکی بەرچاو بەرتەسکه. رێبەر، بۆ هەمیشه له لایـەن مەجلیسـی خیبرەگانـەوه دیــاری دەکرێ. جیایی دین‌و دەوڵەت له ئـێران‌دا مانای نیه. دەوڵەت هەر جـۆره هـەوڵێك بۆ جیاکردنەوەی دین لـه حکوومـەت یـا گۆڕینـی ریشـەیی مەزهـەب سـەرکوت دەکـاو هـەروا پـاڵاوتنی کاندیداکـانی هەڵبژاردنی له ژێر کۆنترۆڵ دایه.

راپۆرتەکـه هـەروەها لـه پێوەنـدی لەگەڵ "کەمایەتی‌یـه میللـی‌و نـەژادی‌و قەومی‌یـەکان"دا دەڵـێ کـه کوردەکـان خوازیـاری خودموختـاریی زیاتر بـوون‌و دەوڵـەت هـەر فـەرق‌و جیاوازیـان بــۆ دادەنێ. سوننی بوونی کوردەکان بووه بـه هۆکارێك بۆ ئاڵۆز بوونی پێوەندیی ئـەوان لەگـــەڵ دەوڵـــەتێك کـــه بـــه دەســـت شیعەکانەوەیه. ئەم گرژی‌و ئاڵۆزی‌یـه بـۆ سـەردەمی پێـش شـۆڕش دەگەڕێتـــەوه. کوردەکان بەردەوام لـه لایـەن دەوڵەتـەوه گومانی جیاییخوازی یا نیشاندانی سۆزو لایەنگری به نیسـبەت بیانی‌یەکانیان لـێ دەکرێ. ئەم بەدگومانی‌یه بۆته هـۆی هەڵگیرسانی ناوەنـاوەی شـەڕ لـه نێـوان هێزەکـــانی دەوڵـــەت‌و گرووپـــه کوردی‌یەکاندا. راپۆرتەکه هەروەها دەڵێ گـەرچی لـه سـاڵی ٢٠٠٢دا ژمـارەی بڵاوکراوەکان به زمـانی کـوردی زیادیـان کردوه، بەڵام بەو حاڵەش، ئێستاش هیـچ قوتابخانەیەکی دەوڵەتی کـه لـەودا بـه زمانی کوردی بخوێندرێ له ئێراندا نیه.

راپۆرتەکه له پێوەندی لەگەڵ فـەرق‌و جیـاوازی دژی ژنـاندا دەڵـێ: گـەرچی توندوتیژی‌و مامەڵـەی خـراپ دەرهـەق ژنـان کـراوه، بـەڵام ئامـارێك لـەم پێوەندی‌یـەدا لــه بەردەسـتدا نیـه. مامەڵەی ناشیرین لەگـەڵ ژنـان لـه چوارچێوەی بنەماڵـەدا وەك ئـەمرێکی "تایبەتی" سەیر دەکرێ‌و به کـەمی لـەو رەفتـاره دەکۆڵرێتـــەوه. دەســـتدرێژی جینسی له ئێراندا سزای قانوونی هەیـه، بـەڵام قانوون لـەم پێوەندی‌یـەدا کـەمتر بەڕێوه دەچێ‌و دەسـتدرێژیی جینسـی بـۆ سـەر ژنـان وەك مەسـەلەیەك هـەبووه. پۆشینی حیجـابی ئیسلامی لـه شـوێنه گشتی‌یەکاندا هـەروا ئیجباری بـووو مـەئموورەکانی دەوڵـەتی هێنـدێ جـار ژنانیان به خاتری شێوەی پۆشینی لیبـاس یا رەفتـارێك کـه لەگـەڵ پێودانگـەکانی ئەواندا نەدەهاتەوه، ئازار دەدا.

***

# ١٧ هه‌زار كه‌س له‌ به‌ڕێوه‌به‌رانی سه‌نايعی وڵات له‌ زيندان‌دان

ڕۆژی ١٠ی جۆزه‌ردان ماڵپه‌ڕی "ايران و جهان" ڕای‌گه‌ياند كه‌ "حه‌فده‌ هه‌زار كه‌س له‌ به‌ڕێوه‌به‌رانی سه‌نايعی وڵات له‌ زيندان دان". ئه‌و ژماره‌ زۆره‌ به‌ هۆی جۆراوجۆرو به‌ بيانووی سه‌يرو سه‌مه‌ره‌وه‌ گيراون‌و له‌و ڕێگايه‌وه‌، زيانێكی گه‌وره‌ به‌ به‌شی سه‌نعه‌تی وڵات گه‌يشتوه‌. ده‌بيری هه‌يئه‌تی ئومه‌نای "ماڵی سه‌نعه‌تكاری ئێران" له‌ وتوێژێكدا له‌گه‌ڵ هه‌واڵنێری "كار" له‌ تاران وێڕای ته‌ئييدی هه‌واڵی گيران‌و زيندانی بوونی ئه‌و ژماره‌ به‌رچاوه‌ له‌ به‌ڕێوه‌به‌رانی سه‌نايعی ئێران، ڕای‌گه‌ياند كه‌ ٩٠٪ بوودجه‌ی ساڵی ڕابردووی "ستادی قه‌يرانی سه‌نعه‌ت" به‌ ده‌ست لی‌نه‌دراوی ماوه‌ته‌وه‌. بۆ ڕوون بوونه‌وه‌ی زياتری ئه‌و مه‌سه‌له‌يه‌، "عه‌بباسی پاليزدار" ڕای‌گه‌ياند كه‌ له‌ حاڵی حازردا سه‌نايعی ئێران له‌گه‌ڵ وه‌ستان‌و له‌ كاركه‌وتنی زياتر له‌ ٧٠٪ ی ناوه‌نده‌كانی به‌رهه‌مهێنان‌و سه‌نعه‌تی به‌ چه‌ند ميليارد دۆلار سه‌رمايه‌وه‌، به‌ره‌وڕوو بووه‌و زياتر له‌ حه‌فده‌ هه‌زار كه‌سيش له‌ به‌ڕێوه‌به‌رانی سه‌نايعی وڵات كه‌وتونه‌ته‌ زيندان. له‌ ئاكامی ئه‌م وه‌زعه‌دا پتر له‌ يه‌ك ميليۆن كه‌س به‌ تايبه‌تی له‌ لاوانی كرێكاری ئه‌م كارگه‌و كارخانه‌ داخراوانه‌ بێكار بوون‌و قه‌يرانی مانه‌وه‌ی ٩٠٪ی بوودجه‌ی ساڵی ڕابردووی "ستادی قه‌يران"ی لی‌كه‌وتۆته‌وه‌. پێويسته‌ بگوترێ كه‌ "ستادی قه‌يران" له‌گه‌ڵ ئه‌و به‌ڕێوه‌به‌ره‌ سه‌نعه‌تييانه‌ی كارگه‌و كارخانه‌كان كه‌ گيراون‌و له‌ زيندان دان، زۆر خراپتر له‌ گومان لێكراوێك يان هه‌ر تاوانبارێكی ديكه‌ هه‌ڵسوكه‌وتيان له‌گه‌ڵ ده‌كرێ. ئه‌گه‌ر له‌ دادگاكانی كه‌يفه‌ری‌دا ئاماده‌بوونی گومان لێكراو يان تاوانبار به‌ مه‌به‌ستی ديفاع له‌ خۆی كارێكی پێويست بووبێ له‌ "ستادی قه‌يران"دا ڕاست به‌ پێچه‌وانه‌وه‌ ئاماده‌بوونی تۆمه‌ت لێدراو به‌ كارێكی پێويست داده‌نرێ. ئاسايی‌يه‌ كاتێك ئه‌و هه‌موو كارگه‌و كارخانه‌يه‌ به‌ هۆی جۆراوجۆر داده‌خرێن‌و ژماره‌يه‌كی وه‌ها زۆر له‌ به‌ڕێوه‌به‌رانيان به‌ هه‌ر بيانوويه‌ك زيندانی ده‌كرێن‌و ڕه‌فتاری له‌و بابه‌ته‌يان له‌گه‌ڵ ده‌كرێ‌و له‌ ئاكام‌دا زياتر له‌ يه‌ك ميليۆن كه‌س له‌ لاوان‌و كرێكاران بێكار ده‌بن، نه‌ وه‌زعی كرێكاران‌و لاوان له‌وه‌ باشترده‌بێ كه‌ هه‌يه‌و نه‌ هه‌وڵی "ئيشتغالزايی" ته‌نانه‌ت ئه‌گه‌ر به‌ ڕاده‌يه‌كيش شوێندانه‌رو به‌ كه‌ڵك بێ، ده‌توانێ وه‌ڵامده‌ر بێ‌و له‌ ژماره‌ی له‌ ڕاده‌به‌ده‌ری بێكاران كه‌م بكاته‌وه‌. ڕوونه‌ كه‌ ئه‌م وه‌زعه‌ش ڕاسته‌وخۆ پێوه‌ندی به‌ سياسه‌تی گشتيی ڕێژيم‌و سياسه‌ته‌ ئابووری‌يه‌كانی‌يه‌وه‌ با تايبه‌تی هه‌يه‌.

***

# دوو هه‌واڵ له‌ ڕه‌فتاری ڕێژيم له‌گه‌ڵ خه‌ڵكی كوردستان

## مه‌ريوان

### نيگه‌رانيی ڕێژيم له‌ ڕاپه‌ڕينی جه‌ماوه‌ری

ماوه‌يه‌ك له‌وه‌ پێش ڕێژيمی كۆماری ئيسلاميی ئێران له‌ ناوچه‌كانی به‌رپله‌ی ساراڵ، كۆماسی، شاميان‌و هه‌ورامانی سه‌ر به‌ شارستانی مه‌ريوان‌دا ده‌ستی كردوه‌ به‌ چه‌كداركردنی سيخوڕو به‌سيجه‌ نهێنی‌يه‌كانی‌و چه‌ك‌و ته‌قه‌مه‌نی‌يه‌كی زۆری به‌ سه‌ردا دابه‌ش‌كردوون. به‌ دوای ڕووخانی ڕێژيمی عێراق، كۆماری ئيسلامی له‌ ڕاپه‌ڕينی خه‌ڵكی وه‌زاڵه‌هاتووی وڵاته‌كه‌مان، ترسی لی‌نيشتووه‌و ده‌يهه‌وێ به‌و چه‌شنه‌ خه‌ڵك چاوترسێن بكا و خۆی بۆ سه‌ركوت كردنی هه‌ر چه‌شنه‌ جموجۆڵێكی جه‌ماوه‌ری ئاماده‌ بكا.

ڕێژيم سنووره‌كانی ناوچه‌ی مه‌ريوانی به‌ هێزی سوپاو هێزی ئينتزامی ته‌نيوه‌و هه‌روه‌ها له‌ دوو شوێنی ناوچه‌ی سنووری پشت ئاوايی "وشكه‌ڵان"و ئاوايی‌يه‌كانی "ده‌ره‌وه‌ران" و "ساوجی" خه‌ريكی درووست‌كردنی دوو مۆڵگه‌ی گه‌وره‌يه‌، شايانی باسه‌ كه‌ ڕێژيم دوای شه‌ڕی عێراق، له‌ سنووره‌كانی پاوه‌، بانه‌ و مه‌ريوانه‌وه‌ به‌ بيانووی چوون بۆ زياره‌تی كه‌ربه‌لا عه‌واملێكی زۆری ڕه‌وانه‌ی كوردستانی عێراق كردوون كه‌ له‌ نێويان‌دا به‌ ڕێژه‌يه‌كی به‌رچاو عه‌ره‌بی لوبنانی‌و فه‌له‌ستين، نه‌فه‌راتی به‌درو ئه‌و ئێرانيانه‌ی شاره‌زای زمانی عه‌ره‌بين، ده‌بيندرێن. ئه‌و ده‌نگۆيه‌ به‌ هێزه‌ كه‌ ئه‌و ئه‌فراده‌ بۆ كرده‌وه‌ی خۆكوژی (انتحاری) و پێكهێنانی ئاڵۆزی له‌ ناوچه‌كه‌داو هه‌روه‌ها بۆ ناشيرين كردنی سيمای كورد له‌و پارچه‌يه‌ له‌ كوردستان، ڕه‌وانه‌ی كوردستانی عێراق كراون.

## پيرانشار

### تێكهه‌ڵچوونی خه‌ڵك‌و هێزه‌ ئينتزامی‌يه‌كان

ئێواره‌ی ڕۆژی پێنج‌شه‌ممه‌ ١٣٨٢/٣/٨ی هه‌تاوی له‌ نزيك پردی كۆنه‌خانێ له‌ نێوان كاسبكارێك‌و مه‌ئمورێكی هێزی ئينتزامی‌دا تێك هه‌ڵچوون ساز ده‌بێ، هه‌ر له‌و كاته‌دا چه‌ند مه‌ئمورێكی ديكه‌ش دێن‌و هه‌روه‌ها خه‌ڵكێكی زۆريش كۆده‌بێته‌وه‌ كه‌ له‌ ئاكام‌دا له‌ نێوان خه‌ڵك‌و مه‌ئمووره‌كانی هێزی ئينتزامی ده‌بێته‌ شه‌ڕو پێكدادان‌و له‌ كۆتايی‌دا ٢ كه‌س له‌ خه‌ڵكی ئاسايی له‌ لايه‌ن هێزه‌كانی ڕێژيمه‌وه‌ ده‌گيرێن كه‌ تا ئێستا له‌ چاره‌نووسيان هه‌واڵێك له‌ ده‌ستدا نيه‌.

***

# شه‌ڕی دۆن كيشۆت ئاسای كۆماری ئيسلامی له‌گه‌ڵ تێكنۆلۆژی‌دا




## چه‌ند ڕێكارێك بۆ ده‌ربازبوون له‌و پاڵوێنانه‌ی كه‌ ڕێژيم له‌سه‌ر ماڵپه‌ڕه‌ سياسی‌يه‌كانی داناون

**كه‌ريم په‌رويزی**

ماوه‌يه‌كه‌ مه‌سه‌له‌ی پاڵوێنه‌دانان بۆ ماڵپه‌ڕه‌ ئينتێرنێتی‌يه‌كان كه‌وتۆته‌ سه‌ر زاران. ڕێژيم بۆ ڕێگرتن له‌ ده‌ستڕاگه‌يشتنی خه‌ڵك به‌ زانياريی جۆراوجۆرو بۆ ئه‌وه‌ی ته‌نيا كۆمه‌ڵێك زانياريی ده‌سنيشان كراو بگه‌نه‌ ده‌ست خه‌ڵك، ئه‌و ماڵپه‌ڕانه‌ی كه‌ له‌ ڕوانگه‌ی خۆيه‌وه‌ به‌ خراپ ده‌زانرێن، به‌ستوه‌و ڕێگه‌ نادا خه‌ڵك بچنه‌ نێويانه‌وه‌. سه‌ره‌تا ڕێژيم ئيدديعای ده‌كرد كه‌ ته‌نيا ماڵپه‌ڕه‌ به‌ ناو دژه‌ ڕه‌وشته‌كانی به‌ستوون‌و ماڵپه‌ڕه‌ سياسی‌يه‌كانی به‌ربه‌ند نه‌كردون، به‌ڵام به‌ كرده‌وه‌ ده‌ركه‌وت كه‌ له‌نێو هه‌زاران ماڵپه‌ڕی به‌ نێو دژه‌ ڕه‌وشت‌دا، ته‌نيا چه‌ند ماڵپه‌ڕێكی له‌و چه‌شنه‌ی ئه‌ويش بۆ شاردنه‌وه‌ی مه‌به‌سته‌ سه‌ره‌كی‌يه‌كه‌ی واته‌ كونتڕۆڵی ماڵپه‌ڕه‌ سياسی‌يه‌كان، له‌ پاڵوێنه‌داوه‌و ڕێژيم زياتر ده‌رهه‌ق به‌ ماڵپه‌ره‌ سياسی‌يه‌كان لوتفی نواندوه‌ كه‌ سه‌رو دڵی ڕێبه‌رانی ڕێژيم ده‌گرن!

كاربه‌ده‌ستانی ڕێژيم هه‌واڵی له‌ پاڵوێنه‌دانی ماڵپه‌ڕه‌ سياسی‌يه‌كانيان ره‌ت ده‌كرده‌وه‌و ئيدديعايان ده‌كرد كه‌ هه‌مووان ده‌توانن كه‌ڵكيان لیٚ وه‌رگرن. به‌ڵام به‌ پێی بڕياری شووڕای باڵای شۆڕشی فه‌رهه‌نگی! ئه‌و ماڵپه‌ڕه‌ ئه‌خلاقی‌و سياسيانه‌ی كه‌ سه‌رو دڵی ڕێژيم ده‌گرن، ده‌بێ له‌ پاڵوێنه‌ بدرێن. به‌ گوێره‌ی ئاييننامه‌ی په‌سندكراوی شووڕای ناوبراو، بۆ ڕێگرتن له‌ ده‌ست وێڕاگه‌يشتن به‌ ماڵپه‌ڕه‌ قه‌ده‌غه‌ كراوه‌ ئه‌خلاقی‌و سياسی‌يه‌كان، ده‌بێ سيستمێكی گونجاو له‌لايه‌ن ناوه‌نده‌كانی ئينتێرنێته‌وه‌ بۆ ئه‌م مه‌به‌سته‌ دابنرێ.[١]

ئه‌وه‌ی له‌و بڕياره‌دا، سه‌يرو سه‌رنجڕاكێشه‌ ئه‌و پاساوه‌يه‌ كه‌ بۆ جێبه‌جێ كردنی بڕياره‌كه‌يان ده‌يهێننه‌وه‌، ". . .ڕێوشوێن‌و قانوونی تۆڕه‌ زانياريده‌ره‌ كامپيوتێری‌يه‌كان به‌ سه‌رنجدان به‌ ئه‌م چه‌ند خاڵه‌ سه‌ره‌كی‌يه‌ی خواره‌وه‌ دارێژراون:

١ـ مافی ده‌ست پێراگه‌يشتنی خه‌ڵك به‌ زانست‌و زانياری

٢ـ ئاسانكاری كردن له‌ پێشكه‌شكردنی خزمه‌ته‌ زانياريده‌رو ئينتێرنێتی‌يه‌كان به‌ كۆمه‌ڵانی خه‌ڵك.[٢]

واته‌ بۆ ئه‌وه‌ی كه‌ خه‌ڵك به‌ ئاسانی‌و به‌ ئازادی ده‌ستيان به‌ زانست‌و زانياريی نوێ ڕابگا و له‌ كاروانی جيهانيی زانست‌و تێكنۆلۆژی وه‌دوا نه‌كه‌ون. ڕێژيمی كۆماری ئيسلامی كه‌ زۆر له‌ خه‌می خه‌ڵك دايه‌!، ناهێڵێ ده‌ستيان به‌ ماڵپه‌ڕه‌ ئه‌خلاقی‌و سياسی‌يه‌كان ڕابگا و تا وه‌دوای سياسه‌ت نه‌كه‌ون‌و هێزو وزه‌ی خۆيان به‌تێكڕا له‌ بواری زانست‌دا بخه‌نه‌ گه‌ڕ. له‌ خاڵه‌ سه‌يره‌كانی ديكه‌ی بڕياره‌كه‌، به‌ ره‌سمی ناسينی پسوو "استراق سمع"و سيخوريكردن له‌سه‌ر چالاكی‌يه‌كانی به‌كارهێنه‌رانی ئينتێرنێته‌!

". . .خاوه‌نی ناوه‌ندی پێوه‌نديی نێونه‌ته‌وه‌يی ئينتێرنێتی له‌سه‌ريه‌تی كه‌ فايلی زانياری له‌سه‌ر چالاكی‌يه‌ ئينتێرنێتی‌يه‌كانی كه‌ڵك وه‌رگره‌كان بخاته‌ به‌ر ده‌ست وه‌زاره‌تی (پست و تلگراف و تلفن) تا به‌ پێی ئه‌و ڕێوشوێنانه‌ی كه‌ شووڕای باڵای ئه‌منيه‌تی ميللی، دياريی كردوون له‌گه‌ڵ حوكمی قازی به‌ گوێره‌ی داواكاری، بخرێته‌ به‌ر ده‌ست وه‌زاره‌تی ئيتلاعات"[٣]

مه‌به‌ست له‌ گونجاندنی ئه‌و خاڵه‌ش ئه‌وه‌ بووه‌ كه‌ ئه‌گه‌ر خوانه‌خواسته‌ ئه‌وانه‌ی خێرو به‌رژه‌وه‌نديی خۆيان نازانن، نه‌كا ئه‌ركی سه‌رشانی خۆيان كه‌ فێربوونی زانست‌و زانياری‌يه‌ له‌بير بچێته‌وه‌و خۆيان به‌ ماڵپه‌ڕه‌ سياسی‌يه‌كانه‌وه‌ خه‌ريك بكه‌ن، بۆيه‌ وه‌زاره‌تی ئيتلاعات به‌ ئه‌ركی خۆی ده‌زانێ كه‌ به‌رده‌وام ئه‌ركه‌ راسته‌قينه‌كانيان وه‌بير بێنێته‌وه‌.

كۆماری ئيسلامی هه‌ر له‌ سه‌ره‌تاوه‌ كه‌وتۆته‌ دژايه‌تی كردنی تێكنۆلۆژی‌و ڕقی له‌ ده‌سكه‌وته‌كانی بۆته‌وه‌. هه‌ر له‌ ده‌سپێكی به‌ ده‌سه‌ڵات گه‌يشتنه‌وه‌، كه‌ڵك وه‌رگرتن له‌ ويدئۆی قه‌ده‌غه‌ كرد. پارازێتی خسته‌ سه‌ر شه‌پۆله‌ راديۆی‌يه‌كان. له‌ ناوچه‌ سنووری‌يه‌كان كه‌ به‌رنامه‌ ته‌له‌فيزيۆنی‌يه‌كانی وڵاتانی جيران به‌ ئاسانی وه‌رده‌گيران، وێستگه‌ی ناردنی پارازێتی كردنه‌وه‌. پاشان كه‌ كێشه‌ی كاناڵه‌ ئاسمانی‌يه‌كان سه‌ری هه‌ڵدا، كه‌ڵك وه‌رگرتن له‌ وانيشی قه‌ده‌غه‌ كرد. كاتێك كه‌ كه‌ڵك وه‌رگرتن له‌ ئامرازه‌ ماهواره‌يی‌يه‌كان بوو به‌ دياده‌يه‌كی گشتی، ديسان په‌نای وه‌به‌ر پارازيت برده‌وه‌. ئێستاش، هه‌ر ئه‌و سياسه‌ته‌ی ڕابردووی خۆی واته‌ سانسۆرو به‌ربه‌ركانێ له‌ به‌رانبه‌ر ئينتێرنێتيش‌دا به‌كار دێنێ.

بۆ پووچه‌ڵكردنه‌وه‌ی سياسه‌ت‌و بڕياره‌كانی ڕێژيم له‌م پێوه‌ندی‌يه‌دا به‌ پێويستمان زانی له‌سه‌ر چۆنيه‌تی كه‌ڵك وه‌رگرتن له‌و ماڵپه‌ڕه‌ سياسييانه‌ی كه‌ دژی سياسه‌ته‌كانی ڕێژيمی كۆماری ئيسلامين به‌ تايبه‌ت ماڵپه‌ڕه‌ قه‌ده‌غه‌ كراوه‌ سياسی‌يه‌كان! چه‌ند ڕێگه‌يه‌ك بۆ ده‌رباز بوون له‌و پاڵوێنانه‌ی كه‌ ڕێژيم دای‌ناون بخه‌ينه‌ به‌رچاوی ئۆگرانی ئه‌و ماڵپه‌ڕانه‌.[٤]

١ـ يه‌كێك له‌ ڕێگاكانی ده‌ربازبوون له‌ پاڵوێنه‌، سواركردنی به‌رنامه‌گه‌لی دژی پاڵوێنه‌ له‌سه‌ر كامپيوتێری به‌كار هێنه‌رانه‌. يه‌كێك له‌و به‌رنامانه‌، پاڵوێنه‌شكێنی Peek-a-booty ـه‌، ئه‌م پاڵوێنه‌شكێنه‌ له‌ تۆڕێكی جيهانی كه‌ڵك وه‌رده‌گرێ كه‌ تێی‌دا كامپيوتێره‌كان ده‌بنه‌ دوو ده‌سته‌ی پاشه‌كه‌وت‌و ده‌ڵاڵ. كامپيوتێره‌ پاشه‌كه‌وته‌كان، لاپه‌ڕه‌ ئينتێرنێتی‌يه‌كان كۆ ده‌كه‌نه‌وه‌و كامپيوتێره‌ ده‌ڵاڵه‌كان ده‌يانخه‌نه‌ به‌ر ده‌ستی به‌كارهێنه‌ره‌كان. به‌رنامه‌ی Peek-a-booty بۆ پێوه‌نديگرتن له‌گه‌ڵ ئه‌م كامپيوتێره‌ ده‌ڵاڵانه‌ كه‌ ده‌شگۆڕێن، ئيمكانی ده‌رباز بوون له‌ پاڵوێنه‌و پێوه‌نديگرتن له‌گه‌ڵ لاپه‌ڕه‌كان‌دا پێك دێنێ. بۆ په‌يدا كردنی ئه‌و به‌رنامه‌ پاڵوێنه‌شكێنه‌ ده‌توانن به‌ناونيشانی www.Peek-a-booty.org ه‌وه‌ پێوه‌ندی بگرن‌و ئه‌گه‌ر زانياری‌يه‌كی پترتان بوێ، ده‌توانن له‌گه‌ڵ ئه‌م ئادره‌سه‌دا پێوه‌ندی بگرن:

Paul@Peek-booty.org و Joey@Peek-a-booty.org

٢ـ ڕێگه‌يه‌كی ديكه‌ی ده‌ربازبوون له‌ پاڵوێنه‌، پێوه‌نديكردن به‌و ماڵپه‌ڕانه‌وه‌يه‌ كه‌ به‌ مه‌به‌ستی ده‌ربازبوون له‌ پاڵوێنه‌ سازكراون. ماڵپه‌ڕ گه‌لێك وه‌ك: www.anonsurf.de, CGIProxy, the-cloak, Megaproxy و. . .بۆ پێوه‌نديگرتن له‌گه‌ڵ ئه‌م ماڵپه‌ڕانه‌ ده‌كرێ له‌ پاڵوێنه‌كه‌ ده‌رباز بی‌و بچيته‌ نێو ماڵپه‌ڕی دڵخوازی خۆته‌وه‌. بۆ نموونه‌ ئاماژه‌ به‌ شێوه‌ی كاری ماڵپه‌ڕی www.proxyweb.net ده‌كه‌ين:

سه‌ره‌تا به‌ ئادره‌سی www.proxyweb.net ه‌وه‌ پێوه‌ندی ده‌گرن. له‌سه‌ر ئه‌و لاپه‌ڕه‌يه‌ كه‌ ده‌رده‌كه‌وێ‌و شوێنێك بۆ نووسينی URL (ناونيشانی ماڵپه‌ڕ)ی دڵخوازو له‌ به‌رامبه‌ری‌دا دوگمه‌يه‌ك به‌ناوی SUVF! هه‌يه‌. ئه‌و ئادره‌سه‌ی كه‌ مه‌به‌ستانه‌ بيده‌نێ، پاشان دوو بژارده‌ی Enablejava و Enablejavascript دياری بكه‌ن‌و له‌سه‌ر دوگمه‌ی SUVF! كليكی ده‌كه‌ن‌و... .

٣ـ ڕێگه‌يه‌كی دی، چوونه‌ نێو ئه‌و ماڵپه‌ڕانه‌يه‌ كه‌ لينكيان بۆ ئادره‌سی دڵخوازی به‌كارهێنه‌ر، هه‌يه‌. بۆ نموونه‌ ماڵپه‌ڕی Kurdish.com كۆمه‌ڵێك لينكی بۆ چوونه‌ نێو ماڵپه‌ڕه‌ قه‌ده‌غه‌ كراوه‌كان هه‌يه‌ كه‌ له‌و ڕێگه‌يه‌وه‌ ده‌كرێ پێوه‌ندی به‌و ناونيشانه‌وه‌ بكرێ كه‌ مه‌به‌سته‌.

٤ـ له‌كۆتايی‌دا ئه‌گه‌ر هيچ كام له‌م ڕێگايانه‌ كه‌ڵكيان نه‌بوو. به‌ ناونيشانی Emailی ئێمه‌ پێوه‌ندی بگرن تا ئه‌و شتانه‌ی ده‌تانه‌وێن، پێتان بده‌ين.

ناونيشانی Emailه‌كه‌مان:

Kurdistanmedia@yahoo.com ـ pdkiran@club_internet.fr

سه‌رچاوه‌كان:

١ـ بڕياری شووڕای باڵای فه‌رهه‌نگی، ڕێكه‌وتی ٨٠/٨/١٥، كه‌ له‌ ماڵپه‌ڕی "اخبار روز"، هی شه‌ممه‌ ٦م ٨٢/٣ وه‌رگيراوه‌.

٢ـ هه‌مان سه‌رچاوه‌

٣ـ هه‌مان سه‌رچاوه‌

٤ـ وێڕای ڕێزو پيزانينمان بۆ ماڵپه‌ڕه‌كانی گويا، ڕۆشه‌نگه‌ری‌ۆ ميهه‌ن بۆ ئه‌و زانيارييانه‌ی سه‌باره‌ت به‌ پاڵوێنه‌ پێيان داين.

***

# چاوەکانمان بکەینەوە

و

# جۆرێکی‌تر بڕوانین

عیرفان رەهنموون

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، زیاتر لە هەر کاتێکی‌تر لە هەلدێری نەمان‌و گلۆربوونەوە نزیك بۆتەوە. ئەم هەقیقەتە بەرچاوە بۆتە هۆی ئەوە کە هێزو لایەنە پێکهێنەرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لە دەرەوەی وڵات، زیاتر لە هەر کات‌و ساتێکی دیکە ڕاستی‌یەکانی پێوەندیدار بە چارەنووسی خەڵکی وڵات دەرك بکەن.

ئەو هێزو لایەنانە، پەیتا پەیتاو لە ڕاگەیەندراوگەلێك‌دا، جەخت لە نزیکبوونەوەی کاتی هەرەسهێنانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەکەنەوەو لە سەر ئەوە پێ‌دادەگرن کە دەبێ هەموو هێزو لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە ژێر چەتری پلاتفۆرمێکی هاوبەش‌دا کۆببنەوە تا خێرایی‌یەکی زیاتر بە ڕەوتی گلۆربوونەوەو هەرەسهێنانی ئەو ڕێژیمە دیکتاتۆرو سەرەڕۆیە بدرێ. بەڵام بە داخەوە زۆربەی ئەو هێزو لایەنانە نەیانتوانیوە یان نەیانویستوە کە گیروگرفت‌و کێشە سەرەکی‌یەکانی کۆمەڵگای ئێران بناسن‌و لە ئاکام‌دا تا ئێستا نەیان‌توانیوە ڕێکارێکی زانستی ـ کردەکی لەو پێوەندی‌یەدا بخەنە ڕوو.

ئێمە لەم وتارەدا تەنیا تیشك دەخەینە سەر خۆبواردن یان چاوپۆشی کردن لە مەسەلەی بنەڕەتیی ستەمی نەتەوایەتی لە ئێراندا ـ بە سەرنجدان بە زۆربەی ئەو پلاتفۆرمانەی کە تا ئێستا خراونەتە ڕوو ـ و باس لە سەر مەسەلەکانی دیکە هەڵ دەگرین بۆ دەرفەتێکی‌دی.

ئەگەر ئێمە بمانەوێ پرۆسەی هەرەسپێهێنانی ڕێژیمێك بخوێنینەوە، بەر لە هەموو شتێك پێویستە بە چاوروونی‌یەوە ئەو سیستەمە بناسین کە خۆمان بە ئۆپۆزیسیۆنی دەزانین، واتە دەبێ گرێچن‌و پێکهاتەی سەرەکیی ئەو سیستەمە بناسین‌و دان بە هەموو ئەو ماف‌و ئازادیيانەدا بنێین کە ئەو سیستەمە لە ڕەوتی بە دەسلاتگەیشتن‌و بە هێزبوونی‌دا خەڵکی وڵاتەکەمانی لێ بێبەش کردوە. چونکە ئەگەر ئێمە مافە پێشێلکراوەکانی خەڵکمان بە ڕەسمی نەناسین، هەرگیز ناتوانین وەها گرێچن‌و پێکهاتەیەکی سەرەڕۆیانە هەڵوەشێنینەوە. چونکە ئەگەر خەڵکی وڵاتەکەمان ویست‌و بەرژەوەندیيە ڕەواکانی خۆیان لەو بەرنامە، گەلاڵەو پلاتفۆرمانەدا نەبیننەوە، هیچکات بۆ کۆتایی پێهێنانی تەمەنی ئەم ڕێژیمە نەگریسە (بە پێی ئەو پلاتفۆرم‌و گەلاڵانە) نایەنە گۆڕەپانی خەباتەوە.

ئەگەر بمانەوێ پێناسەیەکی کورتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بخەینە ڕوو، دەتوانین بڵێین کە: نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران، سیستەمێکی ئیدئۆلۆژیکە بە ماهییەتێکی فاشیستی‌یەوە کە بە پێی ئەو ئیدئۆلۆژی‌یە هەموو گەلانی ئێران لە ماهییەتی ڕاستەقینەی خۆیان دادەتەکێنرێن‌و ئامانجی ئەم "هاوچەشن کردن"ە ستەمکارانەیەش، هێشتنەوەی دەسەڵاتە لە دەست کەمینەیەك فەرمانڕەوای سەرەڕۆدا کە هرگیز تینوێتییان لە سەرەڕۆیی‌و دەسەڵاتپەرستی‌دا، ناشکێ.

دەسەڵاتپەرستانی کۆماری ئیسلامی نە تەنیا دەڵێن کە "ئێران" بەشێکە لە جیهانی ئیسلام، بەڵکوو زیاتر لەوە پێڕادەکێشن‌و دەڵێن "ئۆمولقورا"ی ئەو جیهانەیەو هەموو دانیشتوانی ئێران "دەبێ" موسڵمان بن‌و ئیسلام (مەبەست پێناسەی ئەوان لە ئیسلامە) دەتوانێ تەواوی گیروگرفتەکانی کۆمەڵگای ئێران چارەسەر بکا، کەواتە باسکردن لە ماف‌و ئازادی‌یەکانی گەلانی ئێران دەبێتە هۆی چەند بەرەکی‌و "ئوممەتی ئیسلامی" پارچەپارچە دەکات‌و وەها بیرۆکەیەك گوناهێکی گەورەو نەبەخشراوە!

ئەگەر ئێمە خۆمان بە "ئۆپۆزیسیۆن"ی ئەم ڕێژیمە سەرەڕۆیە بزانین، دەبێ ئەندێشە، وتەو کردارمان ـ چ لە ڕووی فۆرمەوەو چ لە ڕووی نێوەرۆکەوە ـ دژی ئەندێشە، وتەو کرداری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بێ. چونکە کۆماری ئیسلامی، ڕاست بە هۆی سیاسەتی "هاوچەشن کردن"ەوە، کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی دیکتاتۆرانەی خۆی لە سەرانسەری وڵاتدا، دامەزراندون.

یەکێك لە هەڵەو کەموکوڕی‌یە سەرەکی‌و ڕیشەیی‌یەکانی ئەو پلاتفۆرمانەی کە لە لایەن بەشێك لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵاتەوە خراونەتە ڕوو، ئەوەیە کە لەواندا لە میتۆدی گەیشتن لە "جوزء"ەوە بۆ "کول" کەڵك وەرگیراوە. واتە لە باتی ئەوەی کە سەرنج بدەنە کێشە هەمەکی‌و پێکهاتەیی‌یەکان، خۆیان بە ڕواڵەت‌و مەسەلە گچکەکانەوە خەریك کردووە وادەزانن کە ئەگەر مەسەلەکان بە شێوەی "بەش ـ بەش" چارەسەر بکرێن، بە شێوەیەکی سروشتی‌و لە داهاتوودا، گرێچن‌و پێکهاتەی سەرەکییش چارەسەر دەکرێ!

ئەگەر بە خۆشبینانەترین شێوەش سەیری ئەو میتۆدانە بکەین‌و نیازپاکیی ئەوان بکەینە پێوەری ڕەخنەکانمان، دەتوانین بەم شێوەیە پەردە لە سەر وەها سەفسەتە گەلێك هەڵ بدەینەوە:

یەکەمین هەڵەو تێکەڵکردنێك کە تووشی بوون، تێنەگەیشتنی زانستی‌یە لە چەمکەکانی "ئۆپۆزیسیۆن" و "پۆزیسیۆن". چونکە ئەو پلاتفۆرمانە لە ڕووی نێوەرۆکەوە دەچنە سەر ئەو گەڵاڵانەی کە لە لایەن "پۆزیسیۆن"ەکانەوە خراونەتە ڕوو. بەڵگەشمان ئەوەیە کە "پۆزیسیۆن" هیچکات لە گەڵاڵەکانی‌دا لە میتۆدی گەیشتن لە "کول"ەوە بەرەوە "جوزء" کەڵك وەرناگرێ، چونکە "پۆزیسیۆن" خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی وەزعی مەوجوود نیەو لە ئاکامدا گەڵاڵەکانیان، گەڵاڵەگەلێکی "پێکهاتەشکێن" (ساختار شکن) نین، بەڵکوو تەنیا دەستکاری ڕواڵەتەکان دەکا.

"ئۆپۆزیسیۆن" دژی "پۆزیسیۆن"ە، چونکە "ئۆپۆزیسیۆن" لە "کول"ەوە بۆ "جوزء" دەڕواو لە سەر ئەو باوەڕەیە کە "جوزء" شوێنکەوتەی "کول"ە، بەڵام "پۆزیسیۆن" هیچکات لە "کول"ەوە بۆ "جوزء" هەنگاو نانێ، چونکە هەنگاونان لە "کول"ەوە بۆ "جوزء" خودی پۆزیسیۆنیش هەڵ دەوەشێنێتەوە.

ئێمە کە خۆمان بە "ئۆپۆزیسیۆن"ی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەزانین، دەبێ گەڵاڵەو پلاتفۆرمەکانمان، پلاتفۆرم گەلێکی "پێکهاتەشکێن" بن‌و پێش هەموو شتێکی دیکە دوژمنایەتی‌کردن لەگەڵ سیاسەتی "هاوچەشن کردن"دا بکەینە ئامانجی سەرەکیی خۆمان. ئەگەر بە خێرایی‌و بێ‌قووڵبوونەوەیەکی ئەوتۆ، چاوێك بگێڕین لە نێو ئەو سنوورە جوغرافیایی‌یەی کە کەمتر لە سەدەیەکە بە "وڵاتی ئێران" دەناسرێ، بە ئاسانی بۆمان دەردەکەوێ کە نەتەوەگەلێکی وەك (کورد، فارس، بەلووچ، عەرەب‌و تورك) لەو سەرزەوی‌یەدا دەژین‌و بێ‌ئەوەی ڕۆژێك لە ڕۆژان پرسیان پێ‌کرابێ، بە پێی سیاسەتی فاشیستیانەی "هاوچەشن‌کردن" نە بە مەیلی خۆیان‌و بە مافی یەکسانەوە، بەڵکوو بە زۆر بەیەکەوە لکێندراون‌و لە سەرەتاییترین مافی سیاسیی خۆیان کە "مافی دیاریکردنی چارەنووس"ە، بێبەش کراون. کەواتە پێویستە لەو گەڵاڵەو پلاتفۆرمانەدا کە لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمەوە دەخرێنە ڕوو، پێش هەموو مەسەلەیەکی دیکە، سەرنج بدرێتە "لابردنی ستەمی نەتەوایەتی"و ڕێوشوێن‌و چارەسەری شیاوی بۆ دەستنیشان بکرێ.

ئەگەر لەو گەڵاڵەو پلاتفۆرمانەدا ـ بە کەڵك وەرگرتن لە وشەی تەمومژاوی ـ لە باتی "گەلانی ئێران"، وشەگەلی وەك "ئێرانی" یا "خەڵکی ئێران" بە کار بێنیین، بمانەوێ‌و نەمانەوێ چووینەتە نێو سنووری سیاسەتی نامرۆڤانەی"هاوچەشن‌کردن"ەوە. چونکە بەکارهێنانی وشەگەلی وەك "ئوممەتی ئیسلامی" و "میللەتی ئێران" لە باتی "گەلانی ئێران" یان "نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێران" لە ڕووی نێوەرۆکەوە، مانایەك جگە لە دووپاتکردنەوەو جووینەوەی سیاسەتی "هاوچەشن‌کردن" ناگەیەنێ.

> **ئەگەر لەو گەڵاڵەو پلاتفۆرمانەدا ـ بە کەڵك وەرگرتن لە وشەی تەمومژاوی ـ لە باتی "گەلانی ئێران"، وشەگەلی وەك "ئێرانی" یا "خەڵکی ئێران" بە کار بێنیین، بمانەوێ‌و نەمانەوێ چووینەتە نێو سنووری سیاسەتی نامرۆڤانەی"هاوچەشن‌کردن"ەوە. چونکە بەکارهێنانی وشەگەلی وەك "ئوممەتی ئیسلامی" و "میللەتی ئێران" لە باتی "گەلانی ئێران" یان "نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێران" لە ڕووی نێوەرۆکەوە، مانایەك جگە لە دووپاتکردنەوەو جووینەوەی سیاسەتی "هاوچەشن‌کردن" ناگەیەنێ.**

هەموو ئەو هێزو لایەنانە واچاکە بزانن، گەلانی زۆرلێکراوی ئێران بە گشتی‌و بە تایبەت گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا، ئامادە نیە دەستی هاوکاری‌و هاوئاهەنگی بۆ لای ئەو هێزو لایەنانە ڕاکێشێ کە ڕاشکاوانەو بێ ئەملاو ئەولا، دان بە مافە ڕەواکانی گەلانی بندەستدا نانێن‌و لە کردەوەدا بۆ وەدەستهێنانەوەی مافە خوراوەکان، تێ‌ناکۆشن. چونکە داخوازیی سەرەکی‌و شابەیتی چەکامەی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستانی ئێران، دێموکراسیی ڕاستەقینەو لاچوونی ستەمی نەتەوایەتی‌یەو گۆڕانی سیستمی سیاسی لە ئێراندا بە بێ لە نێوچوونی ستەمی نەتەوایەتی، ناتوانێ گەلانی ئێران شاد بکا. بەرچاوترین فاکت‌و نموونە بۆ ئەو ڕاستی‌یە، گۆڕانی نیزامی پەهلەوی بە کۆماری ئیسلامی بوو کە نە تەنیا نەبووە هۆی ئەوە کە بزووتنەوەی میللی ـ دێموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا لە کەفوکوڵ بکەوێ، بەڵکوو ئەو ئاگرە پیرۆزو نەمرە، زیاتر لە ڕابردوو کڵپەی کردو بڵێسەی سەند.

کاتێ ڕاشکاوانە دان بەو هەقیقەتە دابنرێ کە "ئێران" وڵاتێکی فرەنەتەوەیی‌یە کە ماف‌و ئازادی‌یەکانی ئەو نەتەوانە بە هۆی سیاسەتی "هاوچەشن‌کردن"ی زۆرەملێ لە لایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە پێشێل کراون، پێ‌دەنێینە قۆناغی دووهەمەوە کە دەتوانین بە "پرۆسەی گەیشتن لە تیئۆری‌یەوە بۆ پراکتیك" ناوزەدی بکەین. واتە دەبێ پلاتفۆرمێك بخرێتە ڕوو کە دژایەتی‌یەکی بێ ئەملاوئەولا لەگەڵ سیاسەتی "هاوچەشن‌کردن" بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە بکاو ڕاشکاوانە میکانیزمی دژایەتی‌کردنی ئەو سیاسەتە نامرۆڤانەیە بخاتە پێش چاومان. چونکە ڕستەگەلێکی وەك "هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی مافی قەومییتە ئێرانی‌یەکان" چارەساز نیەو دەبێ میکانیزمی ئەم "گەڕاندنەوەی مافانە" دوای دیاریکردن، ڕاڤە بکرێ. واتە دەبێ ڕاشکاوانە ڕاگەیەندرێ کە میکانیزمەکە "خودموختاری"یە یان "فیدرالیزم". پاش ئەوەی کە میکانیزمەکە ڕاگەیندرا، دەبێ دەستبەجێ لە بەرنامەو ڕاگەیەنە گشتی‌یەکانی ئۆپۆزیسیۆندا، لایەنە جۆراوجۆرەکانی پێشێلبوونی ماف‌و ئازادی‌یەکانی گەلانی بندەستی ئێران تاوتوێ بکرێن تا هەموان لەو میکانیزمە کە بۆ چارەسەرکرانی ستەمی نەتەوایەتی دەسنیشان کراوە، پشتیوانی بکەن.

تەنیا پرۆسەیەکی لەو بابەتە دەتوانێ هەموو گەلانی ئێران بۆ خەباتێکی شێلگیر، ماندوویی نەناسانەو وشیارانە بێنێتە گۆڕەپانی خەباتێکی "پێکهاتە شکێن"ەوەو جارێکی دیکە هەتاوی ئەهووراییی، وزەو گەرمای ببەخشێتە بەستەڵەکی نیشتمان‌و تاریکی‌و ستەمی ئەهریمەنی لە بست بە بستی خاکی وڵاتەکەمان پاشەکشە بکات.

***

# پێکهاتنی چوارەمین کۆنفرانسی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ سوئێد

دوا نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠٠٣/٥/٣١ چوارەمین کۆنفرانسی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ سوئێد دەستی بە کارەکانی خۆی کرد. لەو کۆنفرانسەدا کە ٨٦ ئەندامی یەکیەتیی لاوان بە نوێنەرایەتیی زیاتر لە ٤٨٠ ئەندام بەشدار بوون، نوێنەری کۆمیتەی حیزب لە ئورووپا، بەرپرسی کۆمیتەی حیزبی دێموکرات لە وڵاتی سوئێدو بەشێك لە ئەندامانی کۆمیتەی حیزب‌و بەرپرسی ناوەندی یەکیەتیی کوردان‌و نوێنەری یەکیەتیی ژنانی دێموکرات‌و چەند هەیئەتی ڕێکخراوە خوێندکاری‌یەکان‌و لاوان هەروەها چەند کەسایەتی‌و دۆستی یەکیەتیی لاوان بۆ ئەو کۆنفرانسە بانگهێشتن کرابوون‌و بەشداری‌یان تێ‌دا کرد.

کارەکانی کۆنفرانس بە سەر سێ بەش‌دا دابەش کرابوون، بەشی یەکەم بە بەخێرهێنانی بەشدارانی کۆنفرانس دەستی پێ‌کردو ئینجا هاوڕێ کاك سەعید بێگزادە ئەندامی کۆمیتەی حیزب لە ئورووپا لە وتەیەك‌دا بەڕەسمی کۆنفرانسەکەی کردەوە، پاشان هاوڕێ ئەمیر سوڵتانی بەرپرسی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ سوئێد، پەیامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی لاوانی پێشکێش کرد.

ئەو پەیامانەی کە لەو کۆنفرانسەدا خوێندرانەوە بریتی بوون لە:

١ـ پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٢ـ پەیامی کۆمیتەی حیزب لە وڵاتی سوئێد

٣ـ پەیامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ کوردستان

٤ـ پەیامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ ئورووپا

٥ـ پەیامی پیرۆزبایی کۆمیتەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ دانمارك

٦ـ پەیامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ نۆروێژ

٧ـ پەیامی ناوەندی یەکیەتیی کوردان ـ سوئێد

٨ـ پەیامی کۆمەڵەی خوێندکاران‌و ئاکادیمی کوردستان

٩ـ پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی عێراق

١٠ـ پەیامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ سوئێد

١١ـ پەیامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ فینلەند

١٢ـ پەیامی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان ـ سوئێد

بەشی دووهەمی کاری کۆنفرانس تەرخان کرابوو بۆ خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکانی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە بەو شێوەیەی خوارەوە بوون:

١ـ ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوان

٢ـ ڕاپۆڕتی کارو تێکۆشانی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوان

٣ـ ڕاپۆڕتی کارو تێکۆشانی کۆمیتەی یەکیەتیی لاوان

٤ـ ڕاپۆڕتی بەشی ماڵیی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات

بە دوای خوێندنەوەی ئەو ڕاپۆرتانەدا، ئەندامانی کۆنفرانس چالاکانە ڕاپۆرتەکانیان خستە بەرباس‌و هەڵسەنگاندن، دوای ئەوە ڕاپۆرتەکان بە تێکڕای دەنگ پەسند کران. لە دوایین بەشی دانیشتنی دووهەمین کۆنفرانس‌دا هاوڕێ مەریوان نستانی بڕیارو پێشنیارەکانی کۆنفرانسی چوارەمی خوێندنەوە، کە لە لایەن ئەندامانی کۆنفرانسەوە پەسند کران.

لە بەشی سێهەمی کۆنفرانس‌دا کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوان هەڵبژێردراو دەست بەکاربوونی خۆی ڕاگەیاند. شایانی باسە کە کاتژمێر ١٢ی شەو کارەکانی کۆنفرانس سەرکەوتووانە کۆتایی‌یان پێ‌هات.

***



## هەواڵە وەرزشی‌یەکان

ئا: ئەشکان

### بەردەوامیی تیمی زولفەقارنەسەب لە سەرکەوتنەکانی‌دا

لە درێژەی یاری‌یەکانی لیگی حیرفەیی فووتباڵی ئێران‌دا، یانەی پەیکانی تاران بە ڕاهێنەریی بیژەنی زولفەقارنەسەب (خەڵکی سنە) لە خولی ٢١ی یاری‌یەکاندا کە ڕۆژی ١٦ی بانەمەڕ بەڕێوە چوو، لە یاریگەی "تەختی"ی تاران، لە بەردم ١٠ هەزار لایەنگری یانەی ئیستیقلالی تاران، ١ـ ٠ لەم یانەیەی بردەوە. لەم یاری‌یەدا ئەرەستوو محەممەدی یاریزانی سەقزیی یانەی پەیکان یەکێك لە سەرکەوتووترین یاریزانەکان بوو.

### جامی تەختی‌و سەرکەوتنی سێ یاریزانی کورد

بیست‌و دووهەمین خولی زۆرانی جامی تەختی لە دوو شاری سنەو تاران بەڕێوە چوو کە لە ئاکام‌دا سێ یاریزانی کورد پلەی یەکەم‌و دووهەمیان وەدەست هێنا.

لە یاری‌یەکانی زۆرانی شان‌و مل‌دا کە لە ڕۆژەکانی ٢٥و ٢٦ی بانەمەڕ لە شاری سنە بە بەشداریی ٧٦ زۆرانەوان لە ولاتانی ئێران، ئەمریکا، ئازەربایجان‌و سوریە بەڕێوە چوون، ئێران پلەی یەکەمی وەدەست هێنا. لە کێشی ١٢٠ کیلۆدا "عەلیرەزا غەریبی" لە ئیلام پلەی یەکەم‌و میداڵی زێری وەدەست هێناو لە کێشی ٦٦ کیلۆدا "ئازاد عەلی محەممەدپوور" لە ئوستانی کوردستان پلەی دووهەم‌و میداڵی زێوی وەدەست هێنا.

هەروەها یاری‌یەکانی زۆرانی ئازاد کە دەبوو بە دوای کۆتایی هاتنی زۆرانی شان‌ومل لە شاری سنەدا بەڕێوە چووبان، بە بڕیارێکی چاوەڕوان نەکراوی فیدراسیۆنی زۆران، گواسترانەوە بۆ شاری تاران‌و لە ڕۆژەکانی ٣١ی بانەمەڕو ١ی جۆزەرداندا بەڕێوە چوون. لەم یارییانەش‌دا تەنیا ٥ ولات بەشدار بوون، کە لە ئاکام‌دا ئێران پلەی یەکەمی وەدەست هێنا. لە کێشی ٨٤ کیلۆی ئەم جامەدا "فەرەیدون قەنبەری" زۆرانەوانی کرماشانی بەدوای سەرکەوتن بەسەر خودایی (نەفەری سێهەمی جیهان)و پژمان دروستکار (قارەمانی ئێران لە سالانی پێشوودا) پلەی یەکەم‌و میداڵی زێری وەدەست هێناو بۆ بەشداری لە یاری‌یەکانی قارەمانیی جیهان دیاری کرا.

### ئاسێ میلان‌و شەشەمین قارەمانی

ڕۆژی چوار شەممە ٧ی جۆزەردان چل‌و هەشتەمین خولی





جامی یانەکانی ئورووپا بە یاریی ئاسێ میلان‌و یووەنتووس هەردوو لە ئیتالیا لە یاریگەی ئورترافوردی شاری مەنچێستێر لەبەردەم ٦٠ هەزار کەس کۆتایی پێ‌هات. ئەم یاری‌یە زیاتر لە ٢ میلیارد کەس لە ڕێگەی تەلەفزیۆنەوە بینیان. بۆ یەکەم جار بوو کە دوو یانەی ئیتالیایی یاریی کۆتایی بەڕێوە بەرن.

دوو تیمی بەشداری ئەم یاری‌یە لە ٩٠ دەقیەی یاسایی‌و ٣٠ دەقیقەی زیادکراودا ٠-٠ بەرابەر بوون. هەربۆیە بۆ دیاریکردنی قارەمانی ئەم جارە پەنا برایە بەر پێنالتی کە لە ئاکام‌دا "ئاسێ میلان" ٣-٢ بەسەر "یووەنتووس"دا سەرکەوت‌و بۆ جاری شەشەم مەقامی قارەمانیی ئەم جامەی وەدەست هێنا. پێویستە بگوترێ یانەی یووەنتووس تا ئێستا دووجار ئەم جامەی وەدەست هێناوە.

لە کۆتایی ئەم یارییانەدا "ڕۆدوان نێستلرۆی" یاریزانی هۆلەندیی یانەی مەنچێستێر یونایتێدی ئینگلیس، بە لێدانی ١٢ گۆڵ وەك باشترین گوڵکەر دیاری کرا.

❊❊❊

# پێشبرکێ‌یەکانی فووتباڵ لە نێو بنکە حیزبی‌یەکان‌دا



## گوڵی گەورە

لە رۆژی ٢/٢٣ تا ١٣٨٢/٣/٦ی هەتاوی‌یەوە هەروەك سالانی ڕابردوو ئەمسالێش پێشبڕکێ‌یەکی تۆپی‌پێی نیوخۆیی حیزب بە بەشداریی سەرجەم ناوەندو ئۆرگانەکانی حیزب بەڕێوە چوو.

لەو پێشبرکێ‌یانەدا کە سەرجەم ١٢ یاری بەڕێوە چوون، سێ تیم توانیان لە نێوان سەرجەم تیمەکان‌دا پلەی یەکەم تا سێهەم بەدەست بێنن:

پلەی یەکەم: تیمی پێشمەرگە

پلەی دووهەم: تیمی یەلدا

پلەی سیهەم: تیمی موکریان

لە ڕێوڕەسمی کۆتایی‌دا، تیمە هەڵبژێردراوەکان، داوەران، یاریزانانی دیاریکراو لە بواری تکنیك‌و ئەخلاقی وەرزشی‌و گۆڵ‌کردن‌دا خەڵات کران. شایانی باسە کە هاوڕێیان: عەسکەر پالانی لە تیمی یەڵدا، مزەفەر پێشڕەو لە تیمی پێشمەرگەو وریا میراوەیی لە تیمی موکریان لە بواری تکنیك‌دا خەڵات کران. هەروەها هاوڕێیان: سمایل محەممەدی لە تیمی کوردستان، سەلاح باڵەکی لە تیمی سپی‌سەنگ، فاتیح محەممەدی لە بواری ئەخلاقی وەرزشی‌دا خەڵات کران. بەو جۆرە پێشبرکێ‌یەکانی تۆپی پێی نیوخۆیی حیزب لە رۆژی ١٣٨١/٣/٦ی هەتاوی‌دا سەرکەوتوانە کۆتایی پێ هات.

## بەڕێوەچوونی کێبەرکێی گۆڵی چکۆڵە

رۆژی ١٣٨٢/٢/١٦ سێهەمین کێبەرکێی گۆڵی چکۆلە بە بەشداریی ناوەندو ئۆرگان‌و کۆمیسیۆنەکانی حیزب بەڕێوە چوو. لەو دەورەیە کە سەرجەم ١٦ تیم بەشدار بوون، یاری‌یەکان بە شێوەی دووحەزفی بەڕێوەچوون سەرجەم ٢٨ یاری‌کران‌و لەئاکام‌دا: تیمەکانی "الف"و "ب"ی سەر بە ناوەندی یەك و تیمی ئارارات پلەکانی یەکەم تا سێهەمیان بە دەست هێنا. شایانی باسە کە "سابیر دەروێشی" وەك باشترین گۆڵ‌لێدەر، ئازاد عەرەبی وەك بەئەخلاقترین یاریزان‌و شەهرام سوهرابی لە بواری تکنیك‌دا خەڵات کران. یاری‌یەکان رۆژی ١٣٨٢/٢/٢١ سەرکەوتوانە کۆتایی‌یان پێ‌هات.

❊❊❊

درێژەی لاپەڕەی یەك:

## ئەگەر هەر ئەو عەقڵە لە تاران حاکم بێ!

ئێستا ئەو ڕێژیمە لە دەرەوەش ڕا فشارێکی بێ‌وێنەی خراوەتە سەر تا کۆتایی بە پشتیوانی لە تیرۆریزم‌و ڕێکخراوە تیرۆریستی‌یەکان بێنێ‌و چی‌دیکە لەسەر ڕێگای سەقامگرتوویی لە ولاتانی دراوسێ‌و جێگیربوونی ئاشتی لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستدا، نەبێ بە کۆسپ، چی دیکە هەوڵی وەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی نەداو، چی‌دیکە دژایەتیی هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێك بە قازانجی دێموکراسی‌و ئازادی لە ولاتەکەی دا، نەکا. ئەگەر جاران لەو بوارانەدا هەر لەگەڵ فشاری ئەمریکاو کۆڕو کۆمەڵ و ناوەندە نێونەتەوەیی‌یەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ بەرەوڕوو بوو، ئێستا بە هاودەنگیی ژمارەیەکی زیاتری دەوڵەتانی جیهان لەگەڵ ئەمریکا (لە بواری چەکی ئەتۆمی‌و تیرۆریزم)و هاوپێوەندی‌یەکی بەربەرینتری جیهانی لەگەڵ خەڵکی ئێران (لە بواری پشتیوانی لە ماف‌و ئازادی‌یەکانیان)دا، ئەو فشارو مەترسی‌یە خاریجی‌یە، زیاترو ئاشکراتر هەست پێ‌دەکرێ.

بەو حاڵەش، ئەو عەقڵەی لە تاران حاکمە، لەگەڵ ئەوەش دا کە ئەو فشارو مەترسی‌یانە دەبینێ، وەك هەمیشە ڕێگای دەرباز بوونی ڕێژیم لەو مەترسی‌یانە، لەمل دان بۆ گۆڕانکاریی بنەڕەتی‌و تەسلیم بوون بۆ ئیرادەی خەڵکی ولات دا نابینێ. ئەو عەقڵە نەخۆشە، دەیەوێ مەترسیی نێوخۆ بە سەرکوت‌و کپ کردنی هەر چەشنە دەنگێکی ناڕازی‌و، مەترسیی دەرەوە، لە ڕێگای ساتوسەوداوە لە خۆی دوور بخاتەوە. ئەگەر نوێنەرانی مەجلیس لە خامەنەیی‌یان دەوێ، بەربەستەکانی ڕێگای ئاڵوگۆڕ لاباو چی‌دیکە بە یارمەتیی شوورای نیگابان‌و دەزگایی قەزایی‌و مەجمەعی تەشخیسی مەسڵەحەت‌و . . . پێشی هەر چەشنە هەنگاوێك بە مەبەستی رازی کردنی خەڵکی ولاتیان لێ نەگرێ، ناوبراو، هەر چەشنە پاشەکشەیەکی پاوانخوازی‌و سەرەڕۆیی، بە خواردنەوەی "جامی ژار" دەزانێ‌و لەگەڵ هەموو شەریکە دەسەلاتەکانی دا لێ‌بڕاوە پێشی چووکترین ئاڵوگۆڕ بە قازانجی ئازادی‌و دێموکراسی بگرێ. چونکە لێیان روونە کە ئەم جۆرە پاشەکشانە، پاشەکشەی گەورەتریان بە دوا دادێ. بەڵام بیریان لەوە نەکردۆتەوە، ڕێژیمێك کە لەنێو خۆی دا یەکدەست نیەو، ئێستا لە هەموو کاتێکی تەمەنی زیاتر لەگەڵ رق‌و نەفرەت‌و بێزاریی خەڵك بەرەو روویە، چۆن دەتوانێ بەبێ ئەوەی هەنگاوێك بە مەبەستی داخوازە سەرەکی‌یەکان خەڵك هەڵ بگرێ، پێشی تەقینەوەی تووڕەیی ئەوان بگرێ‌و، چۆن بە لەدەست دانی مەشرووعییەتی رۆژ بەرۆژ زیاتر، دەروەستی فشارو هەڕەشەی خاریجی دێ؟ یا ئەگەر هەر دوو ئەو مەترسی‌یانە وەڕاست گەڕان، جگە لە رووخانێکی بەپەلە چ داهاتوویەکی دەبێ؟

**لە دەرەوەی ولات یارمەتییە ماڵییەکانی خۆتان بۆ حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بدەن بەم حیسابە بانکی‌یە:**

C.C.P PARIS 68040
M020
FRANCE

فیشە بانکی‌یەکەشی بۆ ئەم ئادرەسە پۆست بکەن:

A.F.K.B.P.102  75623
PARIS CEDEX 13
FRANCE

**بۆ هاوکاریی زیاتری هێزە دێمۆکرات‌و پێشکەوتووەکانی ئێران تێ‌بکۆشین**

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 366 5 June 2003

بۆ خوێندنەوەی چاپەمەنیو بڵاوکراوەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانو وەرگرتنی زانیاری لەبارەی حیزب، بڕواننە ئەم ئادرەسانەی خوارەوە لەسەر ئینتێرنێت:

www.kurdistanmedia.com
e- mail:
kurdistanmedia@yahoo.com

http://www.pdk-iran.org
e- mail:
pdkiran@club-internet.fr


## گوێ لەم فریشتانە بگرن!

### بە بۆنەی ١ی ژووئەن، ڕۆژی جیهانیی منداڵانەوە

**ماددەی ٣١ (مافی یاریکردنو کاتی حەسانەوە)**

١ـ حکوومەتەکان مافی منداڵان لەبارەی یاریکردنو هەبوونی سەرگەرمیو کاتی حەسانەوە بە ڕەسمی دەناسن. منداڵ دەتوانێ ئازادانەو بە شێوەیەکی چالاکانە لە کاروباری فەرهەنگیو هونەریی گونجاو لەگەڵ تەمەنی خۆیدا، بەشدار بێ.

٢ـ حکوومەتەکان سەرنج دەدەنە مافی منداڵان لەبارەی تێکۆشانی فەرهەنگیو هونەرییەوەو، بە کارو هەنگاوەکانی خۆیان، پشتیوانیی لێدەکەنو پێویستییەکانی تێکۆشانی فەرهەنگیو هونەریو کاتی حەسانەوەو سەرگەرمکردنیمنداڵ دابین دەکەن. بەیاننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی منداڵانەوە.



ئەگەر وەك پەپوولە باڵم دەبوو، دەفڕیم. لەداخی ئێوە ئینسانە گەورەکان دەچوومە جێیەك نە تەقەی تفەنگ، نە گرمەی تۆپو خومپارە، نە بۆنی بارووت، نە هاشەی فڕۆکەی بۆمبهاوێژی لێ با. بەڵام بەداخەوە باڵم نین.



جاری هەر منداڵم ئەوە خوێندنی زانستگەم تەواو کرد. ئەدی ئاواڵی ئێوەم لەبەر تەمبەڵیو کەمتەرخەمی دیپلۆمیشتان پێ وەرناگیرێو هەموو ساڵێ رەت دەبنەوە!



دەزانی چی؟ منیش لەوانە بێزارم کە لەهیچو خۆڕایی گیانلەبەری بەستەزمانی وەك تۆ، یا ئێمەی جگەرگۆشەو کەسوکاری خۆیان ئازار دەدەن.



وەرە! ئەگەر باوەڕ ناکەی بە چاوی خۆت بیبینە. ماشێنیان داوەتە دەست منداڵی وا، هەر دوو سێ بست لە من گەورەترە!



کۆمپیوتێرو ئینتێرنێت بۆ ئێمە باشە، پڕە لە یاریی منداڵانە. بەڵام ئێوە گەورەکان هەر بۆ مەبەستی خۆتان بەکاری دێنن.




خۆ بەوەی نیە ماڵەکەم کارتۆنێکە، لە ماڵی شاش خۆشترە، پڕە لە خۆشەویستی. توخودا هێلانەکەم لێ تێك مەدەن!

## سیگار، ساڵێ پەنجاهەزار کەس لە خەڵکی ئێران دەکوژێ



بە گوێرەی ئامارەکانی وەزارەتی بێهداشتی کۆماری ئیسلامی، سەدی ١٢ی خەڵکی ئێران سیگارکێشنو ساڵێ ١٠٠ میلیارد تمەن خەرجی کێشانی سیگار دەکرێ. ئامارەکانی وەزارەتی بێهداشت هەروەها نیشان دەدەن کە ژمارەی سیگار کێشەکان لەنێو لاوانی وڵاتدا، لەم دوو ساڵەی دواییدا سەدی ١٧ بەرەو ژوور چووە. کاربەدەستانی وەزارەتی بێهداشت ڕایان گەیاندوە کە کێشانی سیگار، ساڵێ پەنجا هەزار کەس لە دانیشتووانی ئێران لەنێو دەباو تەمەنی ئەوانەی روو دەکەنە سیگار کێشان، هەروا دێتەخوارێ.

حەسەن ئەییووبی، سەرۆکی ئیدارەی بەربەرەکانی لەگەڵ مەواددی موخەددیری هێزە ئینتیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی لە وتووێژ لەگەڵ هەواڵدەریی "ئێرنا"دا ڕایگەیاند: "بە گوێرەی ئامارەکان سەدی ٩٠ی ئەوانەی گیرۆدەی مەواددی موخەددیر بوون، پێشتر سیگارکێش بوون".

بەرهەمهێنان، لە دەرەوەڕاهێنانو دابەشینی سیگار لە ئێراندا، پێشتر لە پاوانی دەوڵەت دابوو، بەڵام دوا بە دوای دەست پێکردنی ڕەوتی تایبەتیکردن (خصوصی سازی)ی کاروباری دەوڵەتی، هێندێك گەڵاڵە بەمەبەستی سپاردنی بەرهەمهێنانو واریدکردنی سیگار بە کەرتی تایبەتی لە گۆڕێ دان. لەو پێوەندییەدا محەممەد ڕەزا مەسجیدی سەرۆکی "کۆمەڵەی بەربەرەکانی لەگەڵ بەکارهێنانی دوخانیاتی ئێران" ڕایگەیاند: "هەڵوەشانەوەی پاوانە دەوڵەتییەکان دەبێتە هۆی هاتنی کۆمپانیا گەورەکانی بەرهەمهێنانی سیگار بۆ بازاڕی ئێران کە ئەوانیش بۆ وەدەست خستنی قازانجی زیاتر، دەست لە هیچ کردەوەیەك ناگێڕنەوە".

ئەمساڵ، لە پێشوازی ١٠ جۆزەردان، ڕۆژی خۆبواردن لەکێشانی سیگار، لە جیاتی ئەو ڕۆژە، "حەوتووی بێ دوخانیات" لە ئێراندا بەڕێوە چوو. ستادێك کە بەرپرسایەتیی بەڕێوە بردنی بەرنامەکانی ئەو حەوتوویەی گرتبووە ئەستۆ، ڕۆژی ٨ی جۆزەردان لە ڕاگەیەندراوێکدا داوای لە خەڵك کرد ڕۆژی شەممە١٠ی جۆزەردان هیمەت بکەن با ڕۆژێکی بێدوخانیات تێپەڕ بکەن. لە فرۆشەرانی سیگاریش داوای کردبوو لەم ڕۆژەدا سیگار نەفرۆشن. لەقاوەخانەکانیشی ویستبوو، لەم ڕۆژەدا قلیان هەڵبگرن.

## سەرکەوتنی هونەرمەندێکی لاو لە گوتنەوەی گۆرانییەکانی حەسەن زیرەکدا



شەوی ٢٠٠٣/٥/٢٩ (٧ی جۆزەردان) بەرنامەی هونەریی "ئاوێنە" لەتەلەفزیۆنی "کوردسات"، لە درێژەی یادکردنەوەو ڕێزنان لە گۆرانیبێژانی کۆچکردووی کورددا، سێهەم ئاڵقەی یادکردنەوەی هونەرمەندی نەمر حەسەن زیرەکی پێشکێش کرد. ئەمجارەش بە پێی ڕەواڵی بەرنامەکە ژمارەیەك لەو کەسانە بانگهێشتن کرابوون کە ئۆگری دەنگی حەسەن زیرەك بوونو لاسایی دەنگی ئەو هونەرمەندە دەکەنەوە.

لە چەند شارو ناوچەی کوردستانی ئێرانیشەوە، کەسانێك لەو بەرنامەیەدا ئامادە بوون. یەك لەوان لاوی دەنگخۆشو بە بەهرە ئەسعەد عەبدینژاد، خەڵکی شاری شنۆ بوو کە لە کۆتایی بەرنامەکەداو بە گوێرەی بیروڕای پسپۆڕانی بەرنامەی ئاوێنە، لە نێو هەر ٩ کەسی بەشداری ئەم ئاڵقەیەدا، بە سەرکەوتووترین کەس ناسێنرا.

"ئەسعەد عەبدینژاد" کە ئەندامی کۆڕی هونەریی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانە، لە بەرنامەی ئاوێنەدا گۆرانیی "گەوهەرێ"ی حەسەن زیرەکی پێشکێش کرد.

پیرۆزبایی لەو هاوڕێ دەنگخۆشو بە بەهرەیەمان دەکەینو ئاواتمان سەرکەوتنی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتریەتی لەکارو تێکۆشانی هونەریدا.

## لە پێناوی ڕەفتارێکی ئینسانی لەگەڵ پەناخوازاندا



عەبباسی ئەمینی، پەناخوازێکی کوردی ئێرانییە کە لە ئینگلستان دەژی. ئەو پێشتر لە زیندانی کۆماری ئیسلامیدا بوو، بەڵام ڕای کردو بە قاچاغی خۆی گەیاندە ئەو وڵاتە. دوو ساڵان چاوەڕوانی کێشا تا داخوازی پەنابەرییەکەی لە لایەن کاربەدەستان وەڵام درایەوە. ڕۆژی ٨ی جۆزەردانی ئەمساڵ دەوڵەتی بریتانیا پێی ڕاگەیاند کە داواکەی قبووڵ ناکرێو دەبێ ئەو وڵاتە بە جێ بێڵێ. بۆیە بە نیشانەی نارەزایەتی دەربڕین لە ڕەفتاری کاربەدەستانی بریتانیا لەگەڵ پەنابەران، مانی لە خواردنو و خواردنەوە گرتو نەك هەردەم، بەڵکو هەر دوو چاو و گوێی خۆشی بە دەزوویەکی شین دروو.

مانگرتنی هەباس حەوتوویەکی خایاندو ئەگەر لەوە پتر درێژەی کێشابا، گیانی لە دەست دەدا. بەڵام پاش ئەوەی ئاگادار کرایەوە کە دەوڵەتی بریتانیا ڕەزامەندیی خۆی بۆ مانەوەی ناوبراو لەو وڵاتە پیشان داوە، مانگرتنەکەی شکاند. دۆستانو پشتیوانەکانی، هەباسیان لە ماڵەکەی خۆی لە ناتینگهام ڕا هێنایە پارکێکی نزیك ماڵەکەیو لە پێش میکرۆفۆنو کامێرای کاناڵە تەلەویزیونییەکان، پەرستارێك لە سەر تەختێك ڕایکێشاو تەقەڵەکانی زارو چاوو گوێی هەڵبڕی.

## سینەمایەکی شاری قوم ئاگری تێبەردرا

بەدوای پێشاندرانی فیلمی سینەمایی "دژکردەوەی پێنجەم" کە خانمی تەهمینەی میلانی، دەرهێنەریەتی، کۆمەڵێك لە توندرەوو دەمارگرژەکانی ئەو شارە کە سەر بە قۆڵی ڕاستی ڕێژیمن، هێرشیان بردە سەر سینەمایەك کە ئەو فیلمەی پێشان دەداو جگە لە پەردەی فیلمەکە، دەرکی سینەماکەشیان ئاگر تێبەردا.

ئەکبەری کەرەمی، ڕۆژنامەنووسێکی ئەو شارە لەو بارەوە بەڕادیۆ فەردای گوت، نێوەرۆکی فیمینیستیی فیلمەکەو دەست نیشانکردنی ئەو قانوونانەی لەبارەی حقووقییەوە گیروگرفتی جۆراوجۆریان بۆ ژنان دروست کردوە، بوو بەهۆی تووڕەیی توندڕەوەکانو هێرشیان بۆ سەر سینەما. ئەو فیلمە نزیکەی دوو حەوتوو بوو نیشان دەدرا.



تەهمینەی میلانی

## بەر لە ماڵاوایی

## "کوڵی گریانێکی خەست"

پێشکێشە بە هەموو ئەودایکانەی دوور لە کوڕو کچە تێکۆشەرەکانیان سەر دەنێنەوە

ع. وریا

چەند ڕۆژێکە
کوڵی گریانێکی خەستم هەڵگرتووە
هیچ دڵپڕێك،
چەند مانگێکە
گەرووم پڕە لە ئاوازو هیچ بیسەرێك،

چەند ساڵێکە دیوانم پڕە لە شێعرو
هیچ خوێنەرێك،
نادۆزمەوە
کە فرمێسكو ئاوازو شێعرێکی
لە لا جێ بهێڵم*

پار ئەم ساتانە تۆ لە سەر تەختێکی نەخۆشخانەیەکی ورمێ بەدەم بەربەرەکانی لەگەڵ مەرگەوە چاوت بڕیبووە دەرگای ژوورەکەت. دەتزانی ئەمجارەیان دەرچوون لە دەست مردن مەحاڵەو ئەمە دوا سەعاتەکانی ژیانتە. دەتڕوانییە دەرگای ژوورەکەت بۆ ئەوەی بزانی کام یەك لە جگەرگۆشەکانت دێنە لاتو لە سەرەمەرگو لە کاتی ماڵئاوایی یەکجاریدا لە پەنات دەبن. خۆ ئەگەرچی زمانت لە گۆ کەوتبوو و تەنیا بە چاوە پڕ فرمێسکەکانت دەدوای، بەڵام من لێرەوە دەزانم ئەو ئاواتەی لەو ساتەدا بیرو مێشکتی بە خۆوە خەریك کردبوو، ئەو خۆزگەیەی لەو ساتەدا لە دڵتدا بوو و نەهاتەدی، چی بوون. دەزانم لە دوا ساتەکانی ژیانتدا بۆ منت دەڕوانی. چونکە لە هەموو جگەرگۆشەکانت زیاتر دووریت چێشتبوومو دووریم چێشتبووی. بۆ منت دەڕوانی کە لە ماوەی ئەم ٢٠ ساڵەی دواییدا بە هەموویەوە کەمتر لە ١٠ جاران یەکترمان بینی. بۆ من کە ئاواتت بوو ڕۆژێ لە ڕۆژان کۆتایی بەم جیاییو دابڕانە دوورو درێژەی نێوانمان بێو تۆش لەگەڵ هەموو دایکە پێشمەرگەکان لە سێبەری سەرکەوتنو ئازادیدا لە سەر خاکی نیشتمانو لە نێو زێدو ژینگەی خۆماندا، باوەش بەجگەرگۆشەکەتو هاوسەنگەرانیدا بکەیو، ئەوکات بەخەیاڵی ئاسوودەوە سەر بنێیەوە.

پار، کە هەواڵی تاڵی مەرگی تۆیان پێدام، بیرم لە هاوینی ساڵێك پێشتر کردوە، لە دوا دیدارمان. من چووزانم ئەوە دوا دیدارمانەو تازە یەکتر نابینینەوە؟ بم زانیبا کە ئەمە دوا سەفەرت بۆ ئەم دیوەی سنوور دەبێ، بم زانیبا جارێکیتر ئەم پەیکەرەی سۆزو بەزەییو خۆشەویستیو میهرەبانی، ببڕای ببڕای نابینمەوە، دەبوومەوە بە منداڵە دایك پەرستەکەی جاران و، بۆ قەرەبووی زیاتر لە سێ دەیە دووری بە بۆنەی خوێندن و تێکۆشانەوە، خۆم داویشتەوە ئامێزت. هەتا هیلاکم دەکردی دەستم لە ملت وەردەهێناو لە بۆنی پرچی سپیوگەرمایی ئامێزی دایکانەت خۆم تێر دەکرد. ئەستۆی شکاو و ڕانی وردم! نەمزانی ئەمە دوایین دیدارمانە، ئەگینا بە بۆنەی ئەو هەمووە فرمێسکەی لە دووریی مندا ڕشتبووت، سەبارەت بەو هەمووە دڵەخورپەو بێخەوییانەی کە بیرکردنەوە لە مەترسییەکانی سەر ڕێی ژیانی من بۆیان دروست کردبووی، لە بری ئەو هەموو دوعاو نزاو ڕازو نیازە بێگەردو خۆمانەیەی ڕۆژێ پێنج جار لە سەر بەرماڵەوە بە گوێی خودای خۆت دەگەیاندو زۆر بە تێڕادیوی سەرکەوتنی پێشمەرگەو حیزبو شۆڕشت لێدەویست، بەڵێ لەبری ئەو ئەو ئازارو نارەحەتییانەی لە سۆنگەی پێشمەرگایەتیی منەوە، تووشی خۆتو جگەرگۆشەکانت هاتبوون، لەبەرامبەرتدا دەنووشتامەوە، هەر دوو دەستم ماچ دەکردیو بە نیازی گەردن ئازادی پێم دەگوتی:

بە گەورەیی خۆت بمبوورە کە نەمتوانی بۆت ببم بە داری بەریو، لە سێبەرمدا نەحەسایەوە. بمبوورە کە سەبارەت بە خزمەتکردنی دایکە گەورەی هەر هەموومان، دایکی نیشتمانو، لە پێناوی خزمەت بە حیزب و گەلدا، خزمەت کردنی تۆم وەلانا. بمبوورە کە هەر ئەوەندەم لە دەست هاتوە نەبمە مایەی شەرمەزاریو ڕەنج بەخەساریت. دڵنیابە ئەگەر توانیومە لە مەیدانی خزمەتی گەلو نیشتمانیشدا ڕووسوور دەرچم، پیش هەر شتو هەموو کەسێ لە تۆی دەزانم. وامەزانە چونکە ژنێکی زەحمەتکێش و نەخوێندەوار بووی، شوێنو کاریگەریت لە سەر من ، لە مامۆستاکانی دیکەی ژیانم کەمتر بووە. لە تۆوە فێر بووم مرۆڤەکانم خۆش بوێو وجوودی خۆم لە ژاری ڕقو کینەو نەفرەتو بوغزو حەسەد دوور ڕابگرم. لە تۆوە فێر بووم میهرەبان بم. هەتا بۆم بکرێ خزمەتی ئینسانەکان بکەمو ئەگەر هیچ چاکەو خزمەتێکیشم لە دەست نەیە، خراپەیان نەکەم. تۆ ، بە بێئەوەی دەرسم دادەی، بەو هەمووە سۆزو بەزەییو عاتیفەی لە ڕەفتاری ڕۆژانەتدا لێم دەدیتیو، بەو هەمووە هاوخەمیو هاودەردییەت لەگەڵ دەرو جیرانو کەسانی لێقەوماوو بێئەنواداو، بە فرمێسكو مەینەتەکانت، وات لێ کردم "دایك"، وەك فریشتەیەكو، "ژن" وەك پەیکەری میهرەبانیو خۆشەویستیو چراو ئاورگی ماڵو، "کچ"، وەك ئەو بوونەوەرە مەعسوومو پیرۆزەی کە دەبێ ڕێزی لێبگیرێ، سەیر بکەم. هەر بۆ نیشانەی گەورەییت، ئەوەندە بەسە کە بۆ تاقە جارێکیش لۆمەت نەکردم کە بۆچی بە جێم هێشتوویو بۆ تاقە جارێکیش هەوڵت نەدا لە ڕێگایەکی پیرۆز کە گرتوومە بەر، ساردم بکەیەوە. مەزنی لە مە زیاتر کە پێت وابوو ئەو خزمەتەی کوڕەکەتو هاوسەنگەرانی لە پێناوی ڕزگاریی گەلو وڵاتەکەیاندا دەیکەن، لە لای خوداوەند بە قەد نوێژو ڕۆژووو چاکەو ئیحسانەکانی خۆت نرخیان هەیە؟

لە یەك ساڵەی دوا کۆچتدا، حەزم دەکرد مەودای دووریی نێوانمان چیا بە چیا،کوێستان بە کوێستانو مێرگ بە مێرگ ببڕم. لە تاریكو ڕوونی بەیانیی ٧ی جۆزەرداندا و بەدەم وەرد دانەوەی بیرەوەرییەکانی سەردەمی منداڵیم لەگەڵ تۆدا، لە "گادەر" بپەڕمەوە، لە "کلکەی شەڕگە" سەرکەومو، بە ئامێزێك گوڵی چیاییەوە بێمە سەر گڵکۆکەت. بەڵام بۆم نەڕەخسا. هەر بۆیە لێرەوە، لە سووچی ئەم خەمخانەیەی خۆمداو، دووراودوور یادم کردییەوە. دڵنیاش بە ئەگەر هاتوو بەخت یارمەتیی نەدام کە بە سەردان، یا بە یەکجاری بێمەوە باوەشت، لە هەر جێیەكو لە هەر تەمەنێك دابم، هیچ کاتێك لە بیرم ناچێ بیڵێمەوە:

**"ئەم خۆشەویستییەت لە دڵی پڕ پەژارەما**
**تێکەڵ بە شیر مژیمو لەگەڵ گیان دەچێتە دەر"**

* کورتە شیعری "تەنیا"،مارفی ئاغایی